ڕۆمان

# خەیاڵاتی بێهوودە

فەڕوخ نێعمەتپوور



# خەیاڵاتی بێهوودە

**ڕۆمان**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**ڕێک ئەو ڕۆژەی دەنگی قریشکەیەکی سەیر بۆ چەندین و چەندمین جار گەڕەگی تەنییەوە، ساڵانی ساڵ لە ونبوونەکەی باوکم تێدەپەڕیٚ و، هەر ڕێک لەو ڕۆژەیش دا بوو من بڕیارم دا ببمە نەتەوەیی و سروودی نەتەوەیی خۆمان و هەروەها هی نەتەوەکانی تریش فێربم. ئەگەرچی لەناخی دڵمەوە حەزم بە هی ئەوان نەبوو و تا دەمتوانی خۆم بە سروودەکەی خۆمەوە سەرقاڵ دەکرد! ئەو سروودەی هەموو ئازای جەستەمی دەهێنایە لەرزین و ڕۆحمی دەخستە ناو کف و کوڵێکی سەیری بیٚ وێنەوە. تا لەبیریشم نەچووە با پێتان بڵێم کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەینی بوو.**

**لەو ساڵەوە باوکم ونبووە، بنەماڵەی ئێمە هەر هەموومان بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرقاڵی دۆزینەوەی سەرەداوەکان و بەسەرهاتی چیرۆکی ئەم ونبوونەین، بەڵام بەداخەوە هەتا ئیستا نەمانتوانیوە سەری ئەم رازە بەتەواوی هەڵبدەینەوە. رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێ هەندێ لە ئەندامانی بنەماڵە چیرۆکەکەیان لا گرینگ نیە، هەندێکیان بە ئاستەم لایان گرینگە و هەندێکیان لایان گرینگە و بەڵام ناتوانن سەرەداوەکان بە جوانی پێکەوە بلکێنن،... سەرئەنجام ئەوەیکە هەندێکی تریان چۆنیەتی چیرۆکەکە دەزانن (هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی)، بەڵام نایانەوێ بیدرکێنن!... بۆچی؟... کەس نازانێ.**

**من رام وایە.**

**هەڵبەت پێتان وانەبێ ئەو هەینیەی من بووم بە نەتەوەیی، لە نێوان ئەم بڕیارەی من و قریشکەکە پێوەندێک هەبوو. نا، بە پێچەوانەوە، بەرێکەوت بەسەر یەکتردا کەوتین. وەک دەڵێن رێکەوتیش رێکەوتە، بەدوور لە هەرچەشنە ئەقڵ و مەنتیقێک. دەکرێ نەتەوەیی بوونی من و قریشکەکە وەک هەموو شتەکانی تری دونیا کە بەڕێکەوت لەگەڵ یەک روودەدەن، ئەوانیش پێکەوە روویاندابێ، بە بێ هیچ چەشنە پەیوەندی و بڕیارێکی لەوەپێش، بەڵام کێشەکە لەوەدایە خەڵکی پێیان وایە لە**

نێوان قیژەکە و بڕیارەکەی مندا ئەگەرچی نیوسەعاتیان بەینە، پێوەندێکی تۆکمە هەیە. پەیوەندێک لە چەشنی دەروونی نەک دەرەکی. منیش هەرچی پێیان دەڵێم وانیە و رێکەوتە، فایدەی نیە. ئەگەرچی بە درێژایی ساڵانی ساڵ هەوڵمداوە قەناعەتیان پێ بێنم و لەم رێگایەیش دا زۆر روونکردنەوەو ئاگاداری و لێکۆڵینەوەم داوە، بەڵام نائومێدانە ماومەتەوە و ئیستا وازم هێناوە و هەوڵ دەدەم لەگەڵ ئەو راستییە رابێم کە زۆر جار شتەکانی ژیانی مرۆڤ لەدەسەلاتی خۆیدا نین و ئەوە کەسی تر و رەوتی ترە بڕیاری لەسەردەدا.

بۆیە بۆ هەمیشە لە قەناعەت پێهێنانی خەڵکی وازم هێنا، ئەگەرچی پیاوی نەتەوەیی زۆر مکوڕ و پێداگرە لەسەر سەپاندن و چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی بیروڕای خۆی. هەنووکە ئیتر ئەوانن بڕیاری دەدەن. لەمێژە. منیش بەم دۆخە بە جوانی عادەتم گرتووە.

هەروەها رەنگە پرسیار بکەن بۆ بووم بە نەتەوەیی. لە وەڵامدا دەبێ بڵێم بۆخۆیشم نازانم. رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێ کە بیر و ئایدیاکان وەک تیشکە نادیارەکان هەمیشە لە شوێنێک بە دەورووبەرمانەوەن و بە بێ ئەوەی بیانبینین دێن و دەچن. من پێموایە ئەوانن ئێمە هەڵدەبژێرن، نەک ئێمە ئەوان (کەواتە دەبێ ببورن کە لە سەرەتادا وتم 'بووم بە

**نەتەوەیی' چونکە لە ئەساسدا کرام بە نەتەوەیی). بیرەکان وەک زەردەواڵە و مێشهەنگوێن وانە، کتوپڕ لەکاتێکدا ئاگات لەخۆت نیە بە پشت ملتەوە دەدەن و وەها چزەیەکت لێهەڵدەستێنن کە ئازارەکەی بۆ ساڵانی ساڵ فەرامۆش نەکەی. ئازارێکی خۆش کە هەتا دێت رووە ناخۆشەکە زیاتر و زیاتر دەبێ. رەنگە دیسان بپرسن بۆ رووە ناخۆشەکەی (دەزانم لەم ژیانەدا پرسیار زۆرە)، لە وەڵامدا دەبێ بڵێم کە چونکە هیچ شتێک بەقەدەر ئایدیاکان خەڵەتێنەر نین، هیچ شتێک بەقەدەر ئەوان، لە هەمان کاتدا کە هەوڵدەدەن واقع و دەورووبەر بنوێننەوە، بەڕێی هەڵەدا ناڕۆن. رەنگە هۆکارەکەیشی ئەوەبێت کە ئەوان لەهەموو بوونەوەرێکی تر لەم جیهانەدا جورئەتیان زیاترە و بۆیە مل پێوەدەنێن و دوواتر دەزانن کە نەخێر وانەبووە.**

**بەهەرحاڵ!**

**من رێک سەعاتی نۆیی بەیانی رۆژی جومعە بوو ئەم بڕیارەم دەرکرد و پێم وابێ سەعاتی نۆ و نیویش بوو قریشکەکە گەڕەکی تەنییەوە. ئەمەم بە جوانی لەبیرە. لەبیرمە چونکە هەموو رۆژێ سەعاتی نۆ باوەگەورە تاقمی دیانەکانی دەردێنێ و لە حەوشە لەبەر شێری ئاوەکە بە فڵچە خەریکی شۆردنیان دەبێ. پاشان بە ئارامی دەیخاتەوە دەمییەوە و پاش**

**کەمێک سەماکردنی سەیر و سەمەرە بە لێو و بە کوڵم و شەویلکەکانی (بۆ جێگیرکردنی تاقمەکانی)، دووجار وەک ئەسپ دەم دەکاتەوە و هەر سی و دوو دیانی دەردەخا و پاشان بەرەو ژوورەکەی خۆی دەڕواتەوە. وەک باسم کرد ئاخرین دەمکردنەوەی باوەگەورە زۆر لە پێکەنینی ئەسپ دەکا، مەبەستم ئەو ئەسپەیە لە فیلمی کارتۆنیی رۆژانی هەینی دا پێدەکەنێ. ئەو پێکەنینەی جاری وایە نیوەشەوان من بەئاگا دەکاتەوە و دەبێتە هۆکاری خەندەی شێتانەی من لە دەروونی تاریکیی ژوورەکەم دا. بەڕای من ئەمە سەرنجڕاکێشترین دیمەنی باوەگەورەیە، لەبەر ئەوەی ئەو قەت لە ژیانیدا پێناکەنێ. باوەگەورە هەمیشە ناوچاو تاڵ، دەم قونجاو و مڕومۆچە.**

**کارم بەمە نیە. ئەمەم گێڕایەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە چەندە جوان ئەو رۆژەم لەبیرە. کە باوەگەورەیش چووەوە ژوور، حەوشەکە بۆ ماوەیەک وەها بێ سرتە و بێدەنگ هەڵگەڕا، نەبێتەوە. ئەمەیش بۆ ئەو حەوشەی منی تیادەژیم کەمێک سەیربوو. ئاخر بە دەوری حەوشەکەدا سێ خانووی لێیە بە چوار بنەماڵەوە (خانوویەکیان دوو قاتە) دوو بنەماڵەیان دوو براکەی منن کە هەر کامەیان خاوەنی ژن و یەک منداڵن و دوو بنەماڵەکەی تر، یەکیان من وئەوی تریان باوەگەورەیە کە بە**

تەنیا دەژین. ئەو رۆژە من بڕیارەکەم دەرکرد، هیچ کام لە ئەندامانی بنەماڵەکانی تر لە دەرەوە لە ناو حەوشێ نەبوون. هەموویان لە ژوورەوە بوون. ئەمەیش کەمێک سەیرە. چونکە سەعات نۆ کەمێک درەنگە و ئیتر خەڵک کەمکەم دەردەکەون.

من بەم بڕیارەی خۆم زۆر خەنی بووم. کتوپڕ دونیام لەبەرچاوەکاندا رووناک بووەوە. حەوشە سەرتاسەر چیمەنتۆکە کە پێم وایە خەمگینترین دیمەنی مومکینی دونیایە، بوو بە باغێکی سەرتاپا پڕی درەخت و گوڵی رەنگاوەڕەنگ. من پێکەنیم. قاقای پێکەنین وەها جەستەمی رادەشەکاند کە سک و ملم کەوتە ژان، بەڵام پێم وانەبێ هیچ کام لە دانیشتووانی تری حەوشەکە گوێیان لێم بووبێ. بە خۆشییەوە هەر چوار خانووەکەی ئێمە پەنجەرەکانیان وەها مووبڕکراون کە تەنیا رەنگی لێوە دیارە نەک دەنگ. بۆیە گەر کەسێک لە کاتی پێکەنینەکاندا لەو دیو چاوەشووشەکانەوە بتبینێ، پێی وایە لەگەڵ دێوانەیەک رووبەڕووە کە پێکەنینی تەنها وەک دەمکردنەوەیەکی شێتانە ناسیوە و بەس.

ئەو رۆژە باوەگەورە وەک گاڵتەپێکردن بە من و پیشاندانی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە پێکەنینە شێتانەکەی من، هاتە پشت پەنجەرەکەی، تاقمی

**دیانەکانی دەرهێنا، بە شووشەکانییەوە نا و وەک پێکەنین کەوتە جووڵاندنیان. بەڵام ئەمەیش منی رانەوەستان. بەردەوام بووم. بەردەوام بووم چونکە کتوپڕ هەستم کرد ژیانم بووە بە خاوەن مانایەکی گەورە و چیتر ساتەکانی ژیانی رۆژانەم تەنیا چرکە سادەکان نەبوون. کتوپڕ هەستم بە گەورەیی خۆم کردبوو، بە هەڵاوسانی جەستەم و کشانی هەتا دیوارەکانی ژوورەکەم. لە چۆلەکە بوون دەرچووبووم. چەندە حەزم دەکرد باران دابکا و هەورێکی رەش و چلکنی پاییزە باخی خەیاڵیی ناو حەوشەکە تەڕتەڕ بکا.**

**با ئەوەیش بڵێم ئەگەرچی من ئەو رۆژە بۆ یەکەم جار بوو قیژەکەم وەک خۆی، سەرەڕای مێژووی درێژی، دەبیست، بەڵام زۆر خێرا لەبیرم کرد و چیتر زەینم نەچووەوە سەری. بڕیارم دا وەک کەسێکی نەتەوەیی گوێ بە قیژەی ژنان نەدەم، بەتایبەت ئەو ژنانەی کێشەی ناموسیان لەسەرە و بە چاوێکی باش کەس سەیریان ناکا. هەروەها بەخۆخرکردنەوەم لەسەر بیرە نوێیەکەم لەبەر خۆمەوە سوێندم خوارد بۆ هەمیشە وازی لێنەهێنم و بۆ هەتاهەتایە وەک بیلبیلەی چاوەکانم بیپارێزم. من ئەو رۆژە خۆم وەک نەتەوەییترین کەسی دونیا هاتە بەرچاو.**

**بەڵام سەبارەت بە خەڵکی گەڕەک. خەڵکی دەڵێن لە پشت تاقە دەرگای ئاسنینی گەڕەکەوە (کە دەرگاکەی ئێمە بێ)، ماوەیەکەی چاکە جاربەجار گوێیان لە دەنگی قریشکە و قیژەێکی ژنانەیە کە بە گوێی کۆڵاندا بێ بەزەییانە بە شێوەیەکی سامناک دەچرپێنێ! دەنگەکە نەک تەنیا کۆڵان، بگرە دەگاتە خانووەکانی دەوروبریش و بۆ چەند ساتێک دەبێتە هۆی بێدەنگی، گوێ هەڵخستن و پاشان قسەکردنیان لەسەر ئەوەی داخۆ ئەو زریکەیە چییە و بۆچی ناوەناوە دووپات دەبێتەوە و ئاسمانی گەڕەک رەش رەش دەتەنێتەوە. هەرچەندە دەشزانن چییە! دراوسێ هەرە نزیکەکان گێڕاویانەتەوە. ئەوان لە نێوان دیوارەکانەوە گوێیان لێبووە چی قەوماوە. وەک بۆخۆشیان دەڵێن تەنانەت مشک، جرج، مێروولە و چۆلەکەکانیش بۆیان باس کردوون. چونکە ئەمە هەواڵێکە کە دەبێ هەموو کەس گوێی لێ بێ و بیزانێ! ئەگەرچی پێیان وایە ئەم هەواڵە تەنیا مافی ئەوانە و نابێ خەڵکی تر بەتایبەت گەڕەکەکانی تر بیزانن،... ئەگەرچی خۆیان ناگرن و بەدەنگی نزم هەر بۆ ئەو خەڵکەی دەگێڕنەوە کە بۆخۆیان پێیان وابوو نابێ بیزانن!**

**تەواوی شار چیرۆکی قیژەکەی حەوشەکەی ئێمەیان بیستووە. رەنگە تەواوی نیشتمانیش. کێ دەزانێ.**

قیژەکە زۆر سامناکە. ئەوەندە سامناکە کە تەنانەت باوەگەورەیش بە تەمەنی دوورودرێژی خۆی شتی وای لەبیرنایەت. بگرە کاتێک ژنەکەیشی مرد، کەس بەم شێوەیە نەیزریکاندبوو، نە لە ماڵەوە و نە لە سەر قەبران. ئەم زریکەیە دڵ دەبڕێ، مێشک کاس دەکا و جۆرێک لە پووچی و لەبەتاڵبوونەوەی دەروون لەگەڵ خۆی دێنێ. لەو پووچییانەی کە تێیدا باوەڕ بەژیان بۆ هەمیشە ماڵئاوایی کردووە. وەها کە ئیتر هیچ ئومێدێک بۆ گەڕانەوەی نیە. قیژەیەک وەک بیابانێکی بەرەهوت، وشک و قاقڕ پڕ لە دووپشک و پەزپەز. دووپشک لە هەموو چەشنێکی. جۆرەها، لە رەش و زەردی، لە بچوک و گەورەی، بە تایبەت لە جۆری دەشتی عەربەت، کاتیک چەند ساڵ لەسەر یەک وشکەساڵییە. بەو مارانەوە کە ئەوەندە زەهراوین جاری وایە لە تامی تفت و تاڵی دەمی خۆیان رەق هەڵدێن و دەمرن. ئەو بیابانەی کە نە ئاوی لە بیرەوەریدا ماوە و نە بارانی بەهار، بگرە بارانی هیچ وەرزێک. وەک بڵێی هەورەکان بۆ هەمیشە لێی تۆرابن و روویان لە شوێنی دیکە کردبێ.

قیژەکە لە ژێرزەمینییەکەوە دێتەدەر. ژێرزەمینییەک بە دەستی راستی خانووەکەی باوەگەورە (بە دەستی چەپی خانووەکەی مندا و لەبەرامبەری خانووە دوو قاتەکە). سەیرە، ئەگەرچی دەرگاکەی بچووکە

و یەک پەنجەرەی رۆچنەئاسای تیایە، کەچی دەڵێی رێک لەناو حەوشەکە لە هەوای ئازاددا دەنگەکە دەنگ هەڵدەبڕێ. دەرگا و پەنجەرەکە لە بڵیندگۆ دەچن. دەنگ بە سەد قات گەورە دەکەنەوە. بەڵام من ئەو رۆژە بڵیندگۆکانیشم فەرامۆش کرد. تەنیا پێدەکەنم، جەستەی کشاو و فشم زیاتر دەکشێنم و دەیفشێنم و، زیاتریش بە باڵای بیری تازەم دا هەڵدەزنم،... شۆڕشۆڕ دەبمەوە.

من، 'غوڵامی سەڵت' کە لەو رۆژەوە سەعاتی نۆ ببووم بە نەتەوەیی، ئیتر ناویان لێنام 'غوڵامی نەتەوەیی'. یان بەکورتی 'غوڵامی نەتەوە'. پێشیم وایە کە ئەم دوو وشەیە زۆر جوان پێکەوە گونجاون. وەک بڵێی باوکم لە ئەزەلەوە دەیزانی کە من رۆژێک دەبمە نەتەوەیی و ئەم نازناوە بە ناوەکەمەوە دەچسپێ، بۆیە باشترین ناوی هەڵبژاردبوو! غوڵام.

قیژەکە سەرلەبەیانیان دێت. 'گوڵێ لێوبەبزە' بە دەم ناقیژێنێ، بەڵکو بە گیانی و بە ژیانی دەقیژێنێ. من بەرێکەوت لەمێژە هەستم بەمە کردووە. باوەگەورە جارێکیان سوێندی خواردبوو کە ئەگەر دیانەکانی کاتی خۆی نەدەکەوتن، بێگومان بەم قیژانەیش بایە هەر دەکەوتن! ئەو پێی وایە ئەگەر کەسێک پەیدا نەبێ و بەریان پێبگرێ، ئەوا رۆژێ

**سەرئەنجام نەک تەنیا هەرچی دیانی دانیشتووانی ئەم حەوشە و گەڕەکەیە، بەڵکو هی هەموو خەڵکی شاریش دەکەوێ. جگە لەمە کارەساتی تریش بە شوێنی دا دێ و وەک قەومی نوح تەنیا ئەوانەی دەمێننەوە کە سواری پاپۆڕەکە بوونە. ئەو دەڵێ قیژەی کچی گەنجی دڵسووتاو و هیوامراو وەک هیچ قیژەیەکی تر نیە.**

**بەڵام مەگەر کەس گوێ لە باوەگەورەی تاقم لەدیان دەگرێ! خەڵکی (لەپێش هەموویانەوە کوڕەکانی خۆی)، گاڵتەی پێدەکەن و دەڵێن "دەیەوێ شەریک بۆ خۆی بدۆزێتەوە!" من کە بە هۆی نەتەوەیی بوونەکەمەوە پێم وایە شەریک دۆزینەوە باشترین رووداوی ژیانە، جاری وایە دەگەمە ئەو رایەی دەبێ رۆژێ رێک وەک گوڵێ لێوبەبزە بقیژێنم بۆ ئەوەی هەتا دەتوانم شەریک بۆ خۆم پەیدا بکەم. بەڵام راستی مەبەستی براکانم لە شەریک چییە؟ من کە باش لە مێژووی ژیانی باوەگەورە بە هۆی کەم تەمەنیمەوە لەچاو ئەوانی تر زۆر ئاگادارنیم، لەم بەشە وازدێنم و تەنیا حەزدەکەم وەک رستەیەک لە زەینمدا بمێنێتەوە و بەس. هەرچەند جارجارە پێم وایە مەبەستی ئەوان لە شەریک ئەویە کە باوەگەورە لە رێگای گوڵێ لێوبەبزەوە، سەرنجی ئەوان زیاتر بۆ لای خۆی رابکێشێ.**

**گوڵێ لێوبەبزە دوو ساڵێکە لە ژێرزەمینیی ئەو خانووەدایە وا بە دەستی چەپی من و بە دەستی راستی خانووەکەی باوەگەورەدا هەڵکەوتووە. ژێرزەمینییەکە تەنیا یەک ژوورە. لە رۆچنەکەوە خواردنی بۆ دەخەنە ژوورەوە و رۆژی دوو تا سێ جاریش فاتێ داماوی دایکی دەیباتە دەرەوە و ئاودەستی پێدەکا. مەچەک لەناو دەست. بەو پرچە درێژ و بژەوە، کە قەت شانە نەکراوە، بەو مەکسییە درێژەوە، لەدەرەوە جوانتر پەڵەکانی دیارن. من کە زۆر بە کۆڵانەکانی شاردا دەگەڕێم، قەت لەشیوەی ئەوم نەبینیوە. قەت. بۆیە ئەو رۆژە کاتێک بووم بە نەتەوەیی، بە شێوازێک لە شێوازەکان خۆم وەک گوڵێ لێوبەبزە هاتە بەرچاو.**

**'فاتێ داماو'، هەمیشە هەوڵدەدا فرمێسکەکانی بشارێتەوە، بە تایبەت لە خولە دۆڵمەی مێردی کە کاسبێکی لایقە و وەک دەڵێن لە ژێر خۆیدا لە دووکانەکەی لە ناو تەنەکەیەکدا، کە بۆخۆی دروستی کردووە و لە ناو عەرزدا شاردوویەتییەوە (گوایا پووتەکە چوار لۆنە)، پڕی پوڵ و پارەی ئەنتیکەیە. فاتێ فرمێسکەکانی دەشارێتەوە (هەڵبەت من پێم وایە بۆخۆی پێی وایە دەیانشارێتەوە!) بۆ ئەوەی پێی نەڵێن فرمێسک بۆ کچێک دەڕێژێ کە داوێنی خۆی لە رۆژێکی گەرمی هاوینی دا پیس**

کردبوو، لە کاتێک دا هەموو خێزانی ناو حەوشەکە خەوتبوون و بێ ئەوەی بیر لە حەیا و حورمەتی خۆی و کەس و کار و بنەماڵەکەی بکاتەوە، جەستەی دابووە دەست لەززەتێکەوە کە خوا تەنیا بۆ کاتی حەڵاڵ و زاو زێ و منداڵ دروستکردن خوڵقاندبووی، نەک بۆ چاوەچاوە و کاتی عیشوە و گڕگرتنە بێهوودەکانی لەش. وە چەندەیش فاتێ داماو بۆ هەوڵەکانی خۆی لەم فرمێسک شاردنەوانەدا زیرەک بوو و چەندە خولە دۆڵمەیش سەربەرز بوو بە هەبوونی وەها ژنێک. بەڵام ئەفسووس کاتێک قسە لەسەر منداڵ بوو، خوا دەرگای رەحمەتی بەسەردا داخستبوون و بە تووش وەها نەهامەتی و ئابڕووچوونێکی کردبوون.

باوەگەورە کە بە حوکمی ئیلاهی هەر لە یەکەم رۆژەوە (بە پێچەوانەی خەڵکی)، رقی لە کورەزاکانی خۆی بوو و چاوی پێیان هەڵنەدەهات، بەسەرهاتی گوڵێ لێوبەبزەی وەک تۆڵەی خودا سەیردەکرد. تۆڵەی خودا لە هەر دوو کورەزاکەی کە لە کاتی جوانەمەرگبوونی باوکیاندا لەسەر پارەی کفنەکەی لێیان ببوو بە شەڕ. ئەو لەناو هەر سێ کوڕەزاکەیدا تەنیا منی خۆش دەویست، بۆیە لە کاتی میرات بەشکردنیش دا خانووەکەی بەرامبەری خۆی دابووە من و دوو

**خانووەکەی تری دابووە دوو براکەی تر. ئەو حەزی نەدەکرد راستەوخۆ چاوی لە چاوی وەک خۆی دەیگوت پیاوی نامەرد بێت.**

**باوەگەورە ئەوەتەی لەبیرم دێ عادەتی سەیری هەبوو. بۆ وێنە دەیتوانی لە پشت پەنجەرەکەی دابنیشێ و هەتا ئێوارە چۆلەکە بژمێرێ. یانخود لەبەر کونە مێروولەیەکدا هەڵتروشکێ و بە سەعات مێروولە بژمێرێ. ئەو ئەسڵەن سەرەڕای نەخوێندەوارییەکەی شێت و شەیدای ژماردن بوو. هاوکات خوو و خەدەی تریشی هەبوو. بۆ وێنە شێت و شەیدای زستان بوو. کە یەکەم بەفر دەباری، لەپشت هەمان پەنجەرە روو لە حەوشە دادەنیشت و بە سەعات سەیری دەرەوەی دەکرد. نیگاکانی باوەگەورە تامەزرۆترین نیگاکانی جیهان بوون. سەیری:**

**ـ کلوە بەفرە سپییەکان کە نەرم نەرم دەنیشتنە سەر زەوی،**

**ـ کلوە سپییەکان کە بە کاوەخۆ لق و پۆپی تاقە درەختی حەوشەکەیان دادەپۆشی، رازێکی ئارام،... داپۆشینێک کە نەدەبینرا!**

**ـ دنکە بەفرەکان کە لە سەر شووشەکەی بەردەمی دەتوانەوە،... رێچکەیان دەبەست و نەرم نەرم دەخزانە خوارەوە،**

**ـ هەوا، ئەوەندە کپ و مات و بێدەنگ کە چرپەی کلوەکان دەبیسترا، گەر تەنیا کەمێک زیاتر گوێت هەڵخستایە،**

ـ چۆلەکە کز و گرمۆڵە و سەرنوقمەکانی جەستەیەکی فش، ئەو پەڕ و پۆیانەی با دەیلەراندنەوە،

ـ تک... تکی شێرەئاوی حەوشە، کە دەنگی لە کپیی کلوەکاندا دەخنکا،

ـ گوێسەبانە نزمەکە کە دەبوو بە رەمزاویترین بوونی ناو حەوشەکە،

ـ ئەو بایەی لەگەڵ کلوەکان خۆی دەکرد بە سووچی پشت پەیژەی سەر بانیژەکە و لەوێ دەبوو بەو کۆمەڵە بەفرە لووس و پڕ لە هەوراز و نشێوەی لە کوێستانەکانی سەرشیوی دەکرد.

باوەگەورە تێرنەدەبوو. لەتەواوی ئەم دیمەنانەدا شتێک هەبوو ئەوی زیاتر بە خۆیەوە، بە کات و بە رازی 'هەبوون'ەوە گرێدەدا.

زستان تەنیا وەرزێک بوو ئەو تیایدا بیری لە هیچ وەرزێکی تر نەدەکردەوە. زستان هەر زۆر خۆی بوو. بە بێ هیچ بەهارێک لە پێشەوەی و هیچ پاییزێک لە دوواوەی. تەنیا تەنیا.

من 'غوڵامی نەتەوە' کە زۆرجاران ئەوم لەم حاڵەتدا بینیبوو، وام لێکدەدایەوە کە رەنگە پێوەندێک لەنێوان ژمارەی چۆلەکە و مێروولەکان لەگەڵ کلوەبەفرەکاندا دەبێ هەبێ کە ئەوی ئاوا بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو.

**باوەگەورە لە کاتێکدا سەیری دەرەوەی دەکرد، لەچەند شت نەدەگەیشت. لە:**

**ـ کلوەبەفرەکان سەرەتا کاتێک بەر زەوی دەکەوتن، دەتوانەوە، کەچی کتوپڕ دەبوون بە توێژاڵێکی سپی،**

**ـ تک تکی ئاوی بەلۆعەکە کە هەتا چاو دەیبینی تەنیا ئاو بوو، کەچی بەرەبەرە دەبوو بە سەهۆڵ و دەیبەست،**

**ـ لەگەڵ ئەوەی چاوی دەبڕییە پشت پەیژەکە، بەڵام نەیدەبینی چلۆن کوێستانە بچوکەکە (ئەو کۆگا بەفرە با لەوێ لوولی دەدا و کۆی دەکردەوە)، دەخەملی و قەدی دەکێشا.**

**من چونکە ژن و منداڵم نەبوو و وەک باوەگەورە کاتم هەبوو و دەمتوانی بە چەندین رۆژ لە ژوورەکەم دابنیشم و سەیری دەرەوە بکەم، بەو ئاکامە گەیشتبووم کە باوەگەورە تەنیا ئاکامەکانی دەبینی، لای ئەو وردەکارییەکان هەموویان شاراوە بوون. بۆیە بۆ ئەوەی لەم رازە بگا، زیاتر لە دەرەوە رادەما، بەڵام هەتا رادەما وەڵامەکان دوورتر و دوورتر دەکەوتنەوە. وەک بڵێی تەنیا ئیزنی پرسیار هەبوو،... پرسیار و سەیرکردن و... سەرسوڕمان،... بە بێ وەڵام.**

**ئەوسا دەمبینی سەری هەڵدەبڕی و لە ئاسمانی دەڕووانی. ئەگەرچی گوێسەبانەکە و خانووەکانی دەورووبەر ئەوەندەیان بۆ نەدەهێشتەوە، بەڵام ئاسمان هەر ئاسمان بوو، چ بستێک چ دەریایەک. خەیاڵی وەک مەلێکی سەرگەردانی سپی لەگەڵ خۆی دەیبرد. مەلەکە تا دەیتوانی شاباڵەکانی دەکێشا و بڵاوی دەکردنەوە و بەناو دنکە سپی و پەرتەوازەکاندا دەفڕی،... بەرەو حەوا،... بەرەو ئاسمان. کلوەکان دەشڵەقان، وەک تەپ و تۆزی دەم فوو شێتانە بڵاودەبوونەوە و بە بێ ئەوەی زۆر لەیەک دوور بکەونەوە دیسان ئاوێتەی یەکتر دەبوونەوە. باوەگەورە لەم کاتانەدا خودی فڕینی دەدی. فڕین شتێک بوو وەک جوڵاندنی خۆ و جوڵاندنی ئەوی تر. فڕین نە باڵندەکە بوو و نە سەیرکردنەکانی ئەم. جاری وایە هەستدەکا مەبەستی مەل لە فڕین دۆزینەوەی فڕینە. مەل، لە کردەی خۆیشی ناگا. باوەگەورە لە قووڵاییەکان رادەمێنێ. لەوێ لەناو رەنگی سپیی خۆڵەمێش ئاسا و هوروژمی کلوەکاندا هەموو شتێک ون دەبێ، هەم باڵندەکە و هەم فڕین. هەموو شتێک دەبێ بە هیچ.**

**باوەگەورە چاوەکانی دادەخاو سەیری بەردەمی خۆی دەکا. لەوێوە بۆ ناو ژوورەکە. ژووری دەیان ساڵە. شتەکان ئەوەندە لەگەڵ رابردوو**

فەرقیان نیە. فەرشەکە ئەوەندە کۆنە تەواو سوواوە و لووس بووە. گەر ئاگای لەخۆی نەبێ، لەسەری هەڵدەخلیسکێ. وەک بەفر. لە قەراغەکاندا شیتاڵ شیتاڵە و بۆنی ساڵەکان دەدا. بۆنی هەموو دانیشتنەکان و قەرباڵغیی جارانی ناو ماڵ و 'کات' کە لەبەردەوامیی بێ پسانەوەی خۆیدا هەمیشە جحێڵە. تاق و تاقچەکان هەر هەمانن. باوەگەورە لەم دووپاتبوونەوەیەدا هەست بە دڵنیایی دەکا. لە دڵەوە سوپاسی خودا دەکا کە ئەگەرچی ئەمی زۆر گۆڕیوەو زۆری پیرکردووە، بەڵام هێشتا لەچواردیوارییەکدا دەژی کە بە هۆی دووپاتبوونەوەی، هەستی ئەو هێشتا بە گەنجیەتی دەهێڵێتەوە. زۆربەی شتەکان لە ژوورەکەدا ئاماژەن بە رابردوو و بە کشان و ژیانی رابردوو لە ئیستادا. بۆیە ئەو پێی وایە هێشتا 'کات' زۆر بە کاوەخۆ تێدەپەڕێ!

پێم وایە ئیستا ئیتر تێدەگا بۆ ئەوەندە شەیدای زستانە. زستانیش وەهایە، وەک ژوورەکەی. هیچ وەرزێک بەقەدەر زستان خۆی دووپات ناکاتەوە. هەموو شتێک تەنیا دوو رەنگە. سپی و رەش. سپیش پشکی شێری بەرکەوتووە. زستان، رابردوو دەهێڵێتەوە. کات قەتیس دەمێنێ. بێ جوڵە، قورس و چەقیو. کاتی سپی. بەڵام نا، حەزی بەم دووا وەسفە نیە. کاتی سپی ناتوانێ بێ جوڵە و قورس و چەقیو بێت،

**بەپێچەوانەوە کاتە سپییەکان ئەوەندە خێرا دەگوزەرێن کە مرۆڤ دەترسێنن. هەر ئەمەیشە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ کتوپڕ لە ئەوپەڕی خۆشی و لەززەتدا هەست بە خەم و داهێزرانێکی کتوپڕی بکا. عومری خۆشی لە راستیدا کورت نیە، بەڵکو هەستی خۆشی کورتە. لەسەردەمی خۆشیدا، هەست، کات لەبیردەکا. ئەم لەبیرکردنە. مەوداکان دەسڕێتەوە.**

**باوەگەورە بەو ئاکامە دەگا بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بە ژیان و بەو کاتانەی تێیدا دەژی بکا، دەبێ خۆش نەژی. دەبێ وەک زستان بژی، وەک 'کاتی سپی' کە سپیە بێ ئەوەی خۆش بێت.**

**هەموو زستانێک هەڵدەستێ و دەچێ لە پشت دەرگای رووی حەوشەکە دەست بە ناو توورەکەیەکی سەوزی رەنگ هەڵبزرکاودا دەکا و مشتێک گەنم دەردێنێ. گەنمەکە هاوینان بۆ خۆی کۆیان دەکاتەوە. لە دووای دروێنە. ئەگەرچی زەحمەتە، بەڵام ئەو دەیکا. بۆنی خاک و هەتاو و گیا، خۆشترین بۆنی هاوینە. رۆح لە گەڵ گەرمای پڕوکێنەری خۆیدا هەڵدەکزێنێ. باوەگەورە لەگەڵ هەڵگرتنەوەی هەر مشتە گەنمێکی پرش و بڵاودا پەنجە و لەپە چرچەکانی دەبژرێنەوە، بەڵام ئەو ناکشێتەوە.**

حەزی لێیەتی. گەرمای خاک لە گەڵ خۆی تامی کۆتاییەکانیش دێنێ، ئەو کۆتاییانەی لای ئەو ئاشنایەکی غەریبن.

پاڵتۆکە لە سەر شانەکانی ڕێک و پێک تر دەکا و شاڵگەردنەکەی باشتر لە ملی دەپێچێ و دەرگاکە دەکاتەوە. تەوژمی بەفر و با هەڵوێستەی پێدەکا. بەفر وەک هەمیشە جوڵێنەرە. روخسار، خۆی دەگوشێ. چاوەکانی بچوکتر دەبنەوە، بەڵام نەک ئەوەندەی بەرپێی خۆی نەبینێ. بەرەو سەرتەنوورەکە دەڕوا و وەک هەموو ساڵێک مشتە گەنمەکە لەوێ رۆدەکا. چۆلەکەکانیش ئەمە دەزانن. وەک بڵێی نەوە لە دووای نەوە بۆ یەکتریان گێڕابێتەوە. چۆلەکەکان سرک و پڕ لە دڵەڕاوکێ سەرەتا لەسەر دوو پلیکانە بەردینەکانی بەر سەرتەنوورەکە دەنیشنەوە، نیشتنەوە و هەڵفڕینی بەردەوام، تا رادێن تا دڵنیا دەبن. ئەوسا گوێڕایەڵ و وشیار، دەنووک لە گەنمەکان دەدەن. باوەگەورە بە خۆشەویستییەوە لێیان رادەمێنێ. تەنیا شتێک کەمێک نیگەرانی دەکا، چۆلەکەکانن. ئەوان شوێنێکیان بۆ نامێنێ. هیچ زیندەوەرێکی تر بە قەد ئەوان 'چاوەڕوانی' ڕوویان تێناکا. نە باڵەکانیان ئەوەندە گەورەن دووربفڕن، نە دەندووکیشیان ئەوەندە درێژە بەفر هەڵبدەنەوە. ئەوان

**تەنیا لە زبڵەکان دەڕوانن و، لە مشتە چرچ و وشکهەڵاتووەکانی باوەگەورە.**

**باوەگەورە هەڵوەرینی ئەوانی بینیوە. لە بن میچەکان و لە سەر لقی دارەکانەوە هەتا زەوی. بێ ئەژمار. ئەوەندەی لێ ژماردوون ژمارەکانی لێ ونبوونە.**

**من گومانم هەیە براکەی تری من، 'کارمەندی خوشگوزەران'، سەرەڕای هەبوونی کتێبخانە لە ماڵەوە بتوانێ لە جیهان و بیرە فەلسەفییە نەخوێندەواریانەی باوەگەورە تێبگا. گومانم هەیە ئەو لە هەڵس و کەوتە تایبەتەکانی تێبگا و ئەسڵەن لە بنەڕەتدا ئەو ئیزنە بەخۆی بدا بۆ چرکەیەکیش بێت کەمێک بیریان لێبکاتەوە. لای ئەو باوەگەورە باوەگەورەیە، پیاوێکی پیر کە کات جەستە و بیری لەگەڵ خۆی بردووە و شتێکی وای بۆ نەهێشتۆتەوە. تەنیا ئەوەندە نەبێ کە دەبێ دابنیشێ و چاوەڕووانی چرکەساتی مەرگی خۆی بێت. هەستدەکەم کارمەندی خۆشگوزەران بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ئەو ساتەیە، چونکە لای ئەو مەرگ شکۆمەندترین رووداوی ژیانە. ئەوەندە شکۆمەند کە پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش دەبێ بەشێکی گرینگی ساتەکانی ژیانمان بۆ بیرکردنەوە بۆ ئەو تەرخان بکەین. من کە زۆر حەزم بەم شێوە**

رووانینانەی نیە، بیردەکەمەوە کە داخۆ کارمەندی خوشگوزەران بەڕاستی چۆن دڵی هاتووە کوڕەکەی وەها گەورە بکا کە نەتوانێ کاتێک لە نیوەڕۆیەکی گەرمی هاویندا لەگەڵ کچە ئامۆزاکەی خۆی تەنیا دەبێ بەر بە خۆی بگرێ و ئەو بەڵایەی بەسەردا نەهێنێ کە هێنای. باشە ئەو هەموو کتێبە کە لە ماڵەوە هەیەتی بەکەڵکی چی دێت؟ تازە لە 'کاوە شێلم'ی کوڕی گەڕێ کە ئیستا لەخۆی وەک قارەمان دەڕووانێ، ئەی مەنیجە بوغزنی ژنی چی کە رۆژ تا ئێوارە دوعا لە گوڵێ لێو بەبزە دەکا و دەڵێ ئەو بوو کوڕە بێ وێنەکەی لەخشتەبرد و بۆیە خوا ئەو غەزەبەی لێگرت کە دەبێ هەتا دەژی لە ژێرخانێکەوە کە قەدیم تەویلە بووە و هێشتا بۆنی مانگا و کا و پەیین دەدا، بقیژێنێ و بزریکێنێ. جاری وایە حەزدەکەم بچمە لای باوەگەورەم و پێی بڵێم کە گەر دەتوانێ جاروبارە سەردانی کوڕەزاکانی بکا و کەمێک باسی فەلسەفەی زستان و شێری ئاوەکە و ئەو کلوە بەفرانەیان بۆ بکا کە لە بێ ئەژمار شێوازن، بۆ ئەوەی چیتر گوڵێ لێوبەبزە لە ژێرخانەکەوە نەقیژ ێنێ و خانووەکەی ئێمە نەبێتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری خەڵکی. حەزدەکەم پێی بڵێم کە هیچ باوەگەورەیەک نابێ رقی لە کوڕەزاکانی خۆی بێ، ئەگەرچی نە کوڕەکەی کاتی خۆی بە قسەی کرد و نە کوڕەزاکانیشی رێ

و شوێنی باوکیان هەڵگرتەوە. بەڵام ناتوانم ئەمە بکەم. باوەگەورە حەزناکا کەس سەردانی بکا. ئەو تەنیا ڕێگای مەلای گەڕەک دەدا. بگرە نەوەکانیشی، بە گوڵێ لێوبەبزەوەیش، قەت ناوماڵەکەیان نەبینیوە. ڕەنگە پرسیاربکەن ئەی کێ خزمەتی دەکا؟ دەبێ بڵێم خۆی، تەنیا خۆی. ئەگەرچی هەموو نیوەڕۆیەک فاتێ داماو و مەنێ بوغزنی ژنی کارمەندی خۆشگوزەرانیش لەبەر دەرگای ژوورەکەی خواردنی بۆ دادەنێن و ئەویش تەنیا لە دووای نیوسەعات پەلی دەهاوێتە ئەم دیو دەرگاکەوە و دەیانباتە ژوورەوە.

ئەو ڕۆژە سەعاتی نۆ کاتێک بڕیارم دا و بووم بە نەتەوەیی، دەستبەجێ یەکەم شت کە کردم ئەوەبوو چووم و سروودی نەتەوەیی خۆمانم پەیدا کرد. بە خۆشییەوە لای کارمەندی خۆشگوزەران دەست دەکەوت. نا ببورن، دەستبەجێ نەچووم. وەستام تا جووڵە کەوتە ماڵیانەوە. لە پەنجەرەکەمەوە دیار بوو. کە گوڵی لێوبەبزە قیژاندی، سەرەتا سێبەری مەنێ بوغزنم بینی کە لە پشت شووشە نیوەتاریکەکانەوە جووڵا، ئەوسا خۆی لە چاوەکان نزیک کردەوە و لە دووای ئەوەی چەمۆڵەیەکی بەرەو ژێرخانەکە بەڕێ کرد و تفێکی خەستی بە پەنجەرەکەدا کرد، ون بوو. ئیتر زانیم ئەوەندەی پێ ناچێ کە کارمەندی خۆشگوزەرانی مێردی

**و دوواتر کاوە شێلمیش کە لە ژووری خۆیدا دەخەوت، بەخەبەردێن و یەک لە دووای یەک دەچنە ئەو ئاودەستەی کە هی خۆیان بوو و بە تەنیشت دەرگای دەرەوەیانەوە بوو. کارمەندی خۆشگوزەران لە کاتێکدا باوێشکی دەدا و ئافتاوەکەی لە شێرەکەی حەوشەکە پڕدەکرد، سەیرێکی ژێرزەمینییەکەی کرد و هەر بەباوێشکدانەکانییەوە خۆی بە مەستەراوداکرد. پێم وابێ نیوسەعاتێکی پێچوو. پاشان کاوە شێلم بە بیجامە کچانە گوڵگوڵییەکەیەوە خۆی پیاکرد کە لە قەراخەکانیدا بە چەند سانتیمێک تەقەڵەکانی بەریدابوون. کاوە شێلمیش وەک باوکی نیوسەعاتی پێچوو. لە کاتێکدا دەمبینی باوەگەورە وەک هەمیشە لە پەنجەرەکەوە سەری لێبادەدان، بیرم کردەوە کە ئەم عادەتەیان نە لە باوکیانەوە بۆیان بەجێ ماوە و نە لە باوەگەورەوە، بۆیە دەبێ تەنیا خەتای ئەو جۆری خواردنە بێ کە دەیخۆن. ئەوەندیش بزانم کارمەندی خۆشگوزەران بە ئێوارەیان زۆر حەزی بە پەنیری کوپەیە و دادەنیشێ و لە گەڵ کوڕ و ژنەکەی لانیکەم دە نانی پان و درێژی تەنوور بەو پەنیرەوە دەخۆن کە هەموو ساڵی مەنێ بوغزن بۆخۆی دایدەگرێ و لە تەنەکە پووتدا دەیخاتە چاڵەوە. ئەو تەنەکە پووتانەی کە تا پێش بەسەرهاتە تاڵەکەی نێوان کوڕەکەی و گوڵێ لێوبەبزە لە لای خولە**

دۆڵمە دەیکڕین. وەستام تا لە ناشتا بوونەوە. بە خۆشییەوە ڕۆژی هەینی بوو و کارمەندی خۆشگوزەران لە ماڵەوە هەتا سەعات دوانزە دەمایەوە. بە کاوەخۆ لەدەرگام دا و چوومە ژوورەوە. هێشتا بونی پەنیری کوپە کە هینی شیری دەشتی سورێن بوو، لەناو ماڵەکە دەهات. کارمەندی خۆشگوزەران کە عادەتی بوو لە دووای هەر نان خواردنێک چیلکەیەکی دیان هەڵبگرێ و نێوان دیانەکانی پێ خاوێن بکاتەوە، بە دەست ئاماژەی پێدام دانیشم. دانیشتم. وتی "ها غوڵامی سەڵت بەو بەیانییە زووە خێرە؟" من لە دووای ئەوەی پشتییە کۆنە سوورەکەیانم جوان لە چاڵایی پشتمدا جێم بۆکردەوە، گوتم "ئیستا ئیتر من 'غوڵامی نەتەوە'م." بە سەرسوڕمانەوە سەیری کردم و وتی "چی؟" دووپاتم کردەوە "غوڵامی نەتەوە!" پڕمەی پێکەنینی کارمەندی خۆشگوزەران ئەوەندە بەتەوژم و توند بوو کە چیلکەکەی نێوان پەنجە تووکناوییەکانی کە هێشتا نیوەی لە دەمیدا بوو لێ ترازا و پەڕییە سەر فەرشە کۆنەکەی بەردەمی. گوتی "وەڵڵا برا هەر ئەمەمان مابوو!... باشە ئەمە چییە؟... ئەمە لە کوێوە؟" گوتم "لەخۆمەوە،... ئەم بەیانییە پێش ئەوەی جەنابت و خولە دۆڵمە لەخەو هەستن بەسەریدا کەوتم و کردم بە ناوی خۆم،... بگرە پێش قیژە ترسناکەکەیش." لەم

کاتەدا مەنێ بوغزن مۆڕەکەیەکی لێکردم و بەدەم چایدانانەکەیەوە گوتی "ها بیخۆ بە قوزەڵقورتت بێ!... جا قیژەی چی،... مەگەر کەسێ دەقیژێنێ؟... خوایە بە گەورەیی خۆت بمانبەخشی! هەر ئەوەندەی ماوە شێتمان کەن!" کاوە شێلم کە بەکاوەخۆ خۆی حازردەکرد بچێ داشقەکەی بباتە دەرەوە و بە هۆی هاوینەوە لە جیاتی شێڵم، کە کاری سەرەکیی بوو، گوڵەبەڕۆژە بفرۆشێ، ئاخێکی هەڵکێشا و دەستی بە گیرفانیدا کرد و مشتێ گوڵەبەڕۆژەی وردی رەشی دەرهێنا و دەستی کرد بە تروووکاندی. من رووم کردەوە براکەم و گوتم "بڕیارم داوە لەمەبەدووا فێری سروودی نەتەوەیی بم. بۆیە هاتووم کتێبی شیعرەکانت لێ وەرگرم، هەڵبەت بەقەرز، هەتا چەند رۆژ." کارمەندی خۆشگوزەران بە قووڵی سەیرێکی کردم. ئەوسا گوتی "نەکا لەم لاولا بڵێی کتێب و کتێبخانەم هەیە،... ها؟... نەکا قفڵی دەمت چڕابێ و ئەوەی پێیدا دێ دەیگێڕیتەوە،... ها؟" من بە پەلە قسەکەم لێبڕی و گوتم "کاکە گیان قسەی چی و شتی چی! من ئەمڕۆ بە سەر شتێکدا کەوتووم و هەست دەکەم ئیتر خۆم دۆزیوەتەوە. ئیستاکەیش گەر کتێبەکەتم بدەیتێ پیاوەتیت کردووە و بەم کارەی خۆت سەعاتی نۆ لەلای من دەکەی بە مێژوو، یانی دەیچەسپێنی، زیاتری دەچەسپێنی، هەر ئەوەندە!"

کارمەندی خۆشگوزەران دیسان بە هەمان نیگا قووڵەکانییەوە لێی روانیمەوە. "سەعاتی نۆ!... مەبەستت چییە؟" من کە کتوپڕ تێگەیشتم قسەیەکی نابەجێم بە دەمدا هاتبوو، هەوڵمدا بۆی شی بکەمەوە، بەڵام هەرچیم کرد نەمدەزانی چۆن. گوتم "وەک دەزانی هەموو شتێ لەم دونیایەدا لە چرکەیەکەوە دەست پێدەکا. هی وا هەیە چێشتەنگاو، هی وا هەیە سەعات دووی نیوە شەو، هی وایە کاتژمێر چواری ئێوارە و ئیتر بەم شێوەیە. لای منیش سەعاتی نۆ دەستی پێکرد، رێک سەعاتی نۆ. لایشم وایە سەعاتێکی مەعقولە. ئیتر پیاو بە جوانی هەم لەخەو هەستاوە و هەم هەموو رۆژیشی بە دەستەوەیە، جگە لەمە کاتیشی بۆ خەیاڵاتی شەو ماوە!" کارمەندی خۆشگوزەران بە دەم چایی هەڵقوڕاندنەوە هاواری کرد "ئادەی مشتێ تووی رەشی بۆ بێنن!" من کە بەم قسەیەی تەواو لە زەوقم درابوو، چاوێکم لە مەنێ بوغزن کرد و گوتم "ئەمەی ناوێ، کتێبەکەم دەدەیتێ یان نا؟" هێشتا پیاڵەکەی نەگەیشتبووە عەرز، وتی "ئەو کتێبەی تۆ باسی دەکەی تەنیا بۆ ئەوە دەبێ لەناو کتێبەکاندا بێ و بەس!"

من هیچ شەوێ، بگرە بە سەدان شەوی دوواتریشی، بەقەد شەوی دووای مشتە گوڵەبەڕۆژە تروکانەکەی ئەو بەیانییەیماڵی کارمەندی

**خۆشگوزەران، کاتێک بۆ کتێبە شیعرەکە چووم و نەیدامێ، هەست و سۆزی خوێندنی سروودێکی نەتەویی داینەگرتم. لە ناو ژوورەکاندا شێتانە دەهاتم و دەچووم، بە مشت لە بەرەدەستی خۆم دەدا و سەرم بەرزدەکردەوە و ناڵەیەک لە گەرووومەوە بەپڕتاو خۆی فڕێدەدایە دەر. گیانم شەڵاڵی ئارەقی ئیحساسێکی سەیر بوو. لێو و زمان و قوڕگم داوای هۆنراوە حیماسییەکانی دەکرد. جاری وابوو لە عەزرەتدا وەک گورگ دەملووراند. هەموو شتێ لەلام ئاژامە بوو بە رووداوێکی گەورە، بەڵام بێدەنگیی ژوورەکان و حەوشەکە ئۆقرەیان لێبڕیبووم. شتێک لەم دونیا پان و بەرینەدا ناڕاست بوو. من هی ئێرە نەبووم من خەڵکی ئێرە نەبووم. بە هەڵە لێرە لەدایک ببووم. گەر وانەبووایە باوکم لە شەوێکی ساردی زستانیدا لە کاتێکدا بەفرێکی سپیی جوان بە کاوەخۆ زەوی دادەپۆشی، نەدەمرد. ئەویش چ مردنێک! چەندە رقم لە خولە دۆڵمە و کارمەندی خۆشگوزەران دەبووەوە کە دەڵێی قەت باوکیان نەبووە و ئەوەتەی هەن تەنیا لە گەڵ ژن و منداڵەکانیان ژیاون. ئەو کوڕانەی هیچیان لە باوکیان نەدەچوو، نە رواڵەت، نە خوو و خەدە و نە بیر. تەنیا شتێک ئەوانی بە باوکمەوە دەبەستەوە، زەکەری بوو! دێمە بەر پەنجەرەکە. باوەگەورە لەوبەر حەوشەکە لەناو ژوورەکەی خۆیدا**

**خەریکە نوێژی خەوتنان دادەبەستێ. سێبەرەکەی دەکشێ. بیردەکەمەوە داخۆ لەم پیاوە پیرەوە چی بۆ باوکم بەجێ مابوو. هیچ! باوکیشم نە لە روخساردا و نە لە خوو و خەدە و بیر و باوەڕدا لە باوکی نەدەچوو. ئەوەی ئەویشی بەو پیرەمێردەوە دەبەستەوە زەکەرە پیرەکەی ئەو سێبەرە بوو کە دێوئاسا دادەنەوی و بڵێند دەبووەوە. بیردەکەمەوە رەنگە سەرتاسەری مێژوو وەهابووبێ. رووداوە گەورەکان لەو کاتەوە دەست پێدەکەن کە کەس لە کەسی تر ناچێ.**

**ئەو شەوە بۆ ئەوەی خۆم لەدەست ئەو ئازارە بە سۆیە قوتارکەم، بڕیارمدا خۆم بە بەسەرهاتی نێوان گوڵێ لێوبەبزە و کاوە شێلمەوە خەریک بکەم. هەرچەند زۆرکەس بە کارەسات و رووداوێکی پڕ لە بێ ئابڕوویی باسی دەکەن و رەنگە تەنیا من بم کە ناوم لێناوە 'بەسەرهات'. لای من بەسەرهات وشەیەکە بێ هیچ چەشنە بارێک. نە چاک و نە خراپ. شتێکە روودەدات و بەس. من پێم وایە ئەگەر ئێمە زۆربەی ئەو رووداوانەی بەسەر مرۆڤەکاندا دێن بەم وشەیە وەسفیان کەین، لە زۆر کێشەی نابەجێ رزگارمان دەبێ و ژیان زۆر ئاسانتر دەبێتەوە. بە من چی لە رۆژێکی گەرمی هاوین دا دوو جەستە وەک خودی رۆژەکە گڕدەگرن، ئەسڵەن بە کەس رەبتی نیە. بەوانی تر چی!**

لێک دەئاڵێن یان نا، ئەمە کەی کێشەیە. بۆ مەگەر هەر ئەوانن لەو ڕۆژە گەرمەدا لێک ئاڵاون؟ بێگومان نا. من دڵنیام ئەو نیوەڕۆیە بەدەم بای گەرمی ئەو ڕۆژەوە زۆر لق و گەڵای تریش لێک ئاڵاون، هەروەها 'با' پووش و پەڵاشی راپێچ داوە و لە گیا زەردەکانی گۆڕی باوکمیشیان ئاڵاندووە. بە رای من لە بنەڕەتدا دونیا بەم لێک ئاڵانەوە جوانە و مانا پەیدا دەکا. بوگزەرێین! راستییەکەی ئەوە بوو گوڵێ لێوبەبزە و کاوە شێلم لەیەک تەمەندا بوون. بگرە گوڵێ بە چەند مانگ گەورەتریش بوو. ئەگەرچی لە حەوشەیەکدا گەورەبوون و تەمەنی منداڵیان پێکەوە بەسەربرد، کەچی هەر کە گوڵێ مەمکی کرد و باڵای کشا، کاوە شێلم گۆڕاو و تەواو گیرۆدەی بوو. کاوە کە قەت بڕوای نەدەکرد ئەو کچە چڵمنەی بە ساڵانی ساڵ کایەی لەگەڵ کردبوو و لەم حەوشەیە و لە کۆڵاندا ڕەتاندبووی، ئاوا ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێ بە شای پەریان و ئەوەندە جوانی لێدەربچێ کە خەون و هۆشی لێ ببڕێ، لە تاو ئەشقی گوڵێ دونیای لێدەبێ بە جەهەننەم و بەهەشت! جەهەننەم ئەو کاتانی گوڵێی نەدەبینی و بەهەشتیش ئەو کاتانەی دەیبینی. هەڵبەت بەدبەختیی کاوە شێلم ئەوە بوو کە گوڵێ لێوبەبزە هەر وەک سەردەمی منداڵی لێی دەڕوانی و جگە لە سۆزێکی خوشکانە و هاوڕێیانە هیچی

تری لەخۆیدا شک نەدەبرد. ئەمە کاوەی شێت کردبوو. بەڵام وازی نەدەهێنا. هەوڵی دەدا بە شێوی نیگاکان و لێڕوانینی، بە ئاخ هەڵکێشانەکانی، بەوەی کە لەبەر پەنجەرەکەدا لادەنەچوو و بە سەعات لە گوڵێ لێوبەبزەی دەڕوانی، کاتێ حاجەتی دەشۆرد، تێی بگەیەنێ. بەڵام گوڵێ هەر لە حاڵ و هەوای خۆیدا بوو. کاوە هەستی دەکرد هیچ پێوەندێک لە نێوان جوانیی گوڵێ و شێوەی هەڵس و کەوتیدا نەبوو. بگرە جاری وابوو ئەم پرسیارەی لادرووست دەبوو کە داخۆ گوڵێ دەیزانی چەندە جوانە؟ داخۆ دەیزانی کاتێک پێدەکەنێ و بزە دەنیشێتە سەر لێوەکانی، دونیا کەڕ و کاس دەکا! نا نەیدەزانی. ئەو بێ مەهابا لەو جوانییە سەرسوڕهێنەرەی، هەنگاوی بە سەر خاکدا هەڵدێنا و جگە لە گڕ و ئاورنانەوە چیتری لەپاش خۆی جێ نەدەهێشت. یەکەم کەس بەم بەزمەی کاوەی زانی دایکی خۆی واتە مەنێ بوغزن بوو. مەنێ پێی وابوو کە کوڕەکەی زۆر زیاتر لە گوڵێ لایەقیەتی و بۆیە لەوەی کە هەبوو زیاتر کەوتە دژایەتی کردنی هەوێی خۆی. ئەو کە پێی وابوو هەموو شتێ لە ژێر سەری 'فاتێ +داماودا'یە و ئەوە ئەوە لە سەد لاوە داوی بۆ کاوە شێلمی جوان خاسی کوڕی ناوەتەوە، کەوتە تانە و تەشەرلێدان لە دایک و کچ. بەڵام مەگەر ئەمە چارەسەی دۆخەکەی کرد!

**نەک تەنیا نەیکرد، بگرە بە هۆی وەڵامنەدانەوەی فاتێ و گوڵێ کە نەیاندەزانی چ باسە و چی لە پشت ئەم تانەو تەشەرانەدا راوەستاوە، ئەوەندەی تر مەنێ بوغزن شێت و هار بوو. بۆیە شەوێک بڕیاری دا دەوروبەری شێرەئاوی حەوشەکە بە سابوونی گوڵنار، وەهای تێساوێ، جوان جوان ساف و لووسی کا تا رۆژی دوواتر گوڵێ وەهای لەسەر هەڵخلیسکێ کە هەر مەمکێکی بەلایکدا بپەڕێ و ئیتر یەکجار بۆ هەمیشە خۆی و کورەکەی لە دەستی رزگاریان بێ. بەڵام مەنێ حسێبی هەموو شتێکی کردبوو حسێبی باوەگەورە نەبێ کە پیش هەموو کەس لەخەو هەڵدەستا و رووی لە حەوشەکە دەکرد. بۆ سبەی باوەگەورە بە دەم دەستنوێژگرتن وەها بە توندی بە پشتا دەکەوێ کە کاتێک دەدرێ بە سەر ئەو پشیلە مێینە پیرەدا، کە لەو حەوشەدا تەنیا لە باوەگەورە سڵی نەدەکرد، بۆ یەک مانگی رەبەق شەل و گێڕی دەکا. پشیلەکە لە عەزرەت گیانی خۆی کەس نازانێ چۆن دەربازی دەبێ، دەربازبوونێک بە قیمەتی چڕنوق گرتن لە هەنیشکی راستی باوەگەورە و، ئیتر لەوە بەولا باوەگەورە بڕوا بەوە دێنێ کە بە راستی شەیتان لە حەوشەکەی ئەوان دابەزیوە و بەو سابوونەی کە خوا دەزانێ لەکامە حەمامی شاری دزیبوو هەوڵی دابوو بۆ هەمیشە ئەو وەک تاقە کەسێ کە لەم شارەدا**

ماوەو هێشتا لەبیری پێکەوە گرێدانی نەخوێندەوارانەی زستان و فەلسەفەیە بۆ هەمیشە سەرنگون بکا و لە سەر سەفحەی رۆژگار بیسڕێتەوە.

کار دەگاتە ئەوەی کاوە شێلم رۆژێ خۆی لە نەخۆشی دەدا و ناچێ بۆ کار. بۆ ئەوەی خەویشی لێنەکەوێ دڵقێک تووە رەش لەبەردەمی خۆیدا دادەنێ و دەست دەکا بە تروکاندنی. دایکی هاواری لێدەکا نابێ زۆری بخوا چونکە چەورە. کاوە لە وەڵامدا دەڵێ سوێری خراپترە. هەتا نیوەڕۆ و دوواتر هەتا دوو سەعات دووا ئەوەیش هەر خەریکی تووترووکاندن دەبێ. سەرئەنجام هەموو بۆ خەوی دووانیوەڕۆ پاڵدەکەون و، دونیا بێدەنگ دەبێ. کاوە باش دەزانێ کە گوڵێ لێوبەبزە هەموو دووانیوەڕۆیەک لەپاش نانخواردن لە دووای ئەوەی قاپ و قاچاخ دەشوا و بۆ ماوەی یەک سەعاتێک لە ماڵەوە دەبێ، سەروسەکوتی لە حەوشە پەیدا دەبێتەوە. گوڵێ لەم کاتەدا دووای ئەوەی دەچێ بۆ ئاودەست، سەردانێکی ژێرخانەکە دەکا کە شوێنی ئارد و شتی وشکەیە. ئەمە عادەتی کۆنیەتی. ئەو عادەتەی کە هەتا ئیستا کاوە شێلم بە رازەکەی نەزانیوە.

ئەو ڕۆژەی کاوە بە دەم تووترووکاندنێکی شێتانەوە خۆی بە ژێرزەمینییەکەدا کرد، ساڵانی ساڵ لە مەرگی باوکی من و کوڕەکەی باوەگەورە گوزەرابوو. باوکم سێ کوڕەوە جێدێڵێ و دەڕوا. کەس باسی هۆکاری ڕۆیشتنەکەی بۆ نەکردین، بگرە باوەگەورەیش. ئەوەندەم لەبیرە دەیانگوت پەتای بیرێک لە مێشکی دابوو کە یەکێک لە نیازەکانی ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوە بوو. هەڵبەت نەک تەنیا لە بنەماڵەکەی، بەڵکو ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوە لەو شوێنە تازەیش کە تێیدا بوو و بگرە لە خۆیشی و لە هەموو ئەو شتانەی وا بەرەبەرە خووی پێدەگرتن. من کە قەت لەم جۆرە بیرە نەگەیشتم جارجارە بیردەکەمەوە ڕەنگە باوکم دەیزانی کە ڕۆژێک کوڕی یەکێک لە کوڕەکانی لە گەڵ کچی کوڕەکەی تری هەر لەو حەوشەیدا وا هەموویانی تیادەژین ئاوێتەی یەکتر دەبن و ئەوەی دەقەومێنن کە نابێ بیقەومێنن. هەرچەند باوەگەورە کاتێک گوێی لەم قسەیەی من دەبێ بە دەمی پڕ تاقمی دەپڕمێنێ و دوواتر بەزەیی بە گەمژەیی خەیاڵاتی من دا دێتەوە. جاری وایشە هەست دەکەم ڕەنگە باوکم لە داخی کتێبخانە بێسوودەکە، پارە شاراوە بێ نازەکان و تووترووکانە بێ مانا و بێکۆتاییەکان سەری خۆی هەڵگرتووە و ونبووە. لێرەدا ئیتر باوەگەورە نە تەنیا پڕمەی پێکەنین

بە دەمە پڕ لە تاقمەکانی نایگرێ، بەڵکو بە نیگایەکی تارادەیەک جیددی و سیمایەکی سەختەوە لێم دەڕوانێ. وەک بڵێی من خەریکە دەگەمە هەندێ شوێن کە لای ئەو زەحمەتە کوڕەزاکانی تری بیگەنێ. من لەم کاتانەدا زۆر مەغرور و لەخۆباییم لێدەردەچێ، بەڵام بەداخەوە زۆر ناخایەنێ و دیسان دەچمەوە ئەو شوێنانەی وا هیچ سەرنجی باوەگەورە راناکێشن.

کاوە کە خۆی بە ژێرزەمینییەکەدا دەکا، گوڵێ لێوبەبزە وەک هەمیشە میهرەبانانە و بە نیگایەکی پڕ لە متمانە لێی دەڕوانێ. هەرچەند بە هاتنی لەنەکاوی کەمێک سەری سوڕ دەمێنێ. گوڵێ بە شتێکەوە خەریکە کە جل و بەرگە کوردییە فشەکەی دایدەپۆشێ. هەڵبەت بۆ کاوە گرینگ نیە. ئەو نیگای لەسەر لەش و لاری گوڵێیە. ئەو نیگایەی کە بۆخۆیشی پێی سەیرە چلۆن رووی تێکردووە و کردوویەتی بەو گورگە برسیەی کە ئیستاکە هەیە. جاری وایە چەند رقی لە خۆی دەبێتەوە. بیردەکاتەوە باشە بۆ نیگاکانی گوڵی سەرەڕای گەورەتربوونی وەها نین؟ لێرەدا هەست بە جۆرێک شەرمەزاری دەکا. بەڵام هەموو ئەمانە چەند خێرا وندەبن. چەند خێرا نیگا گورگانەکان دەگەڕێنەوە. لەناو بۆنی کۆنی تەویلە و شمەکی وشکە، بۆنی جەستەی گوڵێ چەند زوو دەناسرێتەوە.

بۆنێکی ژنانەی خەست و هۆشبەر کە لە شوێنە یەکجار شاراوەکانی لەشییەوە دێت. کاوە هاوینی لەبەر ئەم بۆنە پێ خۆشە. لەهەموو شوێنێکی حەوشەکە دەیناسێتەوە. ئەگەر رۆژێک لێی پرسن سەردەمی منداڵیت کەی تەواو بوو، بێگومان دەڵێ لەو رۆژەوە هەستی بەم بۆنە کرد. خێراتر دنکە تووەکان دەترووکێنێ. ئەوەندە خێرا کە هەندێکیان بە لێو و لاشەویلکەیەوە دەمێننەوە. دڵی ئەوەندە خێرا لێدەدا لەوانەیە سینگی جێ بێڵێ. جەستەی وەک دارەبی دەلەرێتەوە. کە لە گوڵێ نزیک دەبێتەوە، دەبینێ بە پێچەوانەی هەموو ترسە شاراوەکانی، گوڵێ هیچ هەڵوێستێک لەخۆی نیشان نادا. گوڵێ لێوبەبزە وەک هەمیشە ئارام و میهرەبان و سادەیە. ئەوەندە سادەیە باوەشی ئاوەڵایە بۆ هەموو دونیا، بە هەموو گورگەکانیشیەوە. کاوە هەست بە متمانە دەکا. لەشی گرژی، بەخێرایی لێواولێو دەبێ لە بڕیارێکی کە تاوێک لەوە پێش زۆرتر لە ترسی دەکرد. گوڵێ تەنیا چاوەکانی دەقونجێنێ.

خولە دۆڵمەیان ناونەنابوو خولە دۆڵمە چونکە حەزی لە دۆڵمە بوو. نا، بەپیچەوانەوە زۆریشی رق لێبوو. لە راستیدا نازناوەکە لە لۆژیکێکی پێچەوانەوە دەهات. خەڵک بەوەی بناسێنە وا حەزیان لێی نیە! بەڵام خولە ئەوەی باش بوو بە نازناوەکەی راهاتبوو و بەگژ

کەسدا نەدەچووەوە. دیارە هەر لە سەرەتایشەوە بەگژ کەسدا نەچووەوە. فاتێ داماویش لەبەر رێزی مێردەکەی سەرەڕای حەزی زۆری خۆی لە دۆڵمە، قەت دروستی نەدەکرد. خولە کە براگەورە بوو و باشتر لە هەمووومان باوکمانی لەبیرمابوو، پێی وابوو جیاکردنەوەی رێگای ژیانی باوکمان لەم حەوشەیە و هەموو شتەکانی ناوی، تەنیا بەڕێکەوت بووەو بەس. ئەو کە هەمیشە لەدووای هەر رستە و قسەیەکی "ئیتر وایە"یەکی تێکەڵ دەکرد، لەسەر ئەو رایە بوو ئەگەر باوکمان ئەو رۆژە لەجیاتی ئەوەی لە کۆڵانی حەمامەکەوە گوزەری نەدەکرد و رێک لە کۆڵانەکەی تەنیشتییەوە تێدەپەڕی، چارەنووسی ژیانی بەلایەکی تردا دەڕۆیشت و بۆ هەمیشە لەم حەوشەیە لەگەڵمان دەمایەوە. بەڵام کارمەندی خۆشگوزەران پێکەنینی بەم قسەیەی براگەورەکەی دەهات و ئەم جۆرە بۆچوونانەی بە ئاکامی نەخوێندەواری و تێنەگەیشتوویی لێکدەدایەوە. دەیگوت "بێگومان گەر خولەی برام خاوەن کتێبخانەیەک، وەک من، لەماڵەوە بوایە وای نەدەوت!" بەلام خولە کە باوەڕی یەکجار بەهێزی بە خودا و هەربۆیە بە چارەنووسێ هەبوو کە خودا لە ئەزەلەوە دیاری کردبوو، گوێی لەم قسانە نەبوو و دەیگوت "دڵنیام کە ئەو رۆژە خواگیان بۆ خۆی دەستی باوکمی گرتووە و بەو کۆڵانەیدا

بردوویەتی. ئیتر وایە!" من کە نە لە سەر را و بۆچوونی کارمەندی خۆشگوزەران بووم و نە لەسەر بڕوای خولە دۆڵمە، ئیستا لەم بەیانییەوە بە هۆی گۆڕانی بیروباوەڕ و هەڵگرتنی بیری نەتەوەیی، پێم وایە دەتوانم پێش لەهەر شتێک (بەپێچەوانەی جاران) رەخنە لەهەر دووکیان بگرم. سەرەتا سەبارەت بە خولەی براگەورەم! من پێم وایە ئەو باوەڕی بە موقەدەر و چارەنووسە چونکە دەیەوێ لەم رێگایەوە پاساوی ئەو رووداو و کارەساتە بداتەوە وا بەسەر کچەکەی واتە گوڵێ لێوبەبزەی برازام دا هاتووە. ئەو زۆر سادە دەیەوێ بڵێ ئەوەی بەسەر مرۆڤەکاندا دێ لە شوێنێکی ترەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ. هەرچەند من پێم سەیرە کە چۆن چۆنی خودا دەبێ دڵی بەوە رازی بێ شتی وەها رووبدا و بنەماڵەیەکی گەورە و ناسراوی ئەم شارە بەتووش وەها کارەساتێکەوە بکا کە هەتاهەتایە خەڵکی نەوە لەدووای نەوە بۆیەکتری بگێڕنەوە! بەتایبەت کە بەپێچەوانەی رێگاکەی باوکم لەو رۆژەدا لەم حەوشە دوو کۆڵان دەست ناکەوێ و ئەوەی هەیە تەنیا یەک حەوشەی پان و بەرینە و بەس. راستییەکەی ئەوەیە خولە بەڕاستی باوەڕی بەم لێکدانەوەی خۆی هەیە و بۆیە زۆر ئاسانتر دەتوانێ بە شوێن رووداوەکاندا بڕوا و قبوڵیان بکا. رێک بە پێچەوانەی ژنەکەی، فاتێ

داماو، کە هەمیشە داوا لەخودا دەکا بەزەیی بەسەریاندا بێتەوە و ڕەوتی ڕووداوەکان وەها لێبکا کە بەدڵی ئەوان و هەموو موسوڵمانەکانی ترە (ئەم ڕستەیە وێردی سەر زمانی فاتێ یە "خودا چاکت بۆ بکا!). جگە لەمە من پێم وایە خولە دەبێ بیر لە شتێکی تریش بکاتەوە، ئەویش ئەوەیکە گوڵێ بە پێچەوانەی باوکم، کە کەس گوێی لەدەنگی نەبوو و نەیبینییەوە، ئێستاکە لەم حەوشەیەدا و لەو ژێرزەمینییەوە، زریکە و هاواری، گوێی ئێمە و خەڵکی گەڕەک و شاری کەڕ و کاس کردووە. هەروەها گوڵێ کەسێ خەڵەتانی کە لە منداڵییەوە باوەڕی پێی هەبوو. من پێم سەیرە کەسێک لە متمانەی کەسی تر نابەجێ کەڵک وەربگرێ و پاشان بڵێین وەڵڵا ئەوە خودا ویستی!... ئەوە چارەنووسی بووە! باشە دەکرێ چاک بیت و کەچی خراپە چارەنووست بێت؟ بەڵام با بگەڕێمەوە سەر کارمەندی خوشگوزەران. ئەویش وا دەڵێ و دەست بە ڕێکەوتەوە دەنێ چونکە دەیەوێ بڵێ کە ئەوەی ئەو ڕۆژە لە ژێرزەمینییەکە ڕوویدا بەهۆی خواست و هەوا و هەوسی گوڵێ لێوبەبزەوە بووە و بۆیە زیندانی کردنیشی هەر لەو ژێرزەمینییەدا حەقی خۆیەتی و تەواو. کارمەندی برام پێی وایە هەموو کارەساتەکان لەو کاتەوە سەرهەڵدەدن کە عەقل وەک مۆمێک لە مێشکی مرۆڤدا دەکوژێتەوە و ناو مێشک تاریک

و نووتەک دەبێ و ئیتر دێو و درنجەکان شوێن بۆ خۆحەشاردانیان دەدۆزنەوە (ئەمەیش رستەی سەر زاری ئەوە "دێو و درنجەکان لەوێن!) ئەو پێی وایە ئەگەر هەر کەسێک لەماڵەکەیدا خاوەنی کتێب بێت قەت لە رێگای راست لانادا و هەمیشە چاکە دێتە سەر رێگای. بە تەشەرەوە بە خولەی براگەورەی دەڵێ: "ئەگەر کەمێک تەنیا کەمێک لەو پووڵ و پارانەی لە ژێر قونیا لەناو خاک و خۆڵدا شاردوویەتییەوە، بیدا بە کتێب، ئەوا بێگومان گوڵێ قەت وابەسەرنەدەهات و ئاگای لە حەیا و حورمەتی خۆی و تایفەیەک دەبوو کە خەڵکی لەم شارەدا بە سەریان سوێنددەخۆن. دیو و درنج لێوەێن!" حەک کە ئەم برایانەی من هەر کامەیان بە شێوازی خۆیان زیرەکن!

بەڵام رووداوی ئەو رۆژە چی بوو؟ وەک لە خولە دۆڵمە (دیارە خەڵکی کە لە زمانی ئەوە گێڕاویانەتەوە) بیستوومە ئەو رۆژە لە کۆڵانی حەمامەکە، کە رۆژی نۆرەی ژنان بووە، کاتێک باوکم بەنیازی چوونە بازاڕ تێدەپەڕێ، لە توونەکەوە کە هەمیشە تاریک و چڵکن و قووڵ بووە، گوێی لە دەنگێکی نائاسایی دەبێ. ئەگەرچی بەیانی زووەو هێشتا دونیا جوان روون نەبووەتەوە و خەڵکیش چیرۆکی ترسناک و سەیروسەمەرە سەبارەت بە توونی حەمام دەگێڕنەوە، بەڵام باوکم کە

**پیاوێکی بەغیرەت دەبێ، رادەوەستێ و پاش سەرنجێکی ورد و چەند چرکەیی، لێی دەچێتە پێشەوە و هاواردەکا "مام وسوو!... مام وسوو!" وەڵامێک لە مام وسووەوە نابێت کە حەمامچییە و هەموو بەیانییەک زوو ئەوە ئاور دادەگیرسێنێ و ئاو بۆ سەدان کەس گەرم دەکا. ماوەیەک دەنگەکە نامێنێ، پاشان سەرهەڵدەداتەوە،... ئەمجارەیان روونتر. وەک بڵێی کەسێک بە ئارامی دەگری، بەو هەنسکانەوە لەشی رادەتڵەکێنێ. باوکم زیاتر دەچێتە پێشەوە. بەڵام تیشکی چاو برناکا. بۆیە زیاتر هەنگاو هەڵدێنێ و چەند هەنگاوێک دەگاتە ئەو بەر دەرگای تەنەکە و گەورەی توونەکەوە. لەوێدا دەنگەکە زۆر روونترە. باوکم گوێی لە دەنگێکی گریانی ژنانە دەبێ! باشە بەو بەیانییە زووە کە هێشتاکە هەتاو لە کەل دەرنەکەوتووە و مام وسوو کوورەی نێڵ نەداوە و هیچ ژنێکیش بەرێوە نیە بۆ حەمام، ئەم دەنگی ژنانەیە لێرە چی دەکا؟ وەک دەڵێن باوکم بەم بیرانەوە چەند هەنگاوی تر دەرواتە ژوورەوە. لێرەدا خەڵکی شار لە کاتی گێڕانەوەدا دەبنە دوو دەستە: یەکیان دەڵێن وا باش بوو لەوە زیاتر نەدەچووە پێش، چونکە توونی حەمام هەمیشە شوێنی جنۆکە و رۆح بووە و، دەستەیەکی تر دەڵێن کاری باشی کردووە چووەتە پێش چونکە رێک ئەم غیرەتە بووە ئەوی لە خەڵکی تر**

جیاکردووەتەوە، بەڵام بریا پێش ئەوەی ون بێ و بڕوا، بیگێڕایەوە کە داخۆ بەو بەیانییە زووە ئەوە چی بووە بینیویەتی وا بووەتە هۆی سەرگەردانی و جێهێشتنی ماڵ و منداڵ و باوکی پیری.

ڕاستییەکەی ئەوەیە چیرۆکی ئەو بەیانییە لێرەدا کۆتایی دێ و ئیتر کەس هیچی تری لەسەر نازانێ. هۆکارەکەیشی زۆر سادە ئەوەیە کە باوکم ئەو بەیانییە ونبوو و قەت نەهاتەوە تا درێژەی بەسەرهاتەکە بگێڕێتەوە. بەڵام سەیر ئەوەیە چۆن چۆنی خەڵکی لە نیوەی یەکەمی بەسەرهاتەکە ئاگادارن! باشە چ جیاوازییەک لەنێوان نیوەی یەکەم و نیوەی دووهەم دا هەیە؟ دیسان لێرەدا خەڵکی دەبن بە دوو دەستەوە: دەستەی یەکەم دەڵێن مام وسوو گێڕاویەتییەوە کە دوواتر بەسەرهاتەکەی لە زمانی جنۆکەکانەوە بیستووە. دەستەی دووهەم دەڵێن بەو بەیانییە زووە پەنجەرەی دراوسێیەک کراوە بووە و ئەو بەڕێکەوت ئاگای لە هەموو شتێ بووە؟ باشە پرسیار ئەوەیە ئەو دراوسێیە کێیە؟ من بە چەندین جار بەو کۆڵانەدا ڕۆیشتوومەتەوە تا ئەو جیرانە بدۆزمەوە، بەڵام قەت هیچ پەنجەرەیەکی نەبینی بەسەر توونەکەدا بڕوانێ!

باوەگەورە لەم کاتانەدا ئەوەندەی تر رقی هەڵدەستێ و تاقمەکانی دەردێنێ و وەک حاڵەتی پێکەنین لەسەریەک شێتانە دەیانجوڵێنێ. بگرە بە یەکتریشیاندا دەدا. تەقە تەقی پێکەنینە سامناکەکانی باوەگەورە هەموو حەوشە دەتەنێتەوە. من جاری وایە کاتێک حەزی گەمەکردن بە وشەکان دەمگرێ، پێی دەڵێم 'پێکەنینی تەق تەقاوی'. چەندە حەزیش دەکەم زوو پیربم و دیانەکانم بکەوێ و منیش وەک ئەو بەم شێوازە بە دونیا پێبکەنم.

لەناو ئەندامانی خێزان دا تەنیا فاتێ داماوە کە بەدڵ بۆ باوکم دەگری و یادی دەکا، ئەگەرچی قەت نەیبینیوە و نەیناسیووە. من بینیوومە، کاتێک بە عەسر لە پشت پەنجەرەکە رووەوە ژێرزەمینییەکە دادەنیشێ و بە ئارامی و بە کوڵ فرمێسک بۆ باوکم هەڵدەرێژێ. شتێک لە دەروونەوە پێی دەڵێ گەر خەزووری مابا، کچەکەی ئەمەی بەسەرنەدەهات. ئەو پێی وایە لەم دەورەو زەمانەیەدا پیاوێک دەست بکەوێ کە بە تاریکیی بەیانییەکی زوو جورئەتی ئەوەبکا لە توونی پڕ جنۆکەی حەمام نزیک بکەوێتەوە و بەشوێن دەنگی گریانی ژنێکدا بڕوات، ئەوا هەبوونی لەهەر ماڵێکدا دەبێتە هۆی رەوینەوەی هەر نەهامەتییەک بۆ سەر ژنان. فاتێ داماو بە گۆشەی سەرپۆشەکەی

**فرمێسکەکانی دەسڕێ و دەست بەرزدەکاتەوە و دۆعای خێر بۆ خەزووری دەکا، جا لە هەر شوێنێکی ئەم دونیا نەگبەتەدا بێ. فاتێ لە دڵەوە دڵنیایە هەم خوا و هەم باوکم گوێیان لەم دۆعایانەیە. بۆیە فاتێ داماو پێی وایە ئیستایش باوکم، سەرەڕای تەمەنی پیری ئەگەر لە ژیاندا مابێ، بە دەم دەنگەکانەوە سەر بە توونی حەمام و شوێنە تاریکەکاندا دەکا. خولەی مێردی کە زۆر رقی لەم گریانانەیە و پێی وایە کاری خراپی کردووەتە سەر خەوتن و بەزمی ناو جێگایان، بە توڕەییەکی کۆنترۆلکراوەوە دەڵێ: "رێکەوت و موقەددەرە،... رێکەوت و موقەددەر!... تازە پێم سەیرە، ئەوە باوکی منە و ونبووە و بۆی ناگریم کەچی تۆیەک کە نە بینیوتە و نە دەیناسی، بۆی دەگری و شین و شەپۆڕی دنیای بۆ دەکەی،... بە خوا سەیرە!... ئیتر وایە!". کارمەندی خۆشگوزەرانیش کە باوەڕی بە رێکەوت و موقەددەر نیە، لەم کاتانەدا دەچێ لە تەنیشت کتێبەکانی رادەوەستێ و دەستێ دەخاتە سەر رەفەکان و بە پۆزەوە دەڵێ "من جاری وایە بەو ئاکامە دەگەم پێوەندێک لەنێوان بەفری ئەو بەیانییە و ونبوونەکەدا هەیە. وەک دەزانین بەفر دەتوێتەوە، واتە لە زاتیایەتی بتوێتەوە، ئەگەر ئەم کەلیمەی 'توانەویە' رابگوێزین بۆ رووداوەکە ئەوا دەتوانین وێنەیەکی باشتر دابڕێژین!"**

کارمەندی خۆشگوزەران پێی وایە ڕووداوە سروشتیەکان زیاتر لەوەی مرۆڤ باوەڕی پێیەتی، کاردەکەنە سەر ژیان و دەروونی مرۆڤ. من پێم سەیرە کارمەندی خۆشگوزەران بەم ئەقڵە بەرفراوانەیەوە بۆچی نەبووەتە نەتەوەیی! ئاخر لای مرۆڤی نەتەوەیی، خاک خاوەن مانای گەورە و بێ هاوتایە و هەموو شتێ لەوەوە سەرچاوە دەگری. بگرە بەفریش.

من لەو کاتەوە بوومەتە نەتەوەیی، زیاتر لە جاران دەچم و بەناو سروشت دا دەگەڕێم. بەناو شاخ و پێدەشت و لێڕەوار و چۆمەکاندا گوزەردەکەم و روخسارم دەدەمە دەست 'با'، نیگاکانیشم بەرەو دوورەدەستەکان. پێموانیە هیچ کام لە ئەندامانی بنەماڵەکەی من ئەم ئەزموونەیان کردبێ، تەنانەت باوەگەورەیش. باوەگەورەیش؟ نا، ڕاوەستن! لەمەدا هەڵەم. من پێم وایە باوەگەورە نەتەنیا ئەم ئەزموونەی کردووە، بگرە لەوێش تاقمەکانی دەرهێناوە و وەک هەمیش پێیانەوە بە هەموو شتەکانی دەورووبەری پێکەنیوە. ئیتر وەهایە! باوەگەورە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا حەزێکی سەیری بۆ پێکەنین تیا دروست بووە. جاری وایە لەبەر خۆمەوە دەڵێم بەس نیە وزەی گەنجیەتی تیانەماوە، ئەگینا دونیای بە پێکەنینەکانی شێت دەکرد.

رنگە پێتان سەیر بێ، بەڵام من لە زریکەکانی گوڵێ لێوبەبزەدا حەز و لەززەتی ئەو رۆژەی ژێرزەمینییەکەیش دەبینمەوە! لە قریشکەکانی گوڵێ دا هەم رۆژە ناخۆشەکان دێن و دەرۆن و هەم رۆژە خۆشەکان، هەم ساتە بەلەزەکان و هەم ساتە تاریکەکان. گوڵێ لەمێژە بەیەک زمان باسی هەموویان دەکا. ئەو تا دەتوانێ چاوەکانی دەقونجێنێ و دەمی دەکاتەوە، نا، ببورن قورگی دەکاتەوە،... تەح! رۆحی دەکاتەوە. ئیتر هەموو شتێ دەبێ بە دەنگ. من پێم سەیرە لە کتێبە پیرۆزەکاندا لە لایەن خوداوە رۆژێک بۆ خوڵقاندنی دەنگ تەرخان نەکراوە. دەنگ، بە بێ هیچ وشە و رستەیەک. تەنیا دەنگ. ئەو کات دوواتر مرۆڤ دەیتوانی وشە و رستەی باربکات. نەک وەک ئیستا کە سەرەتا کەلیمە هەبوو و دوواتر دەنگ. گەر وا بوایە، پێم وابێ دەنگ زیاتر لە ئیستا رێز و گوێگری دەبوو. ئیتر کاری گوڵێ لێوبەبزە تەنیا نەدەبوو بە قیژەو قیژە بە بێ هیچ کاردانەوەیەک لە لایەن دانیشتوانی ئەم حەوشە یاخود خەڵکی شارەوە. حەوشە، کۆڵان، گەڕەک و شاریش وەها بێدەنگن کە تەنانەت جاری وایە گومان دەکەم لەوەی خودی گوڵێ یش گوێی لە خۆی بێت! ئاخر کەسێک دەتوانێ گوێی لەخۆی بێت کە ئەوانی تریش ببیستن. گوڵێ کەڕ و کوێرە. پڕە لە هاواری بێهوودەیی. پڕە لە

بەتاڵی. لە ئاسمانێک دەچێ کە پێی وایە چڕی هەورە رەش و باراناوییەکانە و، کەچی لە راستیدا ساماڵی ساماڵە. ئاسمانێک بگرە بەتاڵ لە خۆیشی. فاتێ داماو لە راستیدا بۆ بەتاڵاییەکان دەگری. بۆ پێش خوڵقانی زەمین و ئاسمان، بۆ پێش جیابوونەوەی رۆشنایی لە تاریکی و ئاو لە خاک، بۆ پێش ئەستێرەکان. ئەو پێی وایە ئەگەر رۆژێک بەناوی پشوو نەدەبوو ئەوا دونیا بێگومان باشتر دەبوو. لای ئەو دونیا شوێنی حەسانەوە نیە. بەم بوونەوەرەوە کە ناوی بنیادەمە، حەسانەوە، خراپترین بڕیاری خودا بووە. مرۆڤ بەردەوام رۆژێکی لە حەوت رۆژی ژیانیدا کەمە. لەم کاتانەدا من زۆر لە بڕیارەکەی خۆم بۆ بە نەتەوەیی بوونەکەم لەخۆبایی دەبم. من بەم بیرە، رۆژی حەوتەمیش پڕدەکەمەوە و هەڵەیەکی 'بوون' قەرەبوو دەکەمەوە،... بۆ هەموو جیهان و بۆ هەموو مرۆڤەکان. بۆیە دەچمە پشت پەنجەرەکە و رەپ رادەوەستم و ئەو سرووده نەتەوەییانە بە دەنگێکی بەرز و بەهێزەوە دەڵێمەوە وا فێریان بوومە. باوەگەورە وەک هەمیشە لەوبەرەوە لە پشت پەنجەرەکەیەوە تاقمەکانی دەرهێناوە و پێدەکەنێ. بەڵام من واز ناهێنم، بیری نەتەوەیی بە خۆشییەوە هەموو شتێک دەگرێتەوە، تەنانەت تاقمە پێکەنیناوەییەکانیش. جاری وایە

**هەستدەکەم دەنگی وەبەریەککەوتنی دیانەکان سازێکن لەناو ئەو کۆڕەی بۆ منی لێدەدەن.**

**کاوە شێلم لە لایەن باوکییەوە راسپێردراوە دەبێ کاربکا. هەر چواروەرزی ساڵ. چ بخوێنێ و چ نەخوێنێ، فەرق ناکا. ئەو زۆر سادە، دەبێ کاربکا! کارمەندی خۆشگوزەران پلانەکەیشی بۆ داناوە: زستان، شێلم فرۆشی و، هاوینانیش گوڵەبەڕۆژە (لەجۆری رەش). فەلسەفەی کارمەندی خۆشگوزەرانیش زۆر سادەیە: شێلم چونکە شێلم هەم هێزی یاد واتە حافزە زیاددەکا و هەم هێزی جنسی و هەم دژی برۆنشیتە (دیارە قەت لای دانیشتووانی حەوشە باسی سیفەتی دووهەمی شێلمی نەکرد و بە شاراوەی هێشتییەوە). ئەو پێی وایە لەم وڵاتە حافزە و هێزی جنسی ئەو دوو شتەن کە زۆر خێرا دادەبەزن و برۆنشیتیش، چونکە تەپ و تۆز لەسەر جادە و شەقام و کۆڵان زۆرە (بەهۆی قیرەتاو نەکردنی ڕێگاو بانەکانەوە، یاخود خراپ قیرەتاوکردنیان). گوڵەبەڕۆژەی رەشیش، چونکە هەم خوێی کەمترە و هەم چەوری (لەچاو گوڵەبەڕۆژی سپی) و جگە لەمە لەم وڵاتە خەڵکی کاتی بەتاڵیان زۆرە و واباشترە خەریکی ترووکاندنی توو بن. ئەو کە هەندێ لاپەڕەی کتێبی مێژوویی بە ڕێکەوت خوێندووەتەوە، پێی وایە لەهەندێ وڵاتدا نائارامی**

و شۆڕش (حەزدەکا زیاتر لە وشەی نائارامی کەڵک وەرگرێ) سەریهەڵداوە چونکە خەڵک کاتی بێکارییان زۆر بووە. کارمەندی خۆشگوزەران کە بەتوندی دژی شۆڕشە و بە تێکدەری دۆخی باوی دەزانێ بێ ئەوەی بتوانێ جێگرێکی بۆی هەبێ، بە کاوەی کوڕی دەڵێ، تا دەتوانێ بە حەماسەتەوە و بە دەنگی بەرز، بەرزتر لە قیژەکانی گوڵێ لێوبەبزە، ڕێکلامە بۆ تووە ڕەش بکا. بۆیە کاوە هاوینان زۆر جار دەنگی دەنووسێ و کە قسە دەکا دەڵێی لەناو بیرەوە دەدوێ! لە لایەکی ترەوە کارمەندی خۆشگوزەران هەندێ جار وەختێ ویژدانی دەبزوێ، کاتێک باسی ڕووداوەکەی نێوان گوڵێ و کاوەی کوڕیەتی، هەردووکیان بەری لە گوناح دەزانێ و لەبەر خۆیەوە بە خۆی دەڵێ کار کاری شێلم بووە! ویژدانیشی ڕاحەتە. چونکە دەڵێ: "وەک چۆن دەوا و دەرمان کارتێکەریی لاوەکیشی هەیە و بۆ لەش چەندە چاکە ئەوەندەیش زیانبارە، شێلمیش وەهایە. بۆیە مرۆڤ دەبێ لەگەڵ کارتێکەرییە لاوەکییەکانی بژی و تەواو،... دێو و درنجەکان لەوێن!" وەک چۆن بنەماڵەکەی ئێمە هەنووکە لەگەڵی دەژی و دەتوانێ زریکە سامناکەکانی گوڵێ لێوبەبزە هەتا ئەبەد تەحەمول بکا. من کە لە دەروونەوە سەرسامی بیر و بۆچوونەکانی کارمەندی خۆشگوزەرانم، هەست دەکەم

قیژەکانی گوڵێ رۆژبەڕۆژ بۆم ئاسایی تر دەبنەوە. تەنانەت ئەم ئاسایی بوونەوەیە لە دووای ئەوەی بوومە نەتەوەییش، هەر درێژەی هەبوو و بگرە بەهێزتر و بەهێزتر دەبوو. گوڵێ لەخۆوە ئەوەندە مەسەلەکەی بە قووڵی وەرگرتووە!

بەڵام کاوە شێلم ئەرکی سەر شانی بوو هەر بە ئەندازەی کار و کاسبییەکەی ئاگای لەدەرس و دەوریشی بێت و باش بخوێنێت. وایشی دەکرد. کە دەهاتەوە، لە ژوورەکەی پشتەوە کەرخوێنی دەکرد و هەر دەرسێکی بە چەندین و چەندین جار دەورە دەکردەوە. ئەو وەک گوڵە بەڕۆژە بۆ دەرسەکانی ورد بوو و وەک شێلم پڕ لە یاد و وەبیرهێنانەوە. باوکی بە غوورورەوە کتێبخانەکەی پیشان دەدا و، دەیگوت "ئەمەیش هی تۆیە!... دێو و درنجەکان لەوێن!" کاوە وەک شێلمی کوڵاوی قڵشاوی ناو مەنجەڵی داشقەکەی، بزەی دەهاتێ و فەخری دەکرد کوڕی پیاوێکی وەهایە. بیری دەکردەوە گەر گوڵێ لێوبەبزە وەک ئەو خوێندەوار بایە و چووبایە بۆ قوتابخانە ئەوا بێگومان چارەنووسێکی باشتری لەم قیژوقاوە بێسوود و رقهێنەرە دەبوو. بۆیە لەبەر خۆیەوە پێکەنینی بە مامی واتە بە خولە دۆڵمە دەهات و دەیگوت: "دەی هەر پووڵ بخە ژێر قنت!... دەی!"

**کاوە بە ژیانی خۆی رازی بوو. کاتەکانی ناو شەقام خۆش بوون، ئەگەرچی سەرەتا بۆی زەحمەت بوو، ئەگەرچی هەستی دەکرد بڕیاری باوکی بڕیارێکی سەیر و سەمەرە بوو و لەگەڵ بیر و شێوازی ژیان و قسە زلەکانی نەدەهاتنەوە. بەرەبەرە لەگەڵ خەڵکێکی زۆر ئاشنا ببوو و هەر ئێوارەیەکیش دەگەیشتەوە ماڵەوە هەموو حسێب و کتێبێکی تەسلیمی باوکی دەکرد. دوو داهات، ژیانیانی باشتر کردبوو. بەربەرە باوکی بیری لە کڕینی ماشینێک دەکردەوە. لەو ماشینانەی کاتێک هۆڕن لێدەدەی هەموو خەڵکی لات بۆ دەکەنەوە و، تۆیش بێ ئەوەی سەیریان کەی لەبەر خۆتەوە بزەیەک دەتگرێ. بزەی وەرگرتنی سەرنج لە سەردەمێکدا خەڵکی شار بەهۆی قیژەکانەوە بە جۆرێکی تر سەرنجت دەدەن. کاوە لەچاو هاوتەمەنەکانی لە جل و بەرگدا پۆشتەتر و رێک و پێکتر بوو. هەروەها جۆرێک لە بێ دەربەستبوون و خۆبەزلزانینیش رووی تێکردبوو. بە دەنگی بەرز بەڵام بەدوور لە هەر چەشنە هەستێک دەدوا. رستەکانی پڕی وشەی بەقوربان و بەساقە و کەلیمەی جوان و خۆش بوون، بەڵام بە لەحنێکی سارد. ژیانی سەر شەقام و راوەستانی زۆری تەنیشت داشقەکەی و دیتنی خەڵکی زۆر، سیمای کردبوو بە سیمایەکی راگوزاری. کاوە شێلم تا دەهات زیرەک و زیرەکتر دەبوو،**

بەڵام هەر بەو رادەیەیش بێ دەربەست و بێ دەربەستر،... زارەکی و زارەکی تر،... هەروەها رواڵەتی و رواڵەتی تر. ئەو هەم کەسایەتییەکی خوێندەوار بوو و هەم کەسایەتییەکی بازاڕی. ئەو بەردەوام لەسەر ئەو دووڕێیانەبوو. بڕیارنەدەر و چاوەڕوان.

زۆر جار بیر لە دایکم دەکەمەوە. هەر کە منی ببوو، ئەوەندەی پێنەچووبوو لە رۆژێکی پاییزیدا کاتێک گەڵا چییە بە یەک درەختەوە نامێنێ، بەدوور لەهەر چەشنە چاوەڕوانییەک، رێک لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا، کە ئەو ساتانە گڵ و خۆڵ بووە، کەوتووەتە سەر عەرز و دەستبەجێ گیانی داوە (کەواتە من لە سەرەتای پاییز لەدایک بوومە، زۆر جار هەست دەکەم دەنگی توونی حەمامەکە گریانی دایکم بووە بۆ من). من دووامنداڵی دایکم بووم. سێ کوڕی ببوو، بە بێ هیچ کچێک. وتبووی من لە تایفەیەک نێرینەی زۆر تیابێ دەترسم. وتبووی نێرینەکان کاتێک مێینەکانیان لەبەر چاو نابێ، خەیاڵاتی عەجایب و غەرایب بە مێشکیاندا دێ، بۆ وێنە پێیان وادەبێ دەتوانن هەموو دونیا لە چەند چرکەیەکدا بگۆڕن. وتبووی قسەی 'لەپڕێ دەیەوێ ببێ بە کوڕێ' لێرەوە هاتبوو، لە بنەماڵە نێرینەکانەوە. باوکم تەنیا پێکەنیبوو! کەس نازانێ پێکەنینی خۆشی بووە یان شادیی و زیرەکیی

ژنەکەی. دایکم ئەگەرچی لەنێوان بەدونیاهێنانی دوو کوڕی یەکەم و کوڕی سێهەمی کە من بم جیاوازییەکی زۆری دەبێ، بەڵام لای گرینگ نابێ. تەنیا شتێ ئەو ئازاردەدا گوایا کارەکەی باوکم دەبێ کە هەموو بەیانییەک پێش ئەوەی دونیا رووناک بێتەوە لەخەو هەستاوە و رۆیشتووە. باوکم سەروپێ فرۆش بووە. بۆیە بەناچار زۆر زوو لەخەو هەستاوە. زوو هەستانەکانی بەناچار فێری زوو خەوتنی کردووە. بۆیە بەشەو زۆر بە کەمی لەگەڵ بنەماڵەکەی دانیشتووە. من کە لە رازی ونبوونی سەروپێ فرۆشێکی وەک باوکم کە بە روالەت ژیانێکی زۆر ئاسایی بووە تێناگەم، پێم وایە کارمەندی خۆشگوزەران و خولە دۆڵمە زۆر لە من بەختەوەرتر بوونە کە توانیوویانە سەردەمانێک لە خانوویەکدا بژین باوکی تیابووە. گوایا باوکم عادەتی سەیری هەبووە. بۆ وێنە کۆترباز بووە. ئێواران کاتێک لە دووکان هاتووەتەوە، ماوەیەک خۆی بە کۆترەکانییەوە مەشغوڵ کردووە. دەڵێن هەمیشە بۆنی سەروپێ و کۆتر و جگەرەی داوە (جگەرەکێشێکی سەیریش بووە). هەر بە هۆی ئەویشەوە دایکم بۆنی کۆتر و سەروپێ و سیگاری گرتبوو. دەڵێن قەت نیگا و سەرنجی نەچووەتە سەر ژنی تر. چاو تێر و مرۆڤێکی بەحەیا بووە. بەڵام کۆترە مێینەکانی بە ناوی ژنەوە ناو ناوە. شلە

خەجێ، ئامە سینگ پان، جوانێ، سۆیبە لەنجەولار و پەری چاوبەئەشقەڵ! ئەمە بەشێک لە ناوەکانن. کامە گەنمی جوانیشە بۆی کڕیون. کاتێک بوونەوەرەکانی ناو حەوشەکەمان دێنەوە سەر ئەم بیرەوەرییە، هەڵوێستی جۆراوجۆر دەنوێنن. باوەگەورە بێدەنگە. خولە دۆڵمە لە نێوان ونبوونەکەی باوکم و کۆترەکاندا رازێک دەبینێتەوە و کارمەندی خۆشگوزەرانیش کۆتربازی بە مایەی ئابڕوچوونی تایفەکەمان دەزانێ و پێی وایە ئیتر لەمە خراپتر نەبووە و نابێ. من پێم وایە رووی نیە، ئەگینا بە راشکاوی دەیگوت "مافی خۆی بوو بێ سەروشوێن بوو، ئاخر پیاوی گەورە چۆن بە بانانەوە دەبێ! دێو و درنجەکان لەوێن!" من هەمیشە بەڕێکەوت کاتێک گوێم لە گۆرانی 'ئەرێ بە بانانەوە' دەبێ بیری ئەم قسەیەی کارمەندی خۆشگوزەران دەکەومەوە. هەڵبەت نە فاتێ داماو و نە مەنێ بوغزن و نە گوڵێی بەستەزماننیش قەت هیچ راوبۆچوونێکیان لە سەر باوکم و عادەتەکانی نەبووە. ئەوان تەنیا گوێیان گرتووە. گەر بیریش لە من دەکەنەوە دەبێ بڵێم عادەتەکانی باوکم تەنیا سەرنجی من دەقۆزنەوە و بیرم دەجوڵێنن. بەتایبەت کاتێک بیر لە ناوی کەسەکانی تایفەکەمان دەکەمەوە کە زۆر لە شێوە ناولێنانەکانی باوکم بۆ سەر کۆترەکان دەکەن. بە تایبەت ناوی گوڵێ و

مەنێ و فاتێ. هەرچەند هەرچی دەکەم قەت ناگەمە ئامانجێ و هەموو شتێ وەک هەمیشە وەک رازێک لەلام دەمێننەوە.

رۆژێک کاتێک وەک هەمیشە بەدەنگی بەرز خەریکی خوێندنی سروودێکی نەتەوەییم، وشەکانی ئاسۆ و باڵندە و فڕین و نامرین سەرنجم رادەکێشن و بیری باوکمم دەخەنەوە. سێ وشەی یەکەم چەندە لە کۆتربازییەکانی باوکم دەکەن! وای وای، ئیستا تێدەگەم. باوکیشم نەتەوەیی بووە! وەک من، بەڵام بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ! نا، رەنگە زانیبێتی. زانیوویەتی و لای کەس نەیدرکاندووە. ئەو ژێرزەمینی و بە شاراوەیی نەتەوەیی بووە. ئەمە ئاسایی دەنوێنێ. کاتێک مرۆڤێک بەیانی زوو، کاتێ هێشتا هەتاو نەکەوتووە، لەخەو هەستێ و بە شەویشدا نەتوانێ لەگەڵ ژن و منداڵی بە گوێرەی پێویست دابنیشێ، بێگومان رۆژێ لەرۆژان دەبێتە نەتەوەیی! چەندە خۆشحاڵم من بەڕێکەوت بیروڕایەکم هەڵگرتووەتەوە کە لە راستیدا هی باوکم بووە. دایکیشم بە شوێن لەدایکبوونی مندا مرد چونکە کوڕێکی لە سکی خۆیدا هەڵگرتبوو کە قورسترین کوڕی دونیا بووە! من کە لە گرینگیی بیروڕاکەم بە تەواوی گەیشتووم، هەست دەکەم ئەرکێکی گەورە هاتووەتە سەرشانم، ئەرکێک کە تا ئەم ساتەوەختە بەجوانی تێی

نەگەیشتبووم. باشە دەبێ چی لەم بیرەم بکەم؟ خۆ ناکرێ هەتا ئەبەد درگا و پەنجەرە لە خۆم دابخەم و لە ناو ژوورەکانمدا و لە کاتێکدا تاقمەکانی باوەگەورە نامەردانە بەڕوومدا پێدەکەنن، هەر سروود و سروود بخوێنم. نا، ئەمە کاری من نیە. بەڵام چی بکەم؟... ئەم بیرە نوێیەم چۆن چۆنی لە بوونێکی دەروونییەوە بکەم بە بوونێکی دەرەکی؟ هەست دەکەم لەم حەوشەیەدا تەنیا مەنێ بوغزنە کە هیچ هەست و سۆزێکی بەرامبەر بە چیرۆکی باوکم نیە. مەنێ زۆر بە خۆی و ژیانی بنەماڵەکەیەوە سەرقاڵە. کاتەکانی ژیانی سات بە ساتی دیارن و، دەزانێ دەبێ چۆنیان تێپەڕکا. هەموو رۆژێ ناو ماڵەکەی خاوێن دەکاتەوە (وەک دەڵێ لفکەی لێدەدا)، هەفتەی جارێک هەموو فەرش و لێفە و نوێن دەهاوێتە دەرەوە و ناوماڵ لە ژێر پێستەکەیەوە پاکژدەکاتەوە (بۆ خۆی ناوی لێناوە کێسەکێش کردنی)، مانگی دوو جاریش هەموو شووشەکان دەشواتەوە و جوان جوان دەستماڵیان دەکێشێ. ئیتر لەوە گەڕێ کە بەدرێژایی رۆژ پەڕۆیەکی بەدەستەوەیە و لێرە و لەوێ تۆز دەسڕێتەوە. بە کورتی ناو ماڵەکەی وەک شووشە شەبەق شەوق دەداتەوە. تەنیا شوێنێک خۆی لێنادا کتێبخانەکەی کارمەندی خۆشگوزەرانی مێردیەتی. هەستێک لەدەروونییەوە پێی دەڵێ

ئەم کتێبانە سەرەڕای رواڵەتی ئارام و بێدەنگیان، سەرچاوەی گۆنگڵن. بەخۆشییەوە مێردەکەی تەنیا دەیکڕین بە بێ ئەوەی بیانخوێنێتەوە. کتێبخانەکە رێک لە ژووری دانیشتنەکە بوو و کارمەندی خۆشگوزەران کاتێک میوانیان دەهات بە شانازییەوە لە تەنیشتیدا دادەنیشت وهەوڵیدەدا لە قسەی دانە دانە کەم نەهێنێت و نیشانی بدا کە هەموو ئەم کتێبانە هاوکات لە شوێنێکی تریشدا، واتە لە مێشکی ئەودا، هەن. مەنێ سەری بە زیرەکیی مێردەکەی سوڕدەما. نەیدەزانی ئەم قسە سەیرو سەمەرانە لە کوێوە دێنێ. بۆیە بەو ئاکامە گەیشتبوو کە هەبوونی کتێب خۆی لە خۆیدا و هاوکات تەنیا بە خوێندنەوەی ناوەکەی مرۆڤ زیرەک و وشیار دەکا. کارمەندی خۆشگوزەران کە تا پێنج کلاسی خوێندبوو بۆ هەموو شتێ قسەی تری پێ بوو، وتەکانی لە هی هەموو کەس جیاوازبوو. بۆ وێنە کاتێک ساڵێکیان لافاو هات و نیوەی گەڕەکەکانی شاری خستە ژێر خۆیەوە، بە پێچەوانەی خەڵک کە دەیانگوت کاری خوایە و رەزای ئەوەی لەسەر بووە و نیشانەی غەزەب و تووڕەییەتی لە گوناهی عەبدی سەردەم، ئەو دەیگوت "کاتێک ئاوی چەمی کەڵوێ لە هاوین بە هۆی تینی گەرمی هەتاوەوە دەبێ بە هەڵم و دەچێتە ئاسمان، ئەو هەڵمە لەوێ دەمێنێتەوە تا زستان و پاییز و بەهار، ئەوسا دەبێ بە

هەور و دوواتر باران. ئەگەر هەورەکان زۆربن ئەوا دەبێ بە لافاو و ئەگەر کەم دەبێ بە ئاوی ناو جۆگە و چۆمی شار،... دێو و درنجەکان لەوێن!" بەخۆشییەوە هیچ کام لە میوانەکان نەیاندەتوانی لە قسەی کارمەندی خۆشگوزەران دا قسە بکەن و ئەگەرچی زۆر کەیفیان بە وتەکانی نەدەهات، بەڵام دەڵێی سەریشیان لەم هەموو عیلم و زانستە نایابە سوڕدەما. تەنیا شتێ مەنێ بوغزنی ئازاردەدا ئەوە بوو کە نەکا مێردەکەی وەک باوکی رۆژێ لە رۆژان ون بێ و بۆ هەمیشە جێیان بێڵێ. شتێ لە دەروونەوە پێی دەگوت شێتیەتی بەمیرات دەمێنێتەوە و هەربۆیە هەتا دۆخەکە وەک ئیستای خۆی بایە، سەرەڕای قسە سەیرو سەمەرەکانی مێردەکەی، دیسان بە بەشی خۆی لە گەردوون یەکجار رازی بوو. مەنێ لە مێژ بوو لە لای خۆی پلانێکی دارشتبوو، ئەویش ئەوە بوو بە هیچ کلۆجێک قەت باسی خەزووری لەم ماڵەدا نەکرێ (لانیکەم بۆخۆی قەت دەسپێشخەری نەکا). بەخۆشییەوە لەوە نەدەچوو مێردەکەیشی زۆر لە دونیای باوکیدا بێت. تەنیا شتێک مەنێی ئازاردەدا، باوەگەورە بوو. باوەگەورە بەو بێدەنگییە و بە شێوازی هات و چوو و پێکەنینەکانی، ئاماژەیەکی سەیر بوو بە بەسەرهاتی خەزووری. لەبەر خۆیەوە دەیگوت "ئەم چرچنە پیسکە هەموو شتێ دەزانێ،... هەموو

**شتێ!... لفکەیەکی دەوێ!" هەرچەند من پێم وایە باوەگەورە هیچ نازانێ و تەنیا بە هۆی پیری و دووپاتبوونەوەی لەڕادەبەدەری رووداوە ئاساییەکانی ژیانی و تەنیایی وا دەنوێنێ کە زۆر شت دەزانێ. مەنێ هەموو شتێ دەکا بۆ ئەوەی کارمەندی خۆشگوزەران لەگەڵ باوەگەورە زۆر نەدوێ. بۆ وێنە ناهێڵێ بانگی بکا، زووتر لە فاتێ داماو چێشتی بۆ دەبا بۆ ئەوەی گارانتیی دانیشتنەکەی لە ژوورەکەی خۆی کردبێ، هەروەها قەت سەری قسە و باس سەبارەت بە باوەگەورە لەناو ماڵی خۆیدا ناکاتەوە. مەنێ کە سەرەتا لە گەڵ فاتێ داماو موویان بە بەینا نەدەچوو، لەدووای قەومانەکەی نێوان کاوە و گوڵێ، ئیتر ئەو گەرم و گوڕیەیان نەما و هەتا پێی دەکرا هەوڵی دەدا خۆی لە فاتێ دوور رابگرێ. هەرچەند فاتێ وەک هەمیشە سەرەڕای ئەوەی کچەکەی ئەو بوو هەموو گوناحەکەی بەسەردا شکابووەوە و لەو ژێرزەمینییەدا زیندانی کرابوو، هەوڵیدەدا پەیوەندیی خۆی لە گەڵ هێورژنەکەی ئاسایی بێڵێتەوە. راستییەکەی ئەوە بوو فاتێ زۆر دڵ و دەروون پاک و سادە بوو. لەو ژنانە بوو کە هەمیشە هەوڵیدەدا لایەنی چاکەی مرۆڤەکان ببینێ و لەسەر ئەو لایەنەیشیان پێداگربێ. فاتێ ئەوەندە لەم حاڵەتە زێدەڕەویی دەکرد کە لەبەر چاوی زۆر کەس دا وەک گەمژە دەهاتە**

بەرچاو. گەمژەیەکی بێ ئازار و میهرەبان کە من پێموایە گەر نموونەیان زۆر بایە، دونیا بەڕاستی دەبوو بەو بەهەشتەی وا باسیان دەکرد. بۆیە من پێموایە بەهەشت نیشتمانێکە پڕ لە مرۆڤە گەمژەکان.

ئەو ساڵەی بۆ یەکەمجار فڕۆکەیەکی بچووک لە دەشتێکی تەختکراوی خۆڵینەی باکووری شار نیشتەوە و هەموو شار بە هەڵات هەڵات و غاردان چوون بۆ بینینی، هەموو پیاوماقوڵانی شار و ئەو کەسانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک کەسایەتیی شار سەیریان دەکرا، بانگهێشت کرابوون. فڕۆکەکە هەڵگری ئەفسەرێکی سوپا بوو کە قەرار بوو لەوێوە سواری ئۆتۆمبیلێک بکرێت و بچێ سەردانی سەربازخانە گەورەکەی تەنیشت رۆژئاوای شار بکا، پاشان بە هەمان ئۆتۆمبیل بگەڕێتەوە لای فڕۆکەکە و بەرەو ئەو شوێنە نەناسراوەی بفڕێتەوە وا لێیەوە هاتبوو. یەکێک لەو کەسانەی کە دەبوایە بۆ ئەم مەراسمی پێشوازییە بانگهێشت بکرایە و نەکرا، باوەگەورە بوو. کەس نازانێ ئەو فڕۆکەیە و ئەو ئەفسەرە بۆ هاتن و بۆ باوەگەورەیان دەعوەت نەکرد. کارمەندی خۆشگوزەران کە ئەو کات منداڵ بووە و یەکێک لەو کەسانە بووە بە غاردان و هەنیسکە هەنیسکە خۆی گەیاندبووە فڕۆکەخانە پەرپووت و بێ بیناکە، دەڵێت "ئەو رۆژە زۆر گەرم بوو، دەڵێی رۆژی حەشر بوو،

هەموو خەڵکی شار لە گەورە و چووک روویان کردبووە ئەوێ، بەڵام بە داخەوە نەیاندەهێشت زۆر لە تەیارەکە نزیک کەوینەوە و هەر لە دوورەوە توانیمان بیبینین، بەڕاستی جوان و سەرنجڕاکێش بوو! وەرەو ئاسن بفڕێ، ئەو ئەفسەرەی دابەزی دەستی لەگەڵ هەموو ئەو پیاوماقوڵانە لێدایەوە کە بەڕیز و بە سەف کرابوون، بێگومان ئەگەر ئیستا بوایە منیش یەک لەو پیاوە ماقوڵانە دەبووم!... دێو و درنجەکان لەوێن!" ئەوسا باسی پەنجەرەی تەیارەکە و کلکی و باڵەکانی کرد. ئەفسەرەکە، بە ماشینێکی سەربازی کە لە پادگانەکەوە هاتبوو بە شوێنیدا، دەڕوا. گوایا ئەو شەوە دانیشتوون و لەگەڵ بەرپرسەکانی تری سەربازخانەکە باسی پیاوێکیان کردووە کە رەنگە لەم شارەیش وەک هەموو شارەکانی تر هەڵکەوێ. پیاوێک کە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ژن و منداڵی خۆی جێ بێڵێ و هەتاهەتایە چاوی لە نیشتمان و لەم سەربازخانەیە و لە ژیانی خۆی مۆڕبکاتەوە. ئەو پیاوەی وا نە دەربەستی ژیانی خۆیەتی و نە دەربەستی ژیانی ئەوانی تر. پیاوێکی توڕە کە دەتوانێ هەتا دەژی بە شوێن توڕەییەکەی خۆیدا رابکا و بژی. پیاوێک کە بێ تەحەمولەو بچووکترین و بێ ماناترین رووددا دەتوانێ لەلای وەها گەورە بێتەوە کە چاوی جگە لەو رووداوە ئیتر هیچی تر

نەبینێ. ئەفسەرەکانی تر کە بەم قسانە واقیان وڕدەمێنێ و هەر کامەیان لەلای خۆیەوە هەوڵدەدا جوانتر سیمای پیاوێکی لەم چەشنە بێنێتە بەرچاوی خۆی، بە نیشتمان و بە ئاڵا و بە سەرۆک سوێند دەخۆن کە قەت نەهێڵن وەها پیاوێک توخنی ئەم شارە و وڵات بکەوێ. ئەفسەرەکە خەنی لەم وەڵامە و پشت ئەستوور بە ئیرادەی هاوڕێکانی بەرەو تەیارەکە دەگەڕێتەوە و لەناو ئاسمانی شین و دووری ئەو رۆژەدا لە بەر نیگای شەوق ئامێزی خەڵکی تەپ و تۆزاوی و تینووی شار وندەبێ. کارمەندی خۆشگوزەران دەڵێ "من یەکێک لە بەختەوەرترین ئینسانەکانی سەر رووی زەمینم! فڕۆکە وەک باڵندەی خۆشبەختی وایە، تەنیا یەک جار لەسەر بانەکەت دەنیشێ!"

لای خولە دۆڵمە ئەم قسانە پێنج فلس ناهێنێ. بەو چی فڕۆکەیەک لەو سەری دونیاوە دێت و لێرە لە دەشتێکدا دەنیشێت و پیاوێکی جل و بەرگ رەنگین لێی دادەبەزێت و بە بێ ئەوەی یەک فلسی لە دەست بێتەوە بەخۆڕاوەشاندن و فیزەوە ئەم سەراوسەری شاردەکا. ئەم خەڵکەیش بێکار و هیچ و پووچن! گەر کەمێک مێشکیان کاری بکردایە ئەو رۆژە نە روویان لە دەشتەکە دەکرد و نە ساڵانی ساڵ دوواتریش بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە. تازە گەر بەچاوی خۆیشی بیبینێ باوەڕناکا ئاسن و تەنەکە

بتوانن هەڵفرن. لێرەدا پشوویەکی بۆ دەدا. "تەنەکە؟" نا، تەنەکە لای ئەو دەتوانێ بفڕێ! لێرەدا سەرەداوی بیرەکانی لێ دەپچڕێ. بێگومان لای خولە، تەنەکە یەکێک لەو عەجایباتەی دونیایە کە لە ناوچاوانی نووسراوە رۆژێ لە رۆژان دەبێ بفڕێ و دەیشفڕێ. وەها هەواڵێک کەسب و کارەکەی رەونەق دەدا،... خەڵک رێزی زیاتر بۆ کارەکەی نیشان دەدەن. خولە دەستی خۆی دەگەزێ. ئیستا پەشیمانە بۆچی ساڵانی ساڵ لەوە پێش ئەو رۆژە نەچوو بۆ سەردانی تەیارەخانەکە. شتێک لە دەروونەوە پێی دەڵێ هەر ئەوەندە دەرفەتی بایە چاوی پێی بکەوتایە، ئیستاکە دەیتوانی لە دووکانەکەی خۆی نموونەیەکی تری لێ سازبکا و خەڵکی ئەم شارە ئەوەندەی تر بە خۆی و بە هونەرەکەی موعجیب بکا. خولە دۆڵمە چەندین شەو و بگرە چەندین هەفتە خەوی لێناکەوێ. کە دەیشخەوێ، تەنەکەکان دەبینێ خەریکن دەفڕن. رێک لە دووکانەکەی ئەوەوە. تەنیا بەو جیاوازییەوە هیچ ئەفسەرێک لێیانەوە نایەتە دەر. چۆڵی چۆڵن. دەبێ چۆڵیش بن. ئەو وای دروست دەکا کە بتوانێ بێ مرۆڤیش بفڕێ. رێک لەم رۆژانەدایە کە خولە هەستدەکا خەمی کچەکەی لەسەر دڵی یەکجار سووک دەبێ. ئەو ئیتر بیر لە زریکەکانی گوڵێ لێوبەبزە بەو شێوەیە ناکاتەوە. کاری گەورەتری هەیە. جگە لەمە،

**خەم ئەوەی باشە کە بە بەدووپاتبوونەوەی زۆری ئیتر وەک ئەو خەمەی جاران نامێنێ. دادەبەزێ و رەنگی تۆخی دەگۆردرێ. لە خەمەوە دەبێ بە یادەوەری خەم. یادەوەریش قەت وەک خودی رووداوەکە نیە. خولە پێی وایە گەورەترین دوژمنی خەم، خودی خەم خۆیەتی.**

**بەڵام تەنیا باوەگەورەیە کە دەزانێ ئەو فڕۆکەیەی ئەو رۆژە بێهۆ لەم وڵاتە نەنیشت و بێهۆ پیاوێکی وەها قۆز و ئەستێرەلەشان لێی دانەبەزی و رووی نەکردە سەربازخانەکەی شار. ئەو ئەفسەرە کە گەڕایەوە جگە لە شۆفیرەکە و ئەو دوو چەکدارە کە لەگەڵیدا بوون، دانەیەکی تریش لەناو ماشینەکەیدا بووە. نەفەرێکی سەرو دەموچاو پێچراو وکەلەپچەکراو. هیچ کەس نەیزانی کێیە. نە حکومەت ناوەکەی راگەیاند و نە کەسیش تەنانەت بە شێواز ناسییەوە. خەڵکی ئەوەندەی سەرقاڵی تەیارەکە بوون کە زۆر سەرنجی کەسەکەیان نەدا. تەنیا باوەگەورە بوو زانی ئەوە کێیە. ئەو بە بۆن ناسییەوە، بە شێوەی سەرراگرتنی، بە شێوەی هەڵتەک هەڵتەکی جەستەی. بەڵام نە زریکاندی، نە دەستی راوەشاند و نە بوورایەوە. تەنیا رووانی. لای ئەو، دەکرێ گەورەترین کارەساتەکانی ژیانی مرۆڤێکیش تەنیا شیاوی رووانین بن و بەس. بە بێ هیچ جووڵەیەک. تەنیا رووانین. ئەوەندە کە تێیدا نوقم بیت.**

ئەوەندە کە لە رێگای نیگاوە ببی بەو شتەی لێی دەڕوانی. نەک گیانێک لە دوو جەستەدا، بەڵکو دوو گیان لەجەستەیەکدا. بۆیە لای ئەو، ئەو رۆژە تێنەپەڕیوە. هەر لەوێیە. قەت ناگوزەرێ. هەموو رۆژێک لەگەڵ هەلاتنی خۆر لەدەرگا دەدا و دێت لە ناو حەوشەکەدا دادەنیشێ. چەندەیش حەزدەکا بچێت و لای ژێرزەمینییەکە لە لای گوڵێ لیوبەبزە دابنیشێ. باوەگەورە تەنانەت بە زستانیش کاتێک یەک میتر بەفر لە حەوشەکەدابووە و بەلۆعە ئاوەکەی داپۆشیوە، دیمەنەکەی بینیوە. رۆژەکە نە سەرمای دەبێ و نە گەرما. دیمەنەکە تەنیا حەزدەکا لەوێ بێ و بەس. لای باوە گەورە ئەمە تەنیا رووداو و دیمەنی جیهانە کە تاقمەکانی پێی پێناکەنێ. بگرە تاقمەکان لەم کاتەنەدا خۆیان دەشارنەوە، نەک لە دەمی باوەگەورەدا، بەڵکو لە هەوێشخانەکەی کە بۆنی مێخەکی پەنجا ساڵ لەوە پێشی دایەگەورە دەدەن. چەندە رقی لە کوڕەزاکانیەتی کە ئەوانیش وەک خەڵکی لە پاش ساڵانی ساڵ تەنیا گیرۆدەی یادی خودی تەیارەکەن و بەس. کوڕەزا گێژەکان. ئەوانەی تەنیا خەون بە تەنەکە و راوەستان لە تەنیشت کتێبەکاندا دەبینن. ئەو فڕۆکەیە ئەو رۆژە هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی برد. هەموو شتێک. کە حەواکەوت و سوڕێکی بەسەر شاردا دا و لە سەر شاخی کەلیخان بوو بە

پنتێک و ونبوو، تەنیا باڵندەیەکی ئاسنین بوو و بەس. هۆڕاندی. دار و بەرد لە بەریدا دەلەرییەوە. خەڵکی دەیانقیڕاند و دەستیان لێ رادەوەشاند. باوەگەورە دەیزانی کە ئەو شەوە هەموو خەڵکی شار، لە گەورە و بچووک، لەسەر سفرە باسی تەیارەیان بووە و کاتێکیش خەوتوون لانیکەم زۆرینەیان خەونیان پێوە بینیوە. بەڵام کەس نە باسی چاوبەستراوەکەی کرد و نە بۆ چرکەیەکیش زەینیان بە روونی و بە پرسیارەوە چووە سەری. باوەگەورە هەست دەکا جاری وایە تەنیا زریکەکانی گوڵێن لە چاوبەستەکە دەچن. هەست دەکا گەر بتوانێ ئەو زریکەکانە کۆبکاتەوە ئەوا دەتوانێ رووداوەکەی ئەو رۆژە سەرلەنوێ بکێشێتەوە، بەهەموو وردەکارییەکانییەوە. گوڵێ سەرەڕای منداڵبوونی چەندە تام و بۆنی رابردوو دەدا. تفێک بە خەستی رۆدەکاتە بەردەمی و لەعنەت بۆ حەوشەیەک دەنێرێ کە تەنیا مرۆڤەکانی بۆنی گوڵەبەڕۆژە، شێلم، تەنەکە و کتێب دەدەن و ئیتر هیچ. بۆنێکی غەریب کە جاری وایە دڵی تێکدەدا و دەبێتە هۆی رشانەوەی. کە دەیشرشێتەوە، چەند ناخۆشە. هەڵبەت نەک لەبەر بۆنی ناخۆشی، بەڵکو لەبەر تاقمەکانی کە دەبێ سێ رۆژ لەسەر یەک بیانشوا. لەم کاتانەدا مەنێ بوغزن لە پشت پەنجەرەکە دادەنیشێ و هەتا دەتوانێ دوعا و نزا نسیبی ئەو پیرە

قرخنە دەکا کە لەبەر شێرەئاوەکە لاناچێ و بۆنی لە بۆنی سەلکە پیازێکی گەنیو دەکا. ئیتر لەو هەتیوەیش گەڕێ کە ئەگەرچی کەمێک لە براکانی جیاوازترە، بەڵام بەو سروود خوێندنە کەرانەی کە پێی وایە رازی خۆشبەختیی دونیای دوزیوەتەوە، ئەوەندەی تر سەری لە حەوشەکە و لە موناتی سەندووە. ئەو کوڕە کەرەی وا پێی وایە توانیویەتی هەنگاوێک لە رازی باوکی نزیک کەوێتەوە.

بەڵام رازی باوکم چییە؟ بە پێچەوانەی رای باوەگەورەم، منیش دەزانم ئەو رۆژە ئەو تەیارەیە هات و کەسێکی لەگەڵ خۆی هەڵگرت، بەڵام ئەوەی من تێی ناگەم ئەوەیە بۆ باوکی من؟ من پێم وایە باوکی من نەبووە. ئاخر مەگەر باوکی من چی کردبوو؟ وەک روونە هەموو شتێ پەیوەندیی بە توونی حەمەمامەکەی ئەو بەیانییەوە هەیە، بەڵام ئەمە چ رووداوێکە کە دەتوانێ ئەفسەر و تەیارەیەک هەتا ئێرە، هەتا شارێکی سنووری بێنێ و فڕۆکەیەکە لە سەر عەرزی تەپ و تۆزاوی بنیشێنێ؟ من زۆر جاران نزیک ئەو توونە کەوتوومەتەوە، لە نزیک دەرگاکەیەوە لێم روانیووە، تا توانیوومە و تیشکی چاوانم و گەشیی رۆژ ئیزنی داوە، لێی راماوم. بەڵام نەمتوانیووە بە هیچ بگەم. ئەو توونە بۆ من تەنیا تاریکاییەکە و بەس. رەنگە بپرسن بۆچی ئاودیوی دەرگاکەی

نەکەوتووی. لە وەڵامدا دەبێ بڵێم ئەو دیوی نەکەوتووم چونکە نەکەوتووم! نەکا بیر لەوە بکەنەوە دەترسم، نا بە پێچەوانەوە، نەک تەنیا ناترسم بەڵکوو بگرە زۆریش خۆم بە ورە و بە ئازا دەبینم و حەزدەکەم ئاودیوی کەوم، بەڵام دەمێنمەوە،... هەمیشە دەمێنمەوە. وەک بڵێی باوکم هێشتا هەر لەوێیە و گوێم لە دەنگی هەناسەی و هەنگاوەکانیەتی و ئاگادارم دەکاتەوە کە لەوە زیاتر نەڕۆمە پێش. منیش ناڕۆم. باوکم حەزناکا لەپاش ساڵانی ساڵ کاتێک کوڕەکەی لە زارۆکێکەوە بووە بە پیاوێکی ریش و سمێڵ دار، بیبینێتەوە. من بە توندی بەوە باوەڕم هەیە کە دەبێ سنووری هەندێ شت سەرەڕای حەزمان بۆ ئاشکراکردنی، نەبڕین و لێگەڕێین بۆ هەمیشە وەک سنوور و وەک وڵاتێکی نامەکشووف و پڕ لە رەمز و راز بمێنێتەوە. رەنگە هەر ئەمەیش بێت منی کردبێتە نەتەوەیی. هیچ کەس بە قەدەر مرۆڤێکی نەتەوەیی حەزی بە سنوور نیە. ئەوان شەیدای ئەو خەت و هێڵانەن وا لەوێدا هەموو شتێ کتوپڕ کۆتایی پێدێ، ئەوان شەیدای مانا سنووردارەکانن. ئەو پانتاییانەی خۆیان لە خۆیاندا کۆتاییان دێ و حەزیان بە کشان بەرەو شوێنەکانی تر نیە. توونەکە نموونەی دیار و هەرە بەرجەستەی وەها مانایاک بوو بۆ من. بۆیە زۆرم رێزدەگرت.

سەیرە! زۆرجاران بیردەکەمەوە کە تەنیا یەک هەنگاوی تری من دەیتوانی بۆ هەمیشە سەری ئەو رازە ئاوەڵا بکا و کەچی من نەمکرد. شتێک کە لە لای من جێگای سەرسوڕمانە، بە ئیستایشەوە، ئەوەیە چۆن چۆنی مام وسووی حەمامچی کە تەنیا بە گڕی ئاورەکە، کە لە ناو دیوارێکی رەش و زەلام و نووتەکدا دەئایسا و ژوورەکەی رووناک دەکردەوە، پێش داگیرسانی گڕەکە رێگاکەی دەدۆزییەوە؟ چۆن چۆنی قاچی لە شتێ هەڵنەدەکەوت و دەمەوڕوو نغرۆی زەوی نەدەبوو؟ رەنگە هەموو تام و چێژی ئاورکردنەوەکەی مام وسوو لەمەدابێ. خەڵکەکە دوواتر خۆیان دەشۆرد و بێ ئاگا لە چیرۆکی توونی پشتی شوێنی خۆرووتکردنەوە و خۆشۆردنەکە، پیسایی جەستە و رۆحیان دەردەکرد. من بە زستانیش چووبوومە ئەوێ. بەفریش نەیدەتوانی رووناکی بکاتەوە و یاخود پاڵ بە هەنگاوەکانی منەوە بنێ بۆ ئەوەی بمگەیەنێتە ئەوێ. ئەو بەفرەی کاتی خۆی جێ هەنگاوەکانی باوکی منیان تێدا مابووەوەو هەر لەگەڵ ئەو بەفرەیش توابوونەوە. سەیری ئەو سەری کۆڵان دەکەم، سەیری ئەو شوێنەی بەفری تواوە لەوێوە رێچکەی بەستبوو و وندەبوو.

ئیستاکە ئەو ڕۆژانەی دەنگ هەڵدەبڕم و سروودی نەتەوەیی دەڵێمەوە، تەنیا تاقمی دیانەکانی باوەگەورە نین لەوسەری حەوشەکەوە پێم پێدەکەنن، بەڵکوو هەنووکە مەنێ بوغزنیش دێتە وەڵام و دەست دەکا بە پرتە و بۆڵە و، دەڵێ هەر ئەمەمان کەمبوو! لە ڕاستیشدا من هەست دەکەم کە هەر ئەمەم مابوو. لەمەیش زیاتر کاتێک دەنگی من و زریکەی گوڵێ لێوبەبزە و تەقەتەقی دیانەکانی باوەگەورە تێکەڵ دەبوون، حاڵەتێکی ئەفسانەیی وەها حەوشەکەی ئێمەی دادەگرت لە وەسفکردن نایەت. بیهێنە بەرچاوی خۆت دەنگی ئەو دێڕانەی باس لە گەورەیی نەتەوەیەک لەناو قیژەی کچێکی منداڵی دیل و پێکەنینەکانی پیرەمێردێک دەکەن کە ونبوونی کوڕەکەی لەئەو پەڕی باوەڕ پێ بووندا هێشتا بە ئەفسانە دەزانێ. من کە لەم کاتانەدا بەدزییەوە هەست بە گەمژەیی و گێلیەتی خۆم دەکەم، هەوڵدەدەم تا بتوانم دەنگم زیاتر بەرزبکەمەوە بۆ ئەوەی دوو دەنگەکەی تر بخەمە ژێر ڕکێفی خۆمەوە و هەروەها هەستی متمانە بەخۆبوونم بگەڕێنمەوە. هەرچەند قەت لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبووم و دەنگی من تەنیا دەنگێک بوو لە ناو دەنگەکانی تردا. مەنێ بوغزن کە وەک من جوان شیعرەکەی بە هۆی گوتنەوەی زۆری من لەبەرە، دەمە لاسکێم دەکاتەوە و پێی وایە

گەر منیش ژنم بهێنایە و خاوەن کچێک بوومایە، هەر ئەو بەڵایە بەسەر کچەکەمدا دەهات کە بەسەر گوڵێ لێوبەبزەدا هاتبوو. ئەو پێی وایە ئەوانەی زۆر خۆیان هەڵدەکێشن و قسەی زلزل دەکەن و پێیان وایە دونیا قاچێکی کەمە، هەمیشە لە هەموو خەڵکی تر زیاتر کەمدێنن و، بۆیە خوا هەرچی پێی خۆشە بەسەریاندا دێنێ. هەر لە ئاوارەبوونیانەوە بگرە هەتا زیندان و لەسێدارەدان و ونبوون. مەنێ دەڵی لە دونیادا تەنیا یەک خودا هەیە و بەس. ئەوانەی وا دەیانەوێ لاسایی بکەنەوە زۆر بە ئاسانی بەر غەزەبی دەکەون. لای ئەو خوا ناتوانێ لەسەر زەوی بژی. جاری وایە بە چاوانی پڕ تەوسەوە لە مێردەکەی دەڕوانێ و پێی سەیرە ئەمە لە خەزوری بووە. ئەو خەزوورەی بێ ئەوەی گوێ بداتە ژن و منداڵی تەنیا شوێن ئارەزووەکانی خۆی کەوتبوو.

ئارەزووەکانی خۆی! من پێم سەیرە مەنێ بوغزن وا بیردەکاتەوە. ئاخر کامە ئارەزوو؟ توونی حەمام و ئارەزوو! یان رەنگە پێی وایە چیرۆکی ئەو رۆژەی نیشتنەوەی فڕۆکەکە راستە! مەنێ وەک هەمیشە لەخۆوە قسە دەکا. ئەو هەمیشە بەهەڵە دونیا و دەورووبەری خۆی لێکداوەتەوە. بۆ وێنە بڕوانە بەزمی کاوە شێلم و گوڵێ لێوبەبزە! ئاخر لە کوێی

**دونیادا کەسێ بە تاوانبار دەزانن کە دەستپێکەری تاوانەکە نیە؟ مەنێ دەلێ بەوە نیە، بە چاو و بە نیگا و بە لەنجەولارە. ئەو دەڵێ بۆخۆی ژنە و چاک دەزانێ ژنان گەر بیانەوێ بە بێ ئەوەی بە زمان بدوێن چۆن چۆنی پیاوان لە خۆیان بترازێنن و ئەو بەڵایەیان بەسەردا بێنن وا ژنان پێیان خۆشە. بەڵا! مەگەر ئەوەی کاوە شێلم بەرامبەر گوڵێ کردی، بەڵا بوو؟ بەخوا ئەم مەنێ بوغزنەیش سەیرە! وەرە پیاوێک کەیفی خۆی بکا و پێی بڵێن بەڵا. کوڕە لەمەیش گەڕێ،... ژن بێت و ناوی بنێ بەڵا! چ کارەساتێکە! چەند حەزدەکەم رۆژێ بەرامبەر بە مەنێ دابنیشم و باسی ئەوەی بۆ بکەم کە دەکرێ لە گۆشەنیگای تریشەوە سەیری دونیا بکەین و چەند خۆشیشە ئەم کارە بکەین. حەز دەکەم وەک نموونە باوەگەورەی بۆ بهێنمەوە. ئەو پیاوەی سەرەتا بە دیانە راستەقینەکانی خۆی پێدەکەنی و ئیستا بە تاقمەکانی. دوو پێکەنینی جۆراوجۆر. پێکەنینێک لە ناو دەمدا و پێکەنینێک لە دەرەوەی دەم. دوو پێکەنین کە ئەگەرچی پێکەنینن، بەڵام هیچ شتێکیان لەیەک ناکات. دوو جۆر کە پێش ئەوەی باوەگەورە بڕیاری لەسەر دابن، ژیان و تەمەن لەگەڵ خۆی هێناونی. بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک، من لەم بۆچوونەی مەنێ لە سەر خودا و لەسەر ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر زەوی خودا بن سەرم سوڕدەمێنێ. بە**

کورتی ئەم قسانە لەوە ناچێ هی خۆی بن. ئاخر ژنێک بتوانێ ئەوەندە دژی ژنێکی تر بێ، چۆن چۆنی دەتوانێ بیری ئەوەندە بفڕێ لە زەوییەوە بگاتە ئاسمانەکان و پاشان لەئاسمانەکانەوە دیسان بەرەو زەوی. من جاری وایە پێم وایە مەنێ ئەگەرچی نەخوێندەوارە، بەڵام کتێبەکانی کارمەندی خۆشگوزەران دەخوێنێتەوە. بە دزییەوە دەیانخوێنێتەوە. نا، یان ڕەنگە بە درێژایی ساڵانی ساڵ ئەوەندە لەتەنیشت ڕەفەی کتێبەکان دانیشتووە کە پێوەندێکی نهێنی لەنێوان ئەو و نێوەڕۆکی کتێبەکاندا بەرقەراربووە. وشە وەهایە. شەرت نیە هەمیشە لە چوارچێوەی ناو وەرەقە و بەرگەکاندا بێت. دەفڕن. نابینرێن، بەڵام بە باڵی پیتەکانیان دەفڕن. ژوورەکانی ماڵی کارمەندی خۆشگوزەران و بگرە سەرتاسەری حەوشەکەی ئێمە پڕی ئەم باڵندانەن. لە خۆوە نیە باوەگەورە نایەوێ چیرۆکی کوڕەکەی بگێڕێتەوە. ئەو پێی وایە ئەم وشە نەدیتراوە فڕیوانە هەڵگری ئەو چیرۆکەن و ڕۆژێک لە ڕۆژان خەڵکی، یان باشتر بڵێم دانیشتووانی ئەم حەوشەیە، دەیانبیستن و ئیتر هەموو مێژوویان لا ئاشکرا دەبێ. ئای لە باوەگەورە! چەندە بە سەبر و بە تەحەمولە! ئەو سەبرەی وا من پێم وایە هیچ هۆکارێکی نیە جگە لە

تەمەن و لە کات. ئەو 'کات' ەی سەرەتا بە بێ سەبری دەژی و بە بێ سەبری درێژە بە خۆی دەدا و پاشان دەبێ بە دووانەی سەبر خۆی.

کە ساڵی ٥٧ دێت، خولە دۆڵمە کەمتر دەوێرێ دوکانەکەی بکاتەوە. ئەو بەیانیان بە ترس و سەرنجەوە لەژێر لێفەکەی دێتە دەر. پاش شۆردنی دەموچاو و ناشتاکردن تا دەتوانێ کردنەوەی دووکانەکەی دوادەخا. خۆی دەخافڵێنێ. لەمێژیشە پووتە تەنەکە چوارلۆنەکەی ژێری گواستووەتەوە. کەس نازانێ بۆ کوێ. ئیستا زیاتر لە جاران سەرنج دەداتە قیژەکانی گوڵێ ی کچی. ئەم زریکەیە زۆر لە هات و هاواری جەماوەری ناو بازار و سەر شەقام دەکا. بیردەکاتەوە "ئەوە کێیە توانیویەتی ئەو هەموو خەڵکە وەک گوڵێ لێ بکا!" فاتێ داماو کە ئەو ساڵە زیاتر لە هەر کاتێکی تر داماو و زەلیل دەهاتە بەرچاو، بە خولێی مێردی دەڵێ لە دووکانەکەی نەبزوێ. خولەیش نابزوێ. بگرە کاتێ میزیشی دێ لەجیاتی ئەوەی بچی بۆ مزگەوت، قوتوویەکی تەنەکەی داناوە و دەڕابەکەی دادەداتەوە و، میزی تێدەکا. میزکردن لە تاریکایی و بێدەنگیی ناو دووکانەکەیدا چەند خۆشە! چەند لەناویدا هەست بە متمانەیی، دڵنیایی و ئاسوودەیی دەکا. بۆنی ناو دووکانەکە کە تێکەڵێکە لە خۆڵ و تەنەکە و سووتانی مێتاڵ، بە گیانیدا شادمانە

دەگەڕێ. سوپاسی خودا دەکا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوەی گوڵێی کچی لێسەند و باوکی لێ ونکرد کەچی ئەم دووکانەی پێ بەخشیوە. خۆشحاڵە لەوەی خودا وەک هەمیشە جێگرەوەیەکی هەیە. هەر ئەمەیشە ناویان لێناوە 'رەحم'. وە ئەو چەندە شوکورگوزارە. خولە زۆری بیر لە ساڵی ٥٧ کردووەتەوە. بۆی چارەسەر ناکرێ. چەندە دونیا شتی سەیری پێوەیە. هەموو جارێک شتێکی تازە. شتێک کە لە هیچ شتێکی پێشی خۆی ناکا. ئەو خەڵکە چییان دەویست؟ بگرە جارێکیان وێنەی باوکی خۆیشی بەڕێکەوت بەسەر دەستی حەشیمەتەکەوە بینیبوو. باشە باوکی بۆ!؟ بەپێچەوانەوە، کارمەندی خۆشگوزەران، ئەگەرچی زۆر رقی لە رووداوەکانی ساڵی پەنجاو حەوت بوو، بەڵام یەکجار حەزی بەم رووداو و بەم هەواڵە دەکرد. لە کاتێکدا ئێوارەیان خۆی لە حەوشەکەدا رادەوەشاند، باسی لە گەورەیی باوکی دەکرد وا توانیبووی ساڵانی ساڵ لەوەپیش سوار تەیارە بێت و ببێ بە هاوسەفەری ئەفسەرێکی خۆشپۆش. وەها کە ئیستاکە خەڵکی وێنەکەی بەدەستەوە بگرن، بەرزی بکەنەوە و رێزی لێبگرن! ئەگەرچی قەت نەیویست لە هۆکارەکەی بپرسێ و لێی بکۆڵێتەوە. بگرە بۆ جارێکیش بێت ئەم جورئەتەی نەدا بە خۆی بچێتە لای باوەگەورە کە هەموو رۆژێ بە ناو داڵانی ژێر خانووەکەیدا

**تێدەپەڕی. لای ئەو، هەندێ وێنە و هەندێ رووداو تەنیا بۆ ئەوەن وەک وێنە و رووداو بمێننەوە و بۆیە هات و هاواری خەڵکی لە ساڵی ٥٧ یشی، جگە لە وێنەکەی باوکی، وەک کارێکی شێتانە لێکدایەوە. لەم کاتانەدا رووەدەکاتە کورەکەی و دەڵێ "لەبەر ئەم جۆرە شتانەیە حەزمکرد ببی بە شێلم فرۆش و گوڵەبەڕۆژە فرۆش،... دێو و درنجەکان لەوێن!" بەڵام کاوە شێلم حەزی بە قەرەباڵغیی شەقام لە ساڵی ٥٧ بوو. ئەو سەرەڕای ئەوەی خەڵکی زۆر سەرقاڵ دەهاتنە بەرچاو، بەڵام دەیتوانی شێلم و گوڵەبەڕۆژەیەکی باشیش بفرۆشێ. ساڵی ٥٧ بۆ ئەو ساڵی زۆرترین داهات بوو. خەڵکی لە دەوری داشقەکەی کۆدەبوونەوە و لە کاتێکدا شێلمیان دەخوارد و گوڵەبەڕۆژیان دەترووکاند، بەگەرمی باسی سیاسەتیان دەکرد. دەورووبەری داشقەکەی لەبەر تەرمی گوڵەبەڕۆژە رەشی دەکردەوە. بۆیە لای ئەو ساڵی ٥٧ ساڵی شێلم و ساڵی گوڵەبەڕۆژە بوو. کە لادەکاتەوە جگە لەم دووانە هیچی تری لەبیرنایەت. رەنگە تەنیا کەسێک لە حەوشەکەدا بە هەراهەرای شەقام بێدەنگ بوو و ژیانی ئاسایی رۆژانەی گۆڕا، گوڵی لیوبەبزە بوو. کاتێک دەنگی جەماوەر لە دوورەوە وەک دەنگی پورەهەنگێکی گرمن دەهات، ئەو بێدەنگ هەڵدەگەڕا و تەنیا گوێی دەگرت. ئەم رۆژانە**

بێدەنگترین رۆژەکانی حەوشەکەی ئێمە بوون. کەس نەیدەزانی لە مێشکی گوڵێ دا چی دەگوزەرێ. چۆن چۆنی لێکی دەدایەوە و لەو هەرایەدا چی دەبینیەوە. لەم کاتانەدا فاتێ داماو زیاتر دەگریا و زیاتر لە سووچی ژوورەکەیدا دەموچاو و رانەکانی دەگلۆفی و بە سەر و سینگی دا دەکێشا و بۆ بەختی رەشی تاقە کچەکەی شین و شەپۆڕی دەکرد. دەنگی خەڵکی کە تێکڕا و وێکڕا دەیانگوت "ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە..." وەها فاتێی دەورووژاند لەوانە بوو شێتی کا. ئەوسا بارانی فرمێسک تەواوی بەرداوێنی تەڕدەکرد. ئەو بۆ هەموو دیلەکان دەگریا، بۆ هەموو ئەوانەی قەت نەیبینیبوون، بەڵام وەک بڵێی دەیناسین. گوڵێ لێوبەبزە ئەوانی پێ ناساندبوون. سەیرە کچەکەی لەو ژێرزەمینییەوە ئەو هەموو خەڵکە دەناسێ! فاتێ دەچووە بەر پەنجەرەکەو لەوێوە سەیری پەنجەرە گچکەکەی ژێرزەمینییەکەی دەکرد و حەزی دەکرد وەک ئەو خەڵکە ئەو بەندە شیعرییە بڵێتەوە کە بە سەر ئاسمانی شاردا وەک بێکۆتایی ریزە باڵندە، دەفڕی.

دووای بێنەوبەرەیەکی زۆر، کارمەندی خۆشگۆزەران سەرئەنجام ئۆتۆمبیلەکەی کڕی. جگە لەو پارەیەی بۆخۆی و کوڕەکەی کۆیان کردبووەوە، هەندێکیشی لە بانک بە قەرز وەرگرت و بێنزێکی ۲۳۰ مودێل

١٩٦٧ ی کڕی. ڕەنگ ڕەشێکی پەنجەرە ڕوون بە فەرمانی سپییەوە. بەو گڵۆپە گەورانەوە کە کاوە شێلم هەموو ڕۆژێ دەبا بە پەڕۆیەکی خاوێن جوان جوان بیانسڕێ و تۆزی کووچە و کۆڵانی شاری لێ بکاتەوە. کاوەیش چەندە بە حەزەوە ئەم ئەرکەی ڕادەپەڕاند. کارمەندی خۆشگوزەران لەدووای کڕینی ماشینەکەی بوو زانی ئەم شارە نەگبەتە چەندە تۆزاوییە. تۆز و تۆز. تەنیا ئەوەندە بەس بوو سوڕێکی بچووک بەناو شاردا بە سەیارەکەی بداتەوە و ئەوجا سەیری ئەو تویژاڵە تۆزە بکا سەرتاپای ئۆتۆمبیلەکەی دادەپۆشی. لەدووای ماوەیەکی کورت شیلینگێکی درێژیشی کڕی و بە شێرەئاوی حەوشەکەوە سەرێکی دەبەست و بە سەرەکەی تری دەستی دەکرد بە شۆردنی. هەرچی منداڵی گەرەک بوو دەهاتنە سەیری. ئەویش چەندە بە فیزەوە دەیشۆرد. بەڵام جێهشتنی لە کۆڵان بەتووش دڵەڕاوکێوەی دەکرد و بۆیە لە پاش ماوەیەک داوای لە باوەگەورە کرد بەشێکی ژێر خانووەکەی دڕبدات و بیکا بە گاراژ. ڕازیکردنی باوەگەورە بۆ ئەم جۆرە کارانە ئاسان بوو. وەک بڵێی هیچ دەربەستی خانووەکەی نەبوو. کارمەندی خۆشگوزەران هەموو ئێوارەیەک سواری سەیارەکەی دەبوو و پاش ئەوەی سوڕێکی بە ناو شەقامە قیرەتاوە پڕ لە چاڵە و چووڵەکانی شاری دا دەدا،

رووپیدەکردە سەیرانگای باشووری شار کە بەداوێنی شاخێکەوە بوو. لەوێ دەچوو لە چاخانەکە دادەنیشت و هەتا ئێوارە درەنگان خەریکی دۆمینە و چاخواردنەوە و دەمەتەقە لەگەڵ هاورێکانی دەبوو. ژیان بە بێنزەکەوە جۆرێکی تر بوو. مەنێ بوغزنیش ئیتر وەها خۆی ماسان کە بەزەحمەت وەڵامی فاتێ داماویشی دەدایەوە. لەپاش ئەم ئۆتۆمبیل کڕینە بوو کە مەنێ زانی چەندە زریکەی گوڵێ لێوبەبزە ناخۆشە و قابیلی تەحەمولکردن نیە. بۆیە زیاتر لە جاران فاتێ داماوی دەدایە بەر تەوسی خۆی و راستەوخۆ و ناڕاستەخۆ فشاری بۆ دێنان بگوێزنەوە. بەڵام خانووەکە بجوڵایە، فاتێ و خولە نەدەجوڵان. خانووەکەماڵی میرات بوو و بۆیە هیچ جیاوازییەک لەنێوان دانیشتووانی و داروبەردی دا نەبوو! کارمەندی خۆشگوزەران بە کڕینی بێنزەکە هەستێکی سەیری بەرەبەرە تیا دروستبوو. ژیان کتوپڕ بوو بە شتێکی تر. سەیارەکە سنووری نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ، یاخود کۆن و نوێ بوو. بۆیە هەتا ماوەیەکی زۆر، بە عەجایەبییەوە لێی دەڕوانی و وەک دیاردەیەکی جادوویی دەهاتە بەرچاوی. دیاردەیەک کە ئەگەرچی لەگەڵی بوو، خاوەنی بوو و تیای دادەنیشت، بەڵام دەڵێی هەتا بێکۆتاییەکان لە نێوانیاندا فاسڵە و مەودا هەبوو. "دەبێ هەتبێ، جا دەزانی!" ئەو

رستەیە بوو جاروبار لەژێر لێوەوە دەیگوتەوە و، دووپاتی دەکردەوە. بیری باوکی دەکردەوە. لای وابوو گەر ئەو سەردەمانە باوکی خاوەنی شتێکی وەها بایە، بێگومان چارەنووسێکی تری دەبوو. لای کارمەندی خۆشگوزەران نەک بیر و خولیا و رووداوێکی ناو کۆڵان، بەڵکو شت بوو چارەنووسی دیاری دەکرد. هیچ شتێک بەقەدەر شت نەیدەتوانی مرۆڤ بە دونیاوە ببەستێتەوە یاخود لێی دووربخاتەوە. لای ئەو، ئەوەیشی شتی دروستدەکرد و بیری لە داهێنانی تر دەکردەوە گەمەی بەو خەمانە دەهات وا زۆر کەسی ئەم شارە پێیەوە سەرقاڵ بوون. تەنانەت بگرە خەمی گوڵێ لێوبەبزەیش. بزەیەکی هاتێ. "ئێمە چەندە بچووکین!دێو و درنجەکان لەوێن!" وە لای کارمەندی خۆشگوزەران نەک گوڵێ، بەڵکو باوەگەورە و هەموو خەڵکی شار بچوک بچوک ببوونەوە. ئەوەندە کە هیچیان پێوەنەما. ئەوان لەوێ بوون چونکە لەوێ بوون و بەس. کە ئۆتۆمبیلەکەی کڕی، باوەگەورە بەنیگایەکی قووڵەوە لێی وردبووەوە و ئیتر لەوە بەدووا وەک بڵێی هەر ماشینیشی لێ نەبێ. کارمەندی خۆشگوزەران چەندین جار هەوڵیدا باوەگەورە سوارکا و بیگێڕێ. پێی گوت تەنانەت دەتوانێ بیبا بۆ دێ، بۆ ئەو شوێنەی کاتی خۆی لەوێ لەدایک ببوو، بۆ چەمە بەناوبانگەکان و شارەکانی دەورووبەر. بەڵام

مێش چییە میوانی باوەگەورە نەبوو. وەک بڵێی باوەگەورە لە سەفەر و لە دوورکەوتنەوە دەترسا. وەک بڵێی ئەویش وەک کوڕەکەی دەڕۆیشت و نەدەهاتەوە. کارمەند کە لەمە نەدەگەیشت، سوارنەبوونی باوەگەورەی بۆ ترس دەگێڕایەوە. لای ئەو باوەگەورە دەترسا چونکە نەیدەتوانی جەستەی خۆی بسپێرێتە دەست سورعەت و خێرایی زیاتر لە پێنج شەش کیلومتر لەسەعاتدا. جەستەی لەوەها خێراییەکدا باڵانسەی لەدەستدەدا و هێڵی زەمەنی لێ تێکدەچوو کە لە رابردووەوە دەهات، دەگەیشتە ئیستا و پاشان بەرەو داهاتوو. بەڵام کارمەندی خۆشگوزەران هەڵەی دەکرد. زەمەن لای باوەگەورە هێڵ ئاسا نەبوو، بگرە شتێک بوو وەک گەمەیەکی ترسناک لەنێوان سێکوچکەی رابردوو، ئیستا و داهاتوو. من لەمێژبوو بەمەم زانیبوو. لام سەیر بوو ئەوانی تر بەمەیان نەدەزانی. هەر ئەوەندە بەس بوو بڕواننە ژماردنی مێروولە و چۆلەکەکان. باوەگەورە بەم ژماردنانە دەیەویست ئەو سێکوچکەیە پێکەوە ببەستێتەوە و هەتاهەتایە نەهێڵێ لێک بترازێن. ژمارەکان لە هەرکوێوە لێیان بڕوانیت، لەوێن. لەسەر تەپۆڵکەی هەر کام لەم سێکوچکەیە رابوەستی و سەیریان بکەی، ئەوان هەمیشە لەوێن.

ژمارەکان نامرن. جاری وایە بیردەکەمەوە داخۆ ژمارەی باوکم چەندە بووە. داخۆ باوەگەورە بەم ژمارەیەی دەزانی؟

کارمەندی خۆشگوزەران قەت قەت منی بۆ ئۆتۆمبیل سوارییەک بانگهێشت نەکرد. هەڵبەت نازانم قبوڵم دەکرد یان نا، بەڵام بەهەرحاڵ شەرتی برایەتی دەیخواست دەعوەتێکم بکا. رەنگە هۆکارەکەی سروودە نەتەوەییەکانم بوو، یان رەنگە حەزم بوو بۆ خوێندنەوەی چیرۆکی باوکم. ئاخر لای ئەو چیرۆکی باوکمان بەسەرهاتێکی کۆتایی پێهاتوو بوو و تەواو. ئەو پێی وابوو چیرۆکەکان تەنیا لە کتێبەکاندا دەمێننەوە و گەر بەسەرهاتێک ئەو بەخت و دەرفەتەی بۆ نەگونجابێ ببێ بە کتێب، ئەوا مانای ئەوەیە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش و جیددی نەبووە و دەبێ فەرامۆش بکرێ. کارمەندی خۆشگوزەران رقی لەو چیرۆکانە بوو کە تەنیا بنەماڵەیەک و چەند دۆست بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە و بەس. دەیگوت ئەم جۆرە چیرۆکانە پتر ئیحساسین و بێ مایەن، بەڵام ئەو چیرۆکانەی دەبن بە کتێب و، شار و وڵاتێک بۆ یەکتری دەگێڕنەوە ئەوا زیاترن لە هەست و سۆز و، بۆیە دەکرێ لێی فێربین. ئەوسا دەستی هەڵدێنا و ئاماژەی بە کتێبخانەکەی دەدا و دەیگوت هەر کام لەم کتێبانە بخوێنیتەوە بەقەد سەد ساڵ ئەقڵت گەشەدەکا. منیش ئەگەرچی قەت ئەو

دەرفەتەم بۆ هەڵنەکەوت بیانژمێرم، بەڵام لانیکەم سەد بەرگ کتێب بوون و بەم حسێبە کارمەندی خۆشگوزەران هەر ئێستاکە دەهەزار ساڵی تەمەنی ئەقڵی هەبوو. لە کاتی ئەم حسێب و کتێبانەدا دەنگی زریکەی گوڵێ لێوبەبزە لەوانەیە گوێم کەڕکا. قیژەکەی وەک تیغ و گوێزان جەرگ دەبڕێ و لە هەر شەقارێکی، تۆقی زریکەکانی داهاتوو دەچێنێ. ڕاستی ئەم زریکەیە چیرۆکێکی ئیحساسییە یان ئەقڵی؟ داخۆ دەکرێ لێی فێربین، یان لەو دەنگانەیە دەبێ تەنیا یەک جار لە ژیاندا دڵی بدەیتێ؟ ئەگەرچی هەموو ڕۆژەکانی تەمەنیشت دووپات بێتەوە. من کە تا ئیستا ئەم حسێبەم نەکردبوو، بیر لەوە دەکەمەوە گەر چیرۆکنووس بم لەگەڵ وەها دەنگێک دەبێ چ بکەم. ڕەنگە تەنیا لە دێڕێکدا باسی بکەم و ڕەنگیشە پاژێکی بۆ تەرخان بکەم. ئەدی، لەمە زیاتر نا. ژیان زۆر زیاترە لە قیژەی کچێکی تەنیای ناو ژێرزەمینێک کە ویستی تامی ژیان لە ڕێگای ناوگەڵی تاقی بکاتەوە، هەرچەند دڵنیا نیم لەوەی بەزۆر پێیان تاقیکردەوە، یان بۆخۆی بەمەیلی خۆی دەستی دایە. بەهەرحاڵ، ئەمە زۆر گرینگ نیە. گرینگ خودی زریکەکەیە کە ماوەتەوە و وادیارە دەیەوێ هەتاهەتایە بمێنێتەوە، هەتا گوڵێ دەژی. کە ساڵەکانی تەمەنیشی دەژمێرم، دەبینم هێشتا زۆری ماوە. بەڵام پێم وایە جەستەی

مرۆڤ لە پێناوی زریکەدا بەشی هەموو تەمەنی دەکا. دەکرێ ئاواتێ هەڵگری و ئیتر هەموو شتێکی بۆ بدەی. گوڵێ بە ئاواتی خۆی گەیشتبوو! خۆزگەم بەخۆی! من پێم وایە گوڵێ لێوبەبزە لە هەموو دانیشتووانی ئەم حەوشەیە خۆشبەختتر ترە. نەک ساتەکانی ئیستای، بەڵکوو هەموو ڕێگای داهاتووی لا ڕوونەکە. مرۆڤی وا هەیە دەبێ نیوەی عومری کتێب بخوێنێتەوە و بیر بکاتەوە جا ئەوکات دەتوانێ بڕیاربدا دەیەوێ بەکوێدا بڕوات، بەڵام گوڵێ زۆر بە ئاسانی ڕێکەوتێک ڕێگای بۆ دیاریکرد. من جاری وایە بەخیلیم پێیدا دێتەوە. ئەو بە بێ ئەوەی چیرۆکی باوکمی بیستبێ و یاخود لە بەنەتەوەیی بوونی من ئاگاداربێ، خۆی ڕێگای خۆی دۆزییەوە! بۆیە جاری وایە کاتێک ئەو دەزریکێنێ، من چیدی ڕووم نیە دەنگ هەڵبڕم و سروودی نەتەوەیی بڵێمەوە. هەست دەکەم سروودەکانم زۆر لە زریکەکانی ئەو کەمترن. ئەگەرچی خاوەن یەک تاقە وشە و ڕستە نین، بەڵام زیاتر ڕێگادەبڕن، زیاتر لە دەروونەوەن و زیاتر هەست و سۆزیان تێکەڵە. جاری وایە ناخودئاگا خەریکم سروودەکانم لەگەڵ ئاهەنگی قیژەکانی ئەو ڕێکدەخەم، بەڵام ناتوانم،... مەحاڵە. بڕوا ناکەم نەک سروودی نەتەوەیی، بەڵکوو هیچ سروودێکی تر لەم دونیایەدا بتوانێ خۆی لەگەڵ وەها مۆسیقایەکدا

ڕێکبخا. دەبینم لەم کاتانەدا تاقمەکانی باوەگەورە بەگوڕتر لە جاران پێم پێدەکەنن. بگرە هەتا پشت پەنجەرەکەم دێن و سەر بە شووشەکانەوە دەنێن و هەتا دەتوانن خۆیان دەکەنەوە و پێدەکەنن. من دەست بە سەر و گوێکانمەوە دەگرم و بەرەو ژوورەکانی پشتەوە هەڵدێم. چەند پێویستم بە بێدەنگی و بە حەسانەوەیەکی کتوپڕی و هەتاهەتاییە. حەزدەکەم لەم حەوشەیە قوتارم بێ و هەڵێم، ئەوەندە هەڵێم کە ئۆتۆمبیلەکەی کارمەندی خۆشگوزەران و بگرە فڕۆکەکەی ئەو ساڵەیش نەمگاتێ. کە کارمەندی خۆشگوزەران بەم خەیاڵەی من دەزانێ، قاقا پێدەکەنێ و دەڵێ لە کتێبەکانی دا تەنانەت باسی ئەم جۆرە مرۆڤانەیش کراوە کە دەیانەوێ لە دەست هەموو شتێ هەڵبێن. دەڵێ هیچ شتێک لەم دونیایەدا تازە نیە، تەنیا مرۆڤەکانی تازەن، ئەوانیش لە شکڵ و قەوارەدا، ئەگەرچی زۆر لەمەیش دڵنیا نیە چونکە دەڵێ کێ هەموو نەوەکانی پێشووی بینیوە!

فاتێ داماو کە هەمیشە خەریکی دۆعا و نزایە و لە کاتی بێکاریدا تەسبێحێکی بەدەستەوەیە، بەنۆرە هەر جارەی دەهەزار و دووسەد و یەک کەڕەت دەڵێ ئەڵلا، یاخود لائیلاهە ئیلەڵلا. هەر دنکێکی تەسبێحەکەی بۆ سەد و یەک جار و هەموو تەسبێحەکە بۆ دەهەزار و

دووسەد و یەک جارە. لەو کاتەوەی زریکەکانیش پەیدا بوونە، گەڕانی تەسبێحەکەیش زیادی کردووە. ئەو کە ناتوانێ لە بڕیاری مێردەکەی و پیاوانی تایفە دەرچێ، ئومێدی بە خوایە. دڵنیایە ڕۆژێک لە ڕۆژان گوڵێ نەجاتی دەبێ و دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی. دڵنیایە خودا ڕەحم بە گەنجیەتی و جوانی و مەعسوومیی دەکا و یەکێک لەو ڕۆژانەی وا هەتاو وەک هەمیشە لەپشت کێوەکانەوە هەڵدێ، دڵی ڕەقی پیاوانی تایفە وەک لۆکە نەرم دەبێ و گوڵێ وەک جاری جاران دەتوانێ دیسان لە ژوورەکانی ماڵەکەی خۆی بگەڕێ و لە مەتبەخەکە خواردن ساز بکا و کە بێتاقەتیش بوو دەست لە سەر ئەژنۆکانی دابنێ و خەیاڵ بیباتەوە. فاتێ هەزاران جار زیاتر لە جاران لە دڵەوە دەڵێ "ئەڵڵا ئەڵڵا... ". لە خەلیفەی شارەکەیان بیستوویەتی ئەوەی لەدڵەوە بڵێ ئەڵڵا ئەڵڵا، بە بێ ئەوەی دەنگ هەڵبێنێ لە دەروونی خۆیدا تا دەتوانێ هاواری بکا، ئەوا دەنگی دەگاتە دوورترین شوێنەکانی ئاسمان و بگرە دەگاتە خودی خودایش کە خەریکی ژماردنی ئەستێرەکان و ناولێنانیانە. لای فاتێ، بەزەیی پیاو تەنیا بە خودا دەجوڵێ. نە ژن و نە منداڵ و نە هەژاری و نە هیچ دەردێکی تری کوشندەی ئەم دونیایە ناتوانێ دڵی ڕەقی ئەوان کە بێ ئەندازە تێکەڵ بە ناوگەڵیانە بجوڵێنێ. زۆر جار سەرنجی سیما و

روخساری هەموو پیاوەکانی ناو ئەم حەوشەیەی داوە، لە پیاوەکەی خۆیەوە بگرە هەتا باوەگەورە کە کەس نازانێ داخۆ زیاتر لە ئیستادا دەژی یان لە رابردوودا. هەر هەموویان لە یەک شتدا یەکجار لەیەک دەچن. لە سیمای وەک بەردیان کە بەدەگمەن شێواز دەگۆڕێ. وەک بڵێی هەمیشە کارێکی گرینگیان هەبێ بە بێ ئەوەی هەیانبێ! جارجارە لەم کاتانەدا بیری ونبوونی خەزووریشی دەکاتەوە. ئەگەرچی ونبوونەکەی یەکجار دڵتەزێنە و هەتا ئیستا بە جۆرێک لە جۆرەکان سێبەرەکەی بە سەر تایفەوەیە، بەڵام ئەم لە دەروونەوە بە دزییەوە دڵنیایە ئەویش شتێک بووە وەک هەموو پیاوەکانی تر. چیرۆکی توونی حەمامەکە و فرۆکە و پیاوە خۆشپۆشەکەیشی لا تەنیا هەوڵێکە بۆ جوانکردنی سیمای پیاوێک گەر ئیستا مابایە، ئەویش وەک هەموو پیاوەکانی تری ناو ئەم حەوشە دڵتەنگ و زریکاوییە گوێی نەدەدا بەوەی هەموو رۆژێ لە ژێرزەمینییەکە دەگوزەرا. کە رقیشی لە غوڵامی نەتەوەیە. رقی لە فیز و ئیفادەکەیەتی، لەوەی هەوڵدەدا نیشانی بدا کەسێکە جیاواز. بە خۆی و بەو کتێبانە و بەو سروودانەوە چەند گەمژە دەنوێنێ. فاتێ کە پێی وابوو ئەو دەکرا بە جۆرێ جیاواز بایە لە براکانی، لای سەیرە کە پیاوێکی گەنج ئەوەندە خەیاڵی دووربفڕێ ئاگای لە حەوشەکە و لە

**ژێرزەمینییەکە و لە ئاە و ناڵەکانی براژنەکەی خۆی نەمێنێ. باشە ئەوە چ کتێب و سروودێکە ناتوانێ خەمی دایکێک بخوێنێتەوە؟ بەڵام فاتێ داماو هەڵەیە. من دەیخوێنمەوە. تەنیا ئەوەندەی کە من دەرمانی ئەم جۆرە خەمانەم بۆ کات و ساتێکی تر داناوە. ئیستا کاری گەورەترم بەدەستەوەیە. ئایدیا گەورەکان سروشتیان وەهایە، ناتوانن خووبدەنە دیاردە ورد و سادەکانی رۆژانەی ژیان. چونکە هەموو ئەمانە تەنیا ئەو کاتە چارەسەردەبن کە ئایدیا گەورەکە بەدی بێت. هەموو شتێ بەوەوە بەستراوەتەوە. ئەی ئەوە نیە گەر چارەسەر بایە هەتا ئیستا دەبوو؟ ئەی ئاگاتان لێ نیە کە چارەسەرنەبووە چونکە کەلێنە گەورەکە لەجێی خۆیدایە؟ من پێکەنینم بە گەمژەیی فاتێ دا دێ سەرەڕای ئەوەی جاروبار پێم گوناحە. بەڕاستی گوناح تر دێتە بەرچاوم کاتێک ئەم بیری گەمژانەیشی پێ زیاد دەبێ. مێژوو وەهایە، دەردە بچووکەکان لەبیردەکا و تەنیا دەرد و ئایدیا گەورەکانی لەبیردەمێنێتەوە. هەر سەیری بیرەوەرییەکانی خۆمان بکە! ئەوە نیە رابردوومان لە وێنەی گەورەگەورەدا لەبیر دەمێنێتەوە؟ سەرم رادەوەشێنم و ئیتر حەزناکەم بیر لە فاتێ داماو بکەمەوە.**

ماوەیەکە ئەوەندە خەیاڵی بیرە گەورەکان بەخۆیانەوە مەشغوڵیان کردووم کاتێک لەسەر مەستەراو دادەنیشم، لە سەر دیوارە سپییە زەردەوەبووەکەی خەریکی کێشانەوە دەبم. کێشانەوەی وێنەی هەموو شتێک. بەو قەڵەمەی هەمیشە پێمە. بۆ وێنە ئەو رۆژە دەکێشمەوە کە لەدووای زانینی لێکئالانی گوڵێ و کاوە شێلم پێکەوە، چلۆن خولە دۆڵمە لە گۆشەی حەوشەکە هەڵتروشکابوو و بە دەستێکی بە سەری خۆیدا دەدا و بە دەستەکەی تری چیلکەیەکی لە زەوەی دەژەند، یاخود فاتێ داماو کە دەگریا و خۆی دەڕنی و دەیگوت خودایا ئەمەت چۆن بە من رەوابینی؟ یان مەنێ بوغزن کە لاتاوی دەهاویشت و دەیگوت دێڵ دەبەسترێتەوە نەک گۆڵ! یان کارمەندی خۆشگوزەران کە چووبووە سەرەوە و هەوڵیدەدا لە کتێبەکانیدا رێگا چارەیەک بۆ ئەم جۆرە کاتانە بدۆزێتەوە. هەروەها باوەگەورەیش کە لەپشت پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە پێم وابێ هۆکارەکەی دیسان بۆ ونبوونی کوڕەکەی دەگێڕایەوە. رەنگە پێتان سەیر بێ کە من چۆن چۆنی وێنەی هەموو ئەم کەسانەم کێشاوەتەوە. بەڵام نا، کێشانەوەکەی لای من کتومت وەک خۆی نیە. من کە زۆر باوەڕم بە هێڵ واتە خەت هەیە، هەموو ئەمانەم بە چەند خەتی سادە کێشاوەتەوە. بە بێ هیچ دایرەیەک کە نیشانەی 'سەر' بێت. تەنیا

خەت. لەو ناوەدا تەنیا تاقمەکانی باوەگەورەم وەک خۆی کێشاوەتەوە. بۆ وێنە خولە چەند خەتە کە لەسەر زەوی گرمۆڵە بووە، کارمەندی خۆشگوزەران خەتێکی درێژ لە تەنیشت رەفەی کتێبەکانیدا، فاتێ داماو دوو خەتی خوار کە بێ ئەوەی بگەنە یەک بە حەواوە ماون، مەنێ بوغزنیش خەتێکی درێژ بەڵام بە پێچەوانەی مێردەکەی بە راکشاوی. تاقمەکانی باوەگەورەیش لەناوەڕاستی هەموویاندا. ئەی خۆت؟ خۆم نەکێشاوەتەوە. بەو هۆیە، نیگارکێش هەمیشە دەبێ لە دەرەوەی نیگارەکەی بێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوانەی دەرەوە وەک خۆیان ببینێ، بە بێ هیچ چەشنە پێوەندێک لەگەڵ خۆی وەک نیگارکێش. من پێم وایە گەر من خۆم بهاوێمە ناو ئەو خەت و هێڵانەوە، مەجبوورم لە خەت وەک ئامراز کەڵک وەرنەگرم. ئەوجا کارەکەم زۆر دژواردەبێتەوە. چونکە من ناتوانم خەت بم. منێک کە سروود فێربووم و تاقەکەسێکم لەناو ئەم تایفەیەدا بە جیددی و بەوردی بیر لە باوکمان دەکەمەوە و، هەوڵدەدەم بە جۆرێک لە رازی ونبوونەکەی بگەم ناتوانم خەت بم.

ماوەیەک کەسێک وێنەکان دەسڕێتەوە. لە جیاتی وێنەکان، پەڵەی رەش یاخود گەچە هەڵکەندراوەکانن ماونەتەوە. جارێکی تریش، بەڵام ئەمجارە نەک لە سەر دیواری رووبەڕووم، بەڵکوو لە سەر دیواری لای

**راستم (چونکە راستەکیم)، دەیانکێشمەوە. بەڵام لە دووای ماوەیەک هەمان بەڵایان بەسەردا دێتەوە. باشە بڵێی کێ بێت؟ لەم حەوشەی ئێمەدا کێیە رقی لە وێنەی سەر دیواری ئاودەستە؟ بە هەموو سیماکاندا دەچمەوە. لەناو هەموویاندا لەسەر باوکم و کارمەندی خۆشگوزەران هەڵوێستەدەکەم. لەناو ئەم دووانەیش دا لەسەر کارمەندی خۆشگوزەران ساخدەبمەوە. بەو هۆکارە سادەیە کە باوەگەورە چیدی چاوەکانی وەک جاران نابینن و بڕواناکەم ئەوەندەیش دەماغی مابێ دڵ بداتە شتە وردەکانی دەورووبەری. بەڵام بۆ کارمەندی خۆشگوزەران؟ دووای بیرکردنەوەیەکی زۆر بەو ئەنجامەدەگەم ئەو لەم وێنانە دەگا، ئەگەرچی قەت گوێی لە پێکەنینە سامناکەکانی تاقمەکانی باوەگەورە نەبووە. بەڵام چۆن؟ ترسێک سەرتاپام دادەگرێ. هەستدەکەم ئەو لەوەی پێشانی دەدا زۆر زیاتر تێدەگا. کارمەندی خۆشگوزەران تەنیا ئەو جەستەیە نیە من و ئەوانی تر دەیبینین. خەیاڵی ئەوەی کەسی تر هەیە لەم حەوشەیەدا دەژی بە بێ ئەوەی ئێمە پێی بزانین شێتم دەکا. نەکا ئەمە شێوازی کارمەندی خۆشگوزەران بێت بۆ پڕکردنەوەی جێگای باوکمان؟ بیری ئەوەی کە ئەو لە هەمووومان زیاتر لە بیری باوکماندایە و هەوڵی یادکردنەوەی لەهەمووومان بەهێزترە، خۆمم وەک گەمژەیەک دێنێتە**

بەرچاو کە تازە لەخەو راچڵەکیوە. بۆیە هەوڵدەدەم ماوەیەکی چاک بیخەمە ژێر کۆنترۆڵەوە. رۆژەکان تێدەپەڕن و بەڵام هەست بە هیچ حاڵەتێکی نامۆ ناکەم. کارمەندی خۆشگوزەران وەک هەمیشە وەک خۆیەتی. تا رۆژێک کتوپڕ بە سەر شتێکدا دەکەوم. کارمەند عادەتێکی سەیری هەیە. ئەو نیوەشەوان کاتێک هەموو خەڵکی ناو حەوشەکە خەوتوون، دەچێتە سەربانی. هاوین و زستان بێت، بباریێ و نەباریێ، فەرق ناکا. ئەو لەوێیە. باشە بۆ شەو؟ بیردەکەمەوە ئاسمانی شەو چەند تایبەتمەندی هەیە. بۆ وێنە بێدەنگە، قووڵترە و خاوەن بێ ئەژمار ئەستێرەیە. بە زستانیش لەکاتی باریندا نزیکترە لەهەر کاتێکی تر. رشتەی مرواریی دنکە بەفرەکان زەوی و ئاسمان پێکەوە دەدوورێتەوە. کارمەندی خۆشگوزەران بە شوێن ئەو فڕۆکەیەدا دەگڕێ کە رەنگە هێشتاکە لەدووای ساڵانی ساڵ لەو بەرزاییانە لە شوێنێک بێ ئەوەی دوور کەوتبێتەوە خەریکی سووڕانەوەیە. ئەو پێی وایە مرۆڤێکی وەک باوکمان کە بە تاوانێکی بێمانا گیرابوو، شیاوی ئەوە نەبووە ئەو بەڵایەی بەسەردا بێنن. گەر مرۆڤەکان بەمەیان نەزانیبێ، لانیکەم تەیارە و ئاسمان پێیان زانیوە و بۆیە فڕۆکەکە هێشتا لەو سەرانە لە شوێنێک بێ ئەوەی ببیندرێ، خەریکی سووڕانەوەیە. فڕۆکەکە نە بەقسەی

شۆفیرەکەی دەکا و نە بەقسەی ئەفسەرە خۆشپۆشەکە. کارمەندی خۆشگوزەران پێی وایە نیشتنەوەی تەیارەکە تەنیا پێویستی بە جووتێک چاو هەیە بتوانێ ببینێ و بەس. ئیتر هەموو شتێ وەک ساڵی ساڵانی لێدەێتەوە. من کە قەت بڕوامم نەدەکرد براکەم سەرەڕای نەبوونی باوەڕ بە ڕێکەوت یەکجار ئەوەندە لە باوەڕمەندبوون بە ئەقڵ چووبێتە پێش، لۆمەی خۆم دەکەم. ڕقم لەخۆمە کە ئەوەندە زوو بڕیارم دەرکردبوو. ئیستا دەزانم کتێب گەر نەیشی خوێنیتەوە، موعجیزەدەکا، هەنووکە دەزانم کاتێک کوڕێکی کاسبت هەبێ و پارە بۆ ماڵەوە بێنێتەوە، چەندە متمانەی باوک بە گەڕانەوەی کات و ڕووداوەکان زیاد دەکا. ئیستا دەزانم کە بەڕاستی ئەو نیگاری سەر دیواری ئاودەستەکەی تێکدابوو، چونکە پێی وابوو هیچ کارەساتێک، ئەگەرچی خەتای کوڕەکەی ئەویشی تیانەبێ، شیاوی گاڵتەپێکردن و پێکەنین نیە. ئەو هەموو شتێ بە جیددی وەردەگرێ، ئەگەرچی ناتوانێ ڕێگا چارەیەکیشی بۆ ببینێتەوە.

ماوەیەکە لە شارەکەمان خەڵک زووزوو دەمرێ. دەڵێن هی پیری و هی نەخۆشییە. دەڵێن ئەوانەی لە سەردەمی شۆڕشەکان دەردەچن، سەرەرای بەختی رزگاربوونیان لە کارەساتەکان، بەڵام کەم عومردەکەن و کتوپڕ لەیەک برگەی زەمەنیدا یەک لەدووای یەک بە شوێن یەکتردا

جیهان جێدێڵن. دەڵێن ئەمە بەشێکی سروشتی لە دۆخی بازدانە لە دونیای کۆنەوە بۆ دونیای نوێ. ئەوەیکە دڵەڕاوکێ و ئومێدە گەورەکانی سەردەمی شۆڕش وەها گیان و جەستە دەسوون کە چیتر مرۆڤ بەرگەی ساڵەکانی تری تەمەنی ناگرێ. مردنی خەڵک و سەرەخۆشیی زۆر، فاتێ داماویشی خستووەتە سەر رێگای ناو کووچە و کۆڵانان و بەشداریکردنی دڵسۆزانە و بەئەمەگانە لە سەرەخۆشییەکاندا. کەس بە قەد فاتێ داماو دڵڕەحم و بە خەم نیە. لەخۆوە دەگری. بگرە لە خاوەن مردوویش زیاتر. فرمێسکەکانی کۆتاییان نیە. بە چاوە لە فرمێسک لێلەکانییەوە لە کاتێکدا خۆی دەلاوێنێتەوە، سەیری ئەم لاولا دەکا و بە بێ ئەوەی دەنگی لێوەبێت لە بێدەنگیی لێو و رۆحیدا دەگری. فاتێ داماو گوێی لێیە خەڵکی جار و بار باسی خەزوری دەکەن و دەڵێن بەختی خۆی زوو رۆیشت،... زوو مرد و ئەم دەورانەی نەبینی! فاتێ لە ناو نیگا لێڵەکانییەوە بیردەکاتەوە "کەواتە مردووە،... کەواتە مردووە!" ئیتر بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش خەزووری بینیبێ، بەکوڵ بۆی دەگری و دەگری. لای ئەو مردن شتێک نیە زۆر بە ئاسانی مرۆڤ بتوانێ بە تەنیشتیدا تێپەڕێ. پێی وایە هەر لەبەر ئەوەی مردن هەیە دەبێ مرۆڤەکان زۆر لەوەی خودا لە رۆحیانی خستووە، لە ئاست یەکتردا لەسەرەخۆ و

ئارام و میهرەبان بن. فاتێ لە راستیدا بۆ ئەوەی دەگری چونکە مردن هەیە، هەروەها بۆ شتێکی تریش، ئەویش ئەوەی کە بۆچی ئەو رۆژە ئەم کارەساتە بەسەر گولێ لێوبەبزەدا هات مردن لەوێ نەبوو تا لەگەڵ خۆی ببیبا و نەهێڵێ بەتووش ئەو چارەنووسەوە بێت کە ئێستاکە بووە. فاتێ کە گولێ و مەرگ دەخاتە تەنیشت یەکترەوە ئیتر سەرتاپا دەبێ بە گریانێکی خالس و بێ خەوش. خودی گریان، ئەو گریانەی کاتی خۆی خودا دروستی کرد و گریانەکانی تری لە رووی ئەوەوە کۆپی کردن. چەندەیش دڵنیایە لەوەی کە ئەم گریانانە ئەگەرچی نابینرێن، بەڵام سوودیان هەیە و گەر ئەوان نەبوونایە ئەوا دەکرا کارەساتی یەکجار جەرگبڕتر بەسەر حەوشەکەیاندا و بەسەر هەموو خەڵکی گەڕەک و ئەم شارەدا بهاتایە. فاتێ داماو لای وایە لەمێژە بە گریان مردنی بەجۆرێک دەستەمۆ کردووە. ئەگەرچی لای کەس باسی ناکا و، کەسیش بە قەرزاری خۆی نازانێ.

هەموو ئەوانەی لە شۆڕش دەرچوون و مردن لەسەر گردەکەی ناو قەبرستانەکە نێژراون. کەس نازانێ بۆ ئەوێیان بۆ هەڵبژاردوون. بەڵام شوێنێکی با سەفایە. خاوەن مردووەکان لە ناو دارستانەکە بەو بەرزاییەوە دادەنیشن و سەیری دوورەدەستەکان دەکەن و بیر لەوە

**دەکەنەوە گەر قەرارە ئەو مرۆڤانەیش بمرن کە خەونی گەورەیان بینی، ئیتر هیچ شتێک بەڕاستی لەم دونیایەدا مانای نیە و بۆیە دەبێ یەکجار بۆ هەمیشە مرۆڤ دەست لە کارە گەورەکانی هەڵگرێ و تەنیا بەوەی رازی بێ پشکیەتی و هەیەتی. ئەوان کە هەڵدەستن بۆ ئەوەی بڕۆنەوە، پانتۆڵە خۆڵاوییەکانیان دەتەکێنن و بەدەم ڕێگاوە، چەندە زەمەنی ماوەی ژیانیان تەنیا وەک یەک چرکە دێتە بەرچاو. من کە ئەم دیمەنانە، حاڵ و هەوای سروودەکانم لێ تێکدەدەن، سوێند دەخۆم قەت بۆ ناشتنی هیچ مردوویەک روونەکەمە گۆڕستانەکە. بگرە بۆ ناشتنی پیاوە نەتەوەییەکانیش. لای من پیاوە گەورەکان نابێ لە گۆڕستانەکان بنێژرێن، ئەگەرچی هیچ شوێنێکی تریشیان بۆ شک نابەم. ئەوان بۆ هەمیشە شیاوەی درێژەدان بە ژیانن، ئەگەرچی بە مردووییش! لە دڵەوە سوپاسی چارەنووس دەکەم کە نەیهێشت نە تەرمی باوکم ببینم و نە ناشتنەکەی. پێم وانیە بمتوانیایە بەرگەی وەها دیمەنێک بگرم. بۆیە کاتێک لە ماڵەوە لە تەنیایی ژوورەکەمدا دادەنیشم و بیر لە فاتێ دەکەمەوە، هەست دەکەم چەندە بەزەییم بەسەردا دێتەوە هەر بەو ئەندازەیەیش رقم لێیەتی. مرۆڤە لاوازەکان شیاوی مردنن. لە راستیدا ئەوانن هەمیشە مردن و کێشەکانی تری ژیان بانگهێشت دەکەنەوە.**

ئەوەندە دەترسن کە هەمیشە ئەوەیان بەسەردا دێت کە لە ترسی هەڵدێن. ئەو کارەساتانەی هیچ دۆعا و نزا و گریانێک ناتوانێ بەریان پێ بگرێ. ترس تەنیا ڕێگە خۆشکەرە و بەس. من دەتوانم بە دەم گوتنی سروودەکانەوە لە کاتێکدا فرمێسک بە چاوەکانمدا دێنەخوارەوە، فاتێ بەم دەستانەی خۆم بخنکێنم و کۆتایی بە ژیانی پڕ لە بێگوناحی و داماوییەکەی بێنم. من نەتەوەیی بوونم لەبەر ئەم دڵڕەقیانەی پێ خۆشە. ڕەنگە هەر ئەمەیش بۆ ئەو باش بێت. ئێرە، بەتایبەت ئەم حەوشە شوێنی مرۆڤە لاوازەکان نیە. ئێرە شوێنی باوەگەورە، کارمەندی خۆشگوزەران، مەنێ بوغزن، کاوە شێلم و بگرە تا رادەیەکیش خولە دۆڵمەیە. ئەها، تەنانەت شوێنی گوڵێ لێوبەبزەیشە کە زریکەکانی ئەوەندە بەهێزن تەواوی گەڕەک دەتوانن گوێیان لێی بێت. گوڵێ لانیکەم لە زریکاندن دا بەهێزە! ئێرە تەنیا و تەنیا شوێنی فاتێ داماو نیە. بێگومان باوکیشم مابا، نەیدەهێشت شتی وا ببێ بە بووکی. دەریدەکرد. ئەسڵەن شاربەدەری دەکرد. بەڵام فاتێ ئەوەندە لەناو دونیای خۆیایەتی کە ئاگای لە خەیاڵ و لە بیرەکانی من نیە. بێهۆ نیە ئەم بەڵایەی بەسەردا هاتووە! بێهۆ نیە 'گوڵێ' ی کچی، ژێرزەمینییەک بووە بە شوێنی ژیانی و دەبێ هەتا هەیە لەوێ بمێنێتەوە و پڕ

**بەگەرووی بزریکێنێ. گوڵێ لەبنەڕەتدا قوربانیی لاوازییەکانی فاتێی دایکیەتی. ئەو دایکەی وا بەقەدەر دایکەچۆلەکەیەکیشی پێنەکرا بۆ بەرگریکردن لە زەڕنەقووتەکەی. لاوازەکانن دەگرین و بەخۆدا دەکێشن. باوکم، نە دەنگێکی لە توونی حەمامەکەوە لێ بەجێماوە و نە کاتێک لەگەڵ ئەفسەرە خۆشپۆشەکە بە ئۆتۆمبیل بەرەو فڕۆکەکە رۆیشت، کەس هاوارێکی لێ بیست و نە ئەو کاتەیش بە شێوەیەکی کارەساتاوی کوشتیان.**

**توونی حەمامەکە!؟ باشە بۆ توونی حەمام؟ ئەم چیرۆکە چییە سازیان کردووە؟ بۆچی هەندێ حەز دەکەن هەموو ونبوون و رۆیشتنێک بە کونێکی رەش یاخود لە کونێکی رەشەوە تەعبیربکەن؟ ئەوەی کە گوایا هەموو شتێک لە رەهۆڵێکی رەش و نووتەکەوە دەست پێدەکا! بۆچی خەڵکی هێندە لە شوێن گواستنەوە و جێگۆڕکێ دەترسن؟ با کەسەکە هەموو شتێکیش جێ بێڵێ. ئەگەر من یەکەم کەس بام کە دەبا ئەم چیرۆکەی باوکم بگێڕیتەوە، بێگومان بە شێوازێکی تر دەستم پێدەکرد. بۆ وێنە دەمگوت ئەو بەیانییە چونکە کەس بەدەرەوە نەبووە و دونیا بەردەوام تاریک و نووتەک بووە، کەسێک لە پشت دیوارێکەوە و لە لاکۆڵانێک، کە دەکرێ هەمان لاکۆڵانی حەمامەکە بێت، خۆی لێ**

حەشارداوە و پاش ئەوەی بە چەک یان هەر ئامرازێکی کوشندەی تر هەڕەشەی لێکردووە، لەگەڵ خۆی بردوویەتی. یان ئەوەیکە هەرلەوێدا بە چەقۆ کوشتوویانە و لەناو تەلیسێکیان کردووە و مەیتەکەیان لەو دەشت و دەرە لە شوێنێک خستووەتە چاڵەوە و بۆ هەمیشە ونیان کردووە. بۆ؟ گرینگ نیە بۆ. گرینگ ئەوەیە هەمیشە کەسانێک هەن حەزیان بە کوشتن و بە ئازاردانی خەڵکی ترە. جا بۆیان گرینگ نیە کێ، گرینگ ئەوەیە کە هەمیشە قوربانی پەیدادەبێ. مێژوو پڕی مرۆڤە بەناحەق قوربانی کراوەکانە. ئەو کەسانەی بێ ئەوەی بۆ یەک جاریش پرسیاریان لێکرابێ، راپێچی دۆخێک کراون کە قەت پێیان خۆش نەبووە. من پێموایە باوکی منیش یەکێک لەوانەیە، هەرچەند بیرە نەتەوەییەکەم پێم دەڵێ نابێ وابیربکەمەوە، پێم دەڵێ دەبێ هەموو شتێ لە چوارچێوەی ئامانجێک دا ببینم کە ئەگەر تەنانەت کەسەکە خۆیشی پێ نەزانێ، بەڵام لەوێدایە و سەرئەنجام رۆژێ تێیدەگا. ئەو بیرەی کە زۆر بە ئاسانی هەموو شتێ بەرەو ئامانجێک ئاراستە دەکا و دەستپێک و کۆتاییەکانی هەمیشە لەوێدان. ئەو بیرەی وا پێی وایە هەموو رووداوێک ئاماژەیە بە نەبوونی خەونێکی گەورە. سەیر نیە!؟ بێ ئەوەی لەهەموو میللەتیش پرسیاری کردبێ! نا، سەیر نیە، گەر خودی ژیانیش

بە بێ پرس دەستی پێکردبێ، بۆچی ئەمەیش وانەبێ! داخۆ هەر ئەم لێکچوونە نیشانەیەک نیە بۆ گەورەیی ئەوەی وا من بەیانییەک سەعاتی نۆ بە رێکەوت یان بە ئەقڵێکی نەزانراو بەسەریدا کەوتم؟ بەڵام راوەستن! بۆ دەبێ هەندێ کەس بە شوێن باوکمەوە بن بۆ تیابردنی؟ ئەوان کاریان بە سەر سەروپێ فرۆشێکی کۆترباز کە هەمیشە بۆنی کۆتر و جگەرە و سەروپێی داوە چییە؟ باوکم چیکردبوو؟ بۆ کەس بۆمان ناگێڕێتەوە؟ جاری وایە خەیاڵی خراپ بە مێشکمدا دێت و پێم وایە ئەو بەیانییە باوکم لەناو کۆڵانی حەمامەکە، کە رۆژی حەمامی ژنان بووە، لەگەڵ ژنێک بە نهێنی ژووانی هەبووە. ئاخر من بۆخۆم پیاوم و دەزانم پیاوان چۆنن. مێردەکەیەشی بەم کەین و بەینەی زانیووە و ئیتر ئەوەی نەدەبوا بقەومێ، قەوماوە. مێردی ژنەکە، کە رەنگە ئەویش کەبابچی بووبێ، لەگەڵ هەندێ پیاوی تری ناو تایفە لێی راست بوونەتەوە و بۆ هەمیشە ئاسەواریان لەسەر زەوی سڕیوەتەوە. کردوویانە بە کەباب! بەڵام هاوکات دەنگێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ "لەسەرەخۆبە!... بە کاوەخۆ!... پەلەمەکە!" منیش پەلە ناکەم. بەڵام دەبێ ئەمە لەگەڵ کەسێک باس بکەم. کێ؟ نازانم. کە روخساری پیاوەکانی ئەم حەوشەیە بەسەردەکەمەوە، لە هیچیان ئەمە رانابینم. باوەگەورە بێگومان گەر

هەر لێم ببیستێ وەک هەمیشە بە تاقمەکانی دەکەوێتە پێکەنینێکی شێتانە. کارمەندی خۆشگوزەران دەلێ "ئەمە لەگەڵ ئەقڵ و مەنتیق دا نایەتەوە کە پیاوێک لە کاتێکدا سەروپێکەی لەسەر مەنجەڵە و دەکوڵێ، جارێکە بچێتە ژووانی ژنێک، ئەویش بەو بەیانییە زووە کە هەوا ساردی ساردە و نیو میتر بەفر لەسەر عەرزە،... کێ خۆی رووت دەکاتەوە!... دێو و درنجەکان لەوێن!" رەنگە تەنیا خولە دۆڵمەی براگەورە ئەمە بە یەکێک لە ئەگەرەکان دابنێ و بڵێ "بە رێکەوت دەکرێ شتی وا هەبێ،... ئیتر وایە!" دەبێ دیان بەوەدا بنێم کە لەم بوارەدا و لەم پەیوەندییەدا خولە لە هەر هەموو ئەوانی تر مەعقولتر دەنوێنێ. باشە بۆچی دەبێ سەروپێ فرۆش نەتوانێ پیاوێکی رۆمانسی و ئاشق پیشە بێت؟ با سەروپێکەیشی لەسەر ئاور بکوڵێ! ئەم خەڵکە سەیرن. من دایکم لەبیرنایەت، بەڵام وێنەکەیم بینیوە. یەک تاقە عەکسی رەش و سپی کە هەر لەم حەوشەیەدا گیراوە. بە جل و بەرگی کوردی و دەستماڵێکی پڕ لە پولەکە. بەو چاوە تیژانەوە راستەوخۆ لە کامێراکە دەڕوانن. دایکم جوانە،... زۆر جوان. لێرەدا کەمێک لە بیرەکەی خۆم پەشیمان دەبمەوە. پیاو خاوەن ژنێکی وەها جوان بێ، بڕواناکەم بەشوێن ژنی ترەوە بێت. بەڵام راوەستە! لەم ماوەیەدا نەبوو پیاوێکیان

**لە گەڕەکی خواروو هەڵبڕیبوو؟ ئەرێ لەم ماوەیەدا بوو. ئەو پیاوەی خاوەنی جوانترین ژنی ئەم شارەیە و کەچی هەمیشە لەگەڕەکە خراپەکان دەخولێتەوە! پەککوووو! ئەو پیاوەی کە پیاوانی تریش خۆیان لە ژنەکەی مات دەدەن لە سەر ئەو بانەوەی وا بەسەر حەوشەکەی ئەواندا دەڕوانێ. هە هە هە... . سەیرە! نا، ببورن، سەیرنیە. بەڕای من کاتێ سەیرە کە وانەبێ. پیاوەکان بەزۆر ژنان دەکەن بە هی خۆیان. هەتا وایش بکەن هەر بەتووش کێشەوەن. نابڕێتەوە. قەت قەت. ژنەکان ئەگەر بۆخۆیان حەزیش نەکەن، بەڵام پیاوەکان دەیانڕفێنن. دایکم لەگەڵ ئەوەی زۆر جوان بووە و خاوەن نیگایەکی تیژ و زیرەکانە بووە، کەچی مێردەکەی چاوی چووەتە سەر ژنی تر! لەخۆوە نیە فڕۆکەیەک لەو سەری دونیاوە بە ئەفسەرێکی خۆشپۆشەوە هاتووە و ئەوی لەگەڵ خۆی بردووە.**

**گەر نرخی جوانی نەزانیت، بەم شێوەیە سزا دەدرێی.**

**ئەم خەیاڵە ناڕەوایانە من زیاتر بە بیرە تازەکەمەوە دەبەستێتەوە. ئیستایە لە رەمز و رازی ئایدیا گەورەکان دەگەم. ئەوان چەند خۆش مرۆڤ لە خەمە بچوکە ترسناکەکان رزگار دەکەن و دەیبەستنەوە بە جیهانێ کە بەزەحمەت دەتوانی هەڵەیەکی تیابدۆزیتەوە. جیهانە**

**گەورەکان ئەوەندە گەورەن کە بۆ ئەوەی هەڵەیەکیان تیابدۆزیتەوە دەبێ هەر هەمووی پێکەوە ببینی. ئەمەیش کاری هەموو کەس نیە و زۆر زەحمەتە. کوا ئەو شوێنە و ئەو چاوە؟ هەر ناکرێ. کێ دەتوانێ 'هەموو' لەیەک نیگا و لە یەک کاتدا ببینێ؟ چەندە پێکەنینم بەو کەسانە دێت. بۆیە کاتێک دەچیتە ناو ئایدیا گەورەکانەوە دەتوانی راحەت پاڵی لێبدەیتەوە. دادەمەزرێیت. جگە لەمە، لەوێ هەر تۆ نیت. ئەوەندەی خەڵکی تر لێیە کە ئەگەر کەسێک لاساری کرد و بەرۆکی بە خۆت و بە ئایدیاکەت گرت، بەرگریت لێبکەن. لەوێ هەموو شتێک تا ئەوپەڕی خۆی لە ئەمن و ئەماندایە. تۆ یەکێک لە پارێزراوترین کەسەکانی سەر رووی زەمینی. بەڵام خوانەکا رۆژێک لە رۆژان بۆ خۆت تل بدەیت و گومان بخەیتە سەر ئەوەی تا سەر مۆخی ئێسقان بڕوات پێی هەبوو. لەو رۆژەوە ترسناکترین چارەنووس بەرۆکت دەگرێ. باشە بڵێی باوکم رێک ئەمەی بەسەرنەهاتبێ؟**

**ساڵی پەنجاو حەوت، دەمدەمانی کەوتنی حکومەت، کارمەندی خۆشگوزەران سەرەڕای ئەوەی باوەڕی بەو ساڵە نەبوو و لە قووڵایی دڵییەوە بێزاربوو لێێ، کەچی دەمانچەیەکی چواردەخۆری رەشی قەترانی کڕی و لەناو جانتا موهەندیسییەکەی (کە ئەویشی بۆ فیز**

کڕیبوو)، دەخست و لەسەر کتێبخانەکەی دایدەنا. کە ئیتر حکومەت رووخا و پۆلیس نەما تا ئارامی و ئاسایشی شار بپارێزی، کاتێک کۆمیتەکان چێکران و داوا لە خەڵکی کرا بۆ خۆیان بە چەکەکانیانەوە، بەتایبەت لەشەودا، ئاگایان لە شار بێت، کارمەندی خۆشگوزەرانیش لە مزگەوتی گەڕەک ناونووسی کرد و هەفتەی دوو سێ شەوێک دەچوو و کێشکی دەدا. ئەو، شەوانە قاتێکی جوانی کوردی لەبەردەکرد، بەپێچەوانەی سالآنی پیش ٥٧ کە هەمیشە قاتی عەجەمیی لەبەردابوو، دەمانچەکەی دەخستە ژێر پشتێنەکەی و بە جامانە قیتەکەیەوە وەدەردەکەوت. کارمەندی خۆشگوزەران بوو بە نموونەی جەستەیی بیری نەتەوەیی من! بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکەی، گەڕانی نیوەشەوانی کۆڵانەکانیش ناخۆش نەبوو. شتێک کە لەلای سەرنجڕاکێش بوو، ئەو تاریکاییەی بوو نەتدەزانی لە کۆڵانەکەی ئەوبەر چی لەناوخۆیدا حەشارداوە. هەرهەنگاوێک، هاوڕێی دڵەڕاوکێ بوو. دڵەڕاوکێیەکی خۆش، وەک سەردەمی گەنجیەتی. ئەگەرچی حکومەت نەمابوو و سەردەمی تەقە و کوشتەکان بەسەرچووبوو، بەڵام لە دەروونەوە دەنگێکی کز و نادیار پێی دەگوت دونیا ئەوەندەیش دەیەوێ بنوێنێ ئەمن و ئەمان نیە و رەنگە لەهەر بستەهەنگاوێکی هەر کۆڵان و قوژبنێک،

مەترسییەک خۆی حەشاردابێ. لای ئەو دەکرا کاتێک نەزمێکی دەیان ساڵە تێک بچێ و خەڵکی فێری تێکرووخاندن بن، ئەوا ئەم عادەتە بەجۆرێکی تر هەتا ماوەیەکی نەخوازراو و پێشبینی نەکراو درێژە بکێشێ. کارمەندی خۆشگوزەران لە دەروونەوە دەترسا، بەڵام سەردەم سەردەمێک نەبوو چیتر لە ژوورەوە خزێ و نەیەوێ بەشداری لەو رەوتەدا بکا وا هەموو خەڵکی بە جۆرێک لەجۆرەکان تێوەگلاندبوو. بگرە ماشینی بێنزەکەیشی لەخزمەتدا بوو و رۆژ نەبوو لێرەوە بۆ ئەوێ لە ئەوێوە بۆ ئێرە خەڵکی پێ نەگوێزێتەوە. لەم کێشکانەدا بەسەر زۆر رووداودا کەوتبوو کە بەدەگمەن لەوە پێش وێنەی بینیبوون. قیژە و دەنگ و هەرای ناو ماڵ، هەتیوبازەکان، دزەکان کە تا ئیستاکە چەند دانەیەکیان لێگرتبوون، مەستەکانی نیوەشەو و سەرئەنجام ئەو پیاوە پیر و بەتەمەنانەی نیوەشەوان لەبەر دەرگادا هەڵدەتروشکان و تووتن و پەڕەیان بەبادەکرد. شار شەوانە جۆرێکی تر هەناسەی هەڵدەکێشا. بیری باوکی کردەوە کە ساڵانی ساڵ ئەم کەش و هەوایەی ئەزموون کردبوو و بەردەوام لەگەڵی ژیابوو. بگرە چەند جارێک کە لە کۆڵانی حەمامەکەوە تێپەڕیبوو، بەتوندی بیری باوکی کردبووەوە و بە راوەستان لەبەردەم توونەکەدا، کە تادەهات پیر و پیرتر دەبوو، بۆ

چەند ساتێک هەستی بە حوزوری کردبوو. شەوێکیان لەم حوزورە ئەوەندە ترسا، ترسێک کە ترس نەبوو و زیاتر لە شەرمی دەکرد، کە داوای لە مزگەوت کرد چیتر بۆ ئەو گەڕەکەی نەنێرنەوە وا حەمامەکەی لێبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانە، ئەوەندەی پێنەچوو کێشکی شەوانە بیروڕای دێرینی بەجۆرێک لە جۆرەکان پێگۆڕی و هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە هەندێ شت ئەگەرچی لەسەرەتادا نائەقڵانی دەنوێنێ، بەڵام بەتێپەڕینی کات لایەنە ئەقڵانییەکەی دەردەکەوێ. لای ئەو رێک هەتا کەوتنی حکومەت رەوتەکە ئەقڵانی نەبوو، بەڵام لەپاش ئەوە دۆخەکە بوو بە شتێکی تر. پۆلیس و چەکداری حکومەتی کە هەمیشە رازێک و جیهانێک بوون بەدوور لە تێگەیشتن و هەستپێکردن، جیهانێک کە تەنیا ترس و واهیمەی لێ دەدەڵا، کاتێک خۆی رێک لەجێگای ئەواندا بینییەوە ئەوەندە هەستی متمانەبەخۆبوونی تیا پێکهات کە بۆخۆیشی سەری لێ سوڕما. ئەم جارە بوو زانی بەشێکی گرینگی ئازایەتی لەو چەکەوە دێ بەدەستییەوە دەگری. لێرەوە کارمەندی خۆشگوزەران بە گرینگیی مانای 'ئامراز' گەیشت. ئەمە دیسان یارمەتی دا کە لە مانای کڕینی ماشینی بێنزەکەیشی بگا کە کاتی خۆی ئەسڵەن بیری لەم لایەنەی نەکردبووەوە. ئەمە زیاتر خۆشحاڵی کرد. چونکە بینی هەندێ

جار هەندێ شت دەکا بە بێ ئەوەی لە مانا شاراوەکانی پشتەوەی بگا، بەڵام کردەکە لە جێی خۆیدا بووە و رێک نەو ئاراستەیەدا کە لە سەرەتاوە باوەڕی پێی هەبووە.

مەنێ بوغزنی ژنی کە هێشتا سەرەڕای گۆڕینی حکومەت و ئەو هەموو قیل و قالەی لەم شارە و لەم دونیایەدا هاتبوونە پێشێ، زەینی وەک جاران بە گوڵێ لێوبەبزەوە مەشغوڵ بوو، بینینی دەمانچەکە هومێدێکی شەیتانیی لەدڵدا گێڕابوو. ئەو کە قەت بە زریکەکە رانەهاتبوو و هەمیشە بیری بەبادانی پاکداوێنێی کوڕەکەی دەخستەوە، لەدڵەوە حەزی دەکرد رۆژێک لە رۆژان کۆتایی پێ بێ. بەڵام چۆن؟ ئەو زۆر جار خەونی بە نەخۆشیی گوڵێوە بینیبوو، یاخود بە سەکتەیەکی کتوپڕی لە ناوەڕاستی یەکێک لە قیژە ترسناکەکانیدا، یان ئەوەیکە شەوێک دراوسێیەکی وەڕەز لە بانەکەیانەوە بە دزییەوە دادەبەزی و بە بێدەنگی لە کاتێکدا هەموو گەرمی خەوی خۆش بوون، کۆتایی بە ژیانی دێنا. لای مەنێ، کۆتایی ئەم دۆخە تەنیا بە مەرگی گوڵێ مسۆگەردەبوو. مردنی گوڵێ لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا بە هۆی رێکەوتی تەقەی چواردەخۆرێکەوە! خەیاڵەکە مچۆرکێکی ساردی بە لەشدا دێنا و، ئارەقەی پێدەکردەوە. کوشتن ئاسان نەبوو، بەڵام هاوکات کاتێ بیری

لەوە دەکردەوە کە بۆ هەمیشە لەم زریکە چەندینساڵەیە رزگاریان دەبێ و دیسان دۆخی ژیان بۆ پێش ئەو دووانیوەڕۆ گەرمە نەگبەتەی هاوین دەگەڕێتەوە، لە خۆشیان خۆی بە پێوە نەدەگرت. هەراهەرای خەڵکی سەر شەقام لەمێژبوو تەواوببوو و کەچی ئەم زیقنەی حەوشێ هەر بەردەوام بوو! ئەم بیرە شێتی دەکرد. گەر قەرارە لەم گەردوونەدا هەموو دیاردەیەک رۆژێ لە رۆژان کۆتایی پێبێ، ئەی نۆرەی ئەم زریکەیە کەی دەهات. نەکا ئەم حەوشە و دەرکەوبانە بەر غەزەبی حەقتەعالا کەوتبێ! مەنێ لەبەر خۆیەوە هەرچی دۆعا و وشەی ناشیرینی لایە، بۆ فاتێ و خولەی هەڵدەدا. دەڵێ "ئەوەندە بە خەڵکی دەڵێ خودا چاکت بۆ بکا، تا چاکەی لە خوداوە بۆ خۆی پێ نەهێشت!" هەڵبەت مەنێ لەوە ترسنۆکترە، یان باشترە بڵێم دەمانچەکە لەو ئەوەندە بەغیرەتترە کە نەتوانێ دەستی بداتێ و ئەوەی لەدڵیایەتی بیهێنێتە دی. رەنگی رەشی قەترانیی دەسک و لوولەکەی دەڵێی رەشمارە، چاوەروانە دەستی مەنێی بگاتێ بۆ ئەوەی وەها پێیەوە بدا کە قەت قەت لەبیری نەچێتەوە. مەنێ، وەک بڵێی خەریکی رێگاگرتن لە مارێکی رێکەوتە لە ژوورەکەیاندا، داوێنی کراسەکەی کۆدەکاتەوە و دەیخاتە ژێرئەژنۆ و قاچەکانییەوە و بەدەنگی بەرز چی وشە و رستەی

**ناشیرینی لایە حەواڵەی دەورووبەری خۆی دەکا. سێبەری رەشی ئەو رۆژە، باڵی بەسەر هەموو داهاتووی ئەودا کێشاوە.**

**کارمەندی خۆشگوزەران کە هەوڵی دەدا بیر و خەیاڵی باوکی لەخۆی دووربخاتەوە، ئەو شەوانەی وا بەتەنیا کێشکی دەدا، دەیکردە بیانوویەک بۆ ئەوەی بۆ دۆست و دوژمنی بگێڕێتەوە کە شەوانە جاری وایە لەگەڵ باوکی پێکەوە نیگابانی دەدەن! دەیگوت، ئەو شەوانە باوکی باسی ئەو رۆژەی تەیارەکەی بۆ دەکا... باسی ئاسمان و ئەفسەرەکە و... . دەیگوت باوکی سوپاسی ئەو خەڵکە دەکا ئەویان لەبیرنەکردووە و بە هەڵگرتن و بەرزکردنەوەی وێنەکەی لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا رێزیان گرتووە! دەیگوت باوکی وەک ئەو ساڵانە گەنجی گەنجە، هەر نەگۆڕاوە. پێم وانیە لە دووای ساڵی ٥٧ کەس بەقەد کارمەندی خۆشگوزەران خۆشحاڵ و رازی بووبێ. ئیتر چی دەویست؟ کتێبخانە، دەمانچە و کوڕێک کە لە داوی شەڵوارپیسی دەرباز ببوو، هەروەها باوکێک کە کتوپڕ بە گەڕانەوەی، بنەماڵەکەی ئەوانی لەم شارەدا سەربەرز و ناوداركردبوو، کارمەندی بە ترۆپک گەیاندبوو. قەت بیری لەوە نەدەکردەوە رووداوە گەورەکان بتوانن ئەوەندە ئەوی گۆشەنشین بخەنەوە بەر رۆشنایی.**

من جاری وایە بیردەکەمەوە داخۆ خەڵکی ئەو وێنەیەی باوکمیان لەکوێ دەست خستبوو. لە کاتێکدا هێشتا لای بنەماڵەکەی چۆنیەتی چیرۆکی ونبوونەکەی بەجوانی ساخ نەببووەوە و باوەگەورە بەو شێوەیەی پێویستە نەهاتبووە دەنگ، چۆن چۆنی ئەوان هەموو بەسەرهاتەکەیان لای خۆیان ساخ کردبووەوە! بڵێی هۆکارەکەی ئەوە نەبێ کە هەموو گۆڕانە گەورەکان پێویستیان بە چیرۆک هەیە؟ ئەوەیکە دەبێ مردووەکانیش بە شێوازێکی تر بانگهێشت بکرێنەوە؟ هەڵبەت رۆژێکیان خولە دۆڵمە گوتی وێنەکەیان لە یەکێک لە بیناکانی سەر بە حکومەت هێناوەتەوە دەرەوە. ئەو بینایەی وا خەڵکیان تیا دەستبەسەر و زیندانی دەکرد. ئەمە بۆ ئێمە سەرەداوێکی تازەبوو. بەڵام گوتیان کە لەم وێنەیە زیاتر چیتریان لەوێ لەسەر باوکم دەست نەکەوتووە. وتیان هەموو شتەکانی تریان سووتاندبوو. کەواتە ئەو بەیانییە باوکمیان لە توونی حەمامەکەوە بردووە بۆ ئەو بینایە و پاشان لەوێوە بۆ سەربازخانەکەی شار و لەوێیشەوە بۆ ناو فڕۆکەکە. بەڵام ئەمە کێشەکە لای من ئاڵۆزتر دەکا. دیسان بەزمی توونی حەمامەکە سەرم لێ دەشێوێنێتەوە. تەنیا حەڵقەی ون و پڕ لە پرسیاری ئەم چیرۆکە توونەکەیە. ئاخر ئەم پیاوە لەو توونە چیکردووە؟... بۆ رووی کردووەتە ئەوێ؟ ئاخر دەکرێ لە

سەر جێژوانی ژنێ، با هەم پیاوەکە عایلەمەند بێ و هەم ژنەکە خاوەن شوو، بتبەنە شوێنێکی وەک ئەو بینایە و پاشان بەرەو سەربازخانە و ئەوسا بۆ ناو فڕۆکە؟! مەگەر لەم شارە و لەم وڵاتە تەنیا باوکی من حەزی بە ژنی تر بووە؟ کتوپڕ شەرم دامدەگرێ. شەرم لەوەی دیسان حەقایەتێک دووپاتدەکەمەوە کە رقم لێیەتی و پێم وایە ناڕاستترین حەقایەتی مومکینە لەسەر باوکە بێچارەکەم. لەم کاتانەدا روودەکەمەوە ژوورەکەم و دەست دەکەمەوە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی. تەنیا سروودێ کە ورە و وزەم پێدەدا، بەڵام هاوکات گرێی هیچ کێشەیەکم بۆ ناکاتەوە، نە گرێی ونبوونەکەی باوکم و نە گرێی فاتێ لێوبەبزە و نە گرێی بێدەنگیی و پێکەنینە تاقمەییەکانی باوەگەورە.

پێتان وانەبێ گوڵێ تەنیا شتێک دەیزانێ زریکاندنە، نا، بە پێچەوانەوە. گوڵێ لێوبەبزە زۆر شتی تریش دەزانێ. بۆ وێنە دەتوانێ تەواوی کاتەکانی ژیانی لەو ژێرزەمینییە دابنیشێ و لەگەڵ ئەو بووکە کایە بکا وا لەلای دارتاشێکی دراوسێمان بۆیان دروست کردووە و دایکیشی جلی بۆ دووریوە. ئەو بووکەی چاوەکانی یەک و دوو دەوەستن. جگە لەمە گوڵێ لەبەرخۆیەوە دەتوانێ رۆژ تا ئێوارە و شەو تا بەیانی ئاهەنگێک بچڕێ کە تەنیا خۆی بیستوویەتی. ئاهەنگ و

شیعرێکی تایبەت کە ئەوەندە ئاوێتەی یەکترن، ناتوانی لێکیان بکەیتەوە. ئەو هەروەها دەتوانێ سەردەمی منداڵیی خۆی هەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵ خۆی رابکێشێ و هەندێ جاریش تا دوواسنوورەکانی خۆشحاڵی پێبکەنێ. گوڵێ ئەوەندە شت دەتوانێ کە جاری وایە من هەستدەکەم گەر رۆژێک لە رۆژان ئەویشمان تێکەڵ بە چیرۆکی پەیداکردنی بەسەرهاتی باوەگەورەی بکردایە، ئەوا بێگومان دەیتوانی یارمەتی گەورە بدات. بۆ وێنە دەیتوانی پێمان بڵێ "بۆ نەچوون داوا لە حکومەت بکەن،... بۆ داواتان لە پۆلیس نەکرد؟... بۆچی دووای ساڵی پەنجاوحەوت شوێن پێی ئەو ئەفسەرەتان هەڵنەگرتەوە کە بە فڕۆکەکە هات بە شوێنیا؟... بۆچی جارێ لە جاران بەجوانی لەگەڵ مام وسووی حەمامچی نەدووان، یان بۆچی ئەو ژنەتان نەدۆزییەوە وا ئەو بەیانییە لە گەڵی لە توونی حەمامەکە جێژوانی هەبوو و... ،..." من لەمێژە باوەڕم بە زیرەکیی ئەم برازایەمە. بەوە نیە رۆژێک لە رۆژان هەڵەی کردووە. تازە مەگەر لەم دونیا پان و بەرینەدا تەنیا هەر ئەو هەڵەی کردووە؟ بەوە نیە کاتێک دەقیژێنێ، هەرچی قیژەی دونیایە لە گەرووی ئەوەوەیە دێتە دەرەوە. من دڵنیام گەر باوکم مابا، ئەوی لەهەر هەمووومان خۆشتر دەویست. تازە، مەگەر کەس لەم حەوشەیەدا دەیوێرا

**ئاوا لە ژێرزەمینێکی خنێ و هەتاهەتایە بۆ رووانینی دونیا تەنیا یەک پەنجەرەی پێ رەوابببینێ! بێگومان نا. هەندێ جار دێمە سەر ئەو رایەی چارەنووس بەئەنقەست ئەم نەهامەتییەی بەسەر گوڵێ لێوبەبزەدا هێنا بۆ ئەوەی چیرۆکی باوکم تەنیا بە ونبوونەکەی کۆتایی پێبێ و بەس. چارەنووس دەستدرێژی کردە سەر گوڵێ بۆ ئەوەی وەها لەخۆی شەرمەزاری بکا لە ئەقڵ و لە گۆی بخا بۆ ئەوەی زانیارییەکانی تەنیا لای خۆی بمێننەوە و تەنیا بۆ خۆی هەڵیانگرێ. لەخۆوە نیە دەنگی ئەوەندە تیژە. لەم کاتانەدا گەر دەمانچەکەی کارمەندی خۆشگوزەرانم پێ بوایە بێگومان ئاسەواری کاوە شێلمم بۆ هەمیشە لەسەر گۆی زەوی دەسڕییەوە. ئەو گەوجە شێلم و گوڵەبەڕۆژە فرۆشە نەگبەتە نەیزانیوە چیکردووە. هەتا ئیستایش پێی وایە تەنیا هەوەسێک بووە و بەس. ئەو نازانێ بووە بە هاوکاری ئەفسەرەکە و ئەو فڕۆکەیەی وا بەشێکی گرینگ لە رابردوو و لە مێژووی ئێمەیان لەگەڵ خۆیان برد و ونیانکردن. سەیرە، مێژوو بە ئاسمانەوە کۆتایی پێ بێت. ئەمەش یەکێکە لە عەجایباتی سەردەمی ئێمە. ئەویان فڕاند بۆ ئەوەی ئێمە هەمیشە چاومان لە ئاسمان بێت. ئەو شوێنەی دەستمان نایگاتێ و بۆیە قەت ناتوانین سەروبنی ئەم چیرۆکە غەمگینە یەکجار بۆ هەمیشە سەریەک**

بخەینەوە. لە تەواوی ئەو دەنگانەی لەم حەوشەیەدا بەرهەم دەهێنرێن، تەنیا زریکەی گوڵێ لێوبەبزەیە دەگاتە ئەو بەرزاییانە. ئەمە یەکێک لە گرینگترینی ئەو تایبەتمەندییانەیە، گوڵێ لە ئێمە و لە خەڵکی گەڕەک و لە شار جیادەکاتەوە. ئاخ گوڵێ،... ئاخ گوڵێ! ئەو نیوەڕۆ گەرمەی هاوین بۆخۆت بە دەستەوە دا؟... نەدەکرا شەپەلاخەیەکی وەها قایم و گورج و گۆڵ لە روومەتی کاوە بۆگەن بدەی کە بۆ حەوت پشتی ئاقڵی بکەی! دەزانم لەکاتی جووتبوونەکەیش دا هەستت نەبووە و تەنیا خۆت بە دەستەوە داوە بۆ ئەوەی خۆت بە دەستەوەدابێ! شەرمت تۆی پێوەکرد، ئەو شەرمەی کاوە وای دەزانی حەزە. ئاخ گوڵێ... ئاخ! هەندێ جار مرۆڤ پێویستە لەوە بگا کە جەستە و ژیان و بیری، تەنیا هی خۆی یاخود هی دوو نەفەر نیە و بگرە سنوورەکەی یەکجار لەمە زیاتر دەڕوا. ئەگەرچی باوەڕم بە دۆعا و بە نزاکردن نیە، بەڵام لە دڵمەوە ئاواتەخوازم کاوە هەتاهەتایە شێلم فرۆش و گوڵەبەڕۆژەفرۆش بمێنێتەوە و قەت لێی قوتاری نەبێ. بڵێی ژنی توونی حەمامەکە و ئەفسەرەکە نەبن گۆڵێیان خەڵەتاندبێ؟ ژنەکە بێگومان پێی گوتووە "لەئێستاوە فێربە خۆت بەدەستەوە بدە، ژیان هەمووی لەسەر ئەمە بەندە، ئەوی تری فشەیە،... گاڵتەیە. ئەوی تری هەمووی هەوڵدانە بۆ

خۆدزینەوە لەمە!... لەززەتە ئەبەدییە هەرە خۆشەکە!" ئەفسەرەکەیش گوتوویەتی "گەر ئەمە نەکەی رەنگە هەموو تایفەکەتان تیابچن،... هەموو تایفەکەتان، ،... تێدەگەی!؟... بێگومان تێدەگەی، تۆ هەمیشە کچی چاک بوویت!" منیش دەزانم گوڵێ کچی چاکە. گوڵێ ئەوەندە کچی چاکە کە لە دووای ئەو دووانیوڕۆیە گەرمەی هاوین زۆر بە ئاسانی گوناحی کاوە شێلمی لەبیرکردووە و رێک وەک یەکێک لەو کەسانە دەیبینێ کە لەم حەوشەیەدا دەژین. هەرچەند کاوە هەمیشە هەوڵدەدا خۆی لەو ژێرزەمینییە گێل بکا و قەت نیگای لە نیگا سەرگەردانەکانی گوڵێ نەچەقێ. کاوە بەلاچاو ئاگای لەوێیە. نە قەت هەوڵیدا مشتێ گوڵەبەڕۆژەی بۆ ببا و نە جامۆڵکەیەک شێلمی کوڵاو. کاوە زۆر هەوڵدەدا بۆ هەمیشە گوڵێ فەرامۆش بکا. لەیەکەم رۆژەوە ئەوەندە ترسا نەبێتەوە. بۆیە کاتێک دایکی بەسەریدا گوڕاندی "بۆ بەشوێن چەتیوە بەڕەڵڵایەکی وەهاوەی و مەگەر تۆ کوڕی کێی و کێت پێ دەڵێن؟" باوەڕی بەخۆی هێنا کە هەموو شتێ هەر لەسەرەتاوە هەڵە بووە، هەڵەیەکی کوشندە. کاوە کە چاوەڕوانی سزایەکی گەورەی بۆ سەر خۆی دەکرد، کاتێک کارمەندی خۆشگوزەران و مەنێ، خولەیان لەسەر ئەوە رازی کرد دەبێ ئەم داوێن پیسییە هەتاهەتایە لە ژێرزەمینییەکدا

حەشاربدەن و فاتێ داماویش داماوانە و ملکەجانە لە نیگاکانی خۆلەوە وەریگرت، وەها باوەڕبەخۆبوونێک لە دەمارەکانیدا گەڕا، نەبێتەوە. ئەوسا زانی هەموو شتێ لە راستیدا خەتای گوڵێ بووە. بەو سمت و سینگ و لەش و لار و خەندانەوە، بگرە بەردیشی دەجولاند و بەتووش تاوانەوەی دەکرد. ئەم رووداوە وەها کاریگەریی لەسەر کاوە بەجێ هێشت کە تا ماوەیەکی چاک، نە لە ژێر لێفە و نە لە حەمام نەیدەوێرا دەست بۆ خۆی ببات. ئەو نەیدەزانی رۆمانسیەت لەگەڵ خۆی هەڵگری چ کارەساتێکە. نەیدەزانی لەو دیوی ئەو شتە خۆشە چ ئەهریمەنێک راوەستاوە و چاوەڕوانە. کاوە چەند جارێ بە ئەسپایی و لە بێدەنگیی شەوانی کڕ و مات دا لە ژێر لێفەکە گریابوو،... بۆ گوڵێ گریابوو. بەڵام دووای ئەو گریانانە وەها جەستە و رۆحی سووک ببوون کە ئیتر قەت سۆز و بەزەییەکە نەگەڕایەوە. کاوە ئیتر تەنیا کاوە شێڵم فرۆش بوو و بەس. شەقام و خەڵکیش لەم کاتانەدا چەندە ورەبەخشن. کاوە زۆر جار کاتێک بیر لەم سەردەمانە دەکاتەوە، سەردەمی قەرەباڵغیی شەقامی ساڵی پەنجاو حەوت و سەردەمی بەسەرهاتەکەی خۆی و گوڵێ ی وەک یەک دێنەوە بەرچاوی. خۆشترین ساڵەکانی شەقام. بێهۆ نەبوو کاوە دوواتر سەرەڕای ئەوەی توانی قوتابخانە تەواوبکا و دەرفەتی

**خوێندنی زانکۆی هەبوو، کەچی پیشەی دووکانداری هەڵبژارد و رووکردە بازاڕ. ئەو هەتا کۆتایی تەمەنی بە بازاڕ و بە شەقام وەفادار مایەوە.**

**سەرئەنجام لەدووای بێنەوبەرەیەکی زۆر بڕیاردەدەم هەرچۆنێک بێت باوەگەورە سەبارەت بە باوکم بدوێنم. ئەگەر ئەو تەنانەت لەسەر رووداوەکەیش هیچ نەزانێ، بەڵام بە باسکردنی سەردەمی منداڵی، لاویەتی و پیاوەتی باوکم دەتوانێ دەرگای زۆر شتم لێبکاتەوە. هەر ئەوەندەی هەندێ زانیاری وەربگرم، دەتوانم دوواتر سەریەکیان بخەمەوە و وێنەیەکیان لێسازبکەم. رێک وەک فیلمی پۆلیسی. ئێوارەیەک لەپاش نانخواردن بە ئەسپایی و دڵەڕاوکێوە لەدەرگاکەی دەدەم. باوەگەورە حەزی بە سەردانی کەس نیە. بێ ئەوەی بپرسێ کێیە، لەپاش ماوەیەکی کورت دەرگاکە بە ئەسپایی دەکاتەوە. دەزانێ سەردانێکی ناوادەیە. کەسێک، شتێکی قورس راپێچی داوە و هەنگاوەکانی بەرەوە ئێرە هێناوە. لەیەک دەڕوانین. وەک بڵێی چاوەڕوانمە، دەرگاکە جوان دەخاتە سەرپشت. دەچمە ژوورەوە. هەستدەکەم لەپاش ساڵانی ساڵ ژوورەکە هێشتا بۆنی دایەگەورە دەدا، بۆنی شمەکە کۆنەکان، بۆنی باوەگەورە خۆی و هەروەها بۆنی ئەو**

مەلایەی گەڕەک کە جاروبار دێ و لێرە چایەک دەخواتەوە و دەڕوا. ڕێک بەهەڵکەوت لەو شوێنەدا دادەنیشم کە خانووەکەی منی لێوە دیارە. وێنەی خانوویەک لە قاپی پەنجەرەکەی باوەگەورەدا. ئیستا دەزانم، بەشێکی گرینگی کاتەکانی ژیان، من بۆ ئەو تەنیا وێنەیەکم و بەس. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە باوەگەورە تەمەنێکی وەهای نەماوە، بێ پێچ و پەنا دەچمە سەر ئەسڵی مەبەستی سەردانەکەم. دەڵێم "چۆن ژیا، چۆن گەورە بوو و چ پیاوێک بوو؟" هەستدەکەم بەشی سێهەمی پرسیارەکەم پڕ بە پێستی خۆی نیە، بەڵام تازە لە دەمم ترازاوە. باوەگەورەیش وەک بڵێی دەزانێ کە منیش سەرەڕای ئەوەی گەنجم و تەمەنێکی زۆرم بە بەرەوە ماوە، بەڵام سروودە نەتەوەییەکان کاتیان پێ گوشیووم، دەست دەکا بە گێڕانەوە. گێڕانەوەی گرینگترین ڕووداوەکانی ژیانی باوکم. دەڵێ "لەدایک بوو، گەورە بوو و مرد! لە ناو لەدایکبوون و گەورەبوونا، لە کاتی شەڕەکانا دایکی لەم گوند بۆ ئەو گۆند کۆڵی کرد. حەوت ساڵ چووە قوتابخانە. شاگرد سەروپێخانە بوو. لە ناو گەورەبوون و مردنیشیا ژنی هێنا، بوو بە خاوەنی سێ کوڕ، نیوەشەوێک کاتێک بەهۆی کارێکەوە لە دووکانەکەی ئەبێ، بەو ئاکامە ئەگا کە ژیان نابێ تەنیا ڕێگایەک بێت لە ناو سەروپێخانە و ماڵەوە،

بۆیە بڕیارئەدا ڕێگاکەی بگۆڕێ، دوواتر ژنەکەی مرد، پاشان خۆی... ."
باوەگەورە لێرەدا راوەستا، نیگاکانی گەڕانەوە بۆ ناو چاوەکانی. بە هەنسکە هەنسکێکی کەمێک قورس ئەم چەند رستەیەی درکاند لە کاتێکدا زوو زوو تاقمەکانی ناو دەمی حەزیان دەکرد وەک هەمیشە بفڕنە دەرەوە و بکەونەوە پێکەنینێکی شێتانە. ئەو کە بەزەحمەت تاقمەکانی رادەگرت، لە سێ دەقیقەدا ئەمانەی درکاند.

لە قسەکانی باوەگەورەدا وێڕای توانای ئەو بۆ گێڕانەوەی چیرۆک لە کورتترین شێوازی مومکین دا، دوو شت گرینگ بوون، یەکەم ئەوەیکە باوکم بە ئاکامێکی نوێ دەگا و دووهەم ئەوەیکە دەبێ ڕێگاکەی بگۆڕێ. سەبارەت بەوەیکە باوکم چۆن بەم ئاکامە دەگا، هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نیە. دەکرێ پیاو دابنیشێ و بیری لێبکاتەوە و هەرچی ئەگەر و گومان هەیە بەسەری بکاتەوە. بۆ وێنە باوکم رقی لە دووپاتبوونەوە بووە، یاخود لەخەوهەستانی بەیانیان زوو، هێزی خەیاڵی بزواندبێ، یان بەیانیان ئەوەندە شێت و سواڵکەر و پیاو و ژنی فەقیر و هەژار خۆیان بە دووکانەکەیاندا کردبێ کە ئیتر گەیشتووەتە ئەو رایەی ئاوا نەبێ و ئەو ناتوانێ ئەم هەموو عالەمە هەموو رۆژێ تێربکا و بۆیە دەبێ دونیا بە بارێکی تردا بکەوێ، بەڵام،... بەڵام بەزمی توونی

حەمامەکە چی؟ ئەم بەشە بیر و خەیاڵەکانم لێ دەشێوێنێ. ئاخ لە خولە دۆڵمە چۆن بە خستنە ناوەوەی رستە و هەواڵێک هەموو مێژووی سەراوقون کردووە! بەڵام سەبارەت بە ئەوەیکە باوکم بەو ئاکامە دەگا کە دەبێ رێگاکەی بگۆڕێ. دەی باشە، بەڵام پرسیار ئەوەیە مەبەستی لە رێگاگۆڕین چی بووە؟ داخۆ مەبەستی گۆڕینی ئەو کۆڵانانە بووە بەرەو سەروپێخانەکە پێیاندا تێپەڕیوە، یان مەبەستی شتێکی تر بووە؟ کە لە باوەگەورە دەپرسمەوە، وەڵامی نیە. دەڵێ ماندووە و من دەبێ بڕۆم. دەڕۆم. کە دەگەمەوە ژوورەکەی خۆم، خەیاڵم هەر بە گۆڕینی رێگاکەوە مەشغوڵە. دێتەوە بیرم کە رێک لە سەر توونی حەمامەکەوە دوو کۆڵان جیادەبێتەوە، کۆڵانێک بە دەستی راستدا و کۆڵانێک بە دەستی چەپدا (واتە هەمان کۆڵانی حەمامەکە). من پێم وایە باوکم هەم رێگای بە مانای کۆڵانەکە گۆڕیوە و هەم رێگا بە ماناکەی تری. واتە گۆڕینی ژیان. لێرەدا پێکەنینێکی سەیر دامدەگرێ. سەروپێ فرۆشێک و بیری وەها! ئەی بۆ نا؟... مەگەر ئەو چی لە خەڵکی تر کەمتربووە؟ بێگومان هیچ. بگرە زۆر زیاتریشی هەبووە. لێرەدا کتوپڕ بەسەر گەورەیی و مەزنیی باوکم دا دەکەوم. باوکم لەسەردەمێکدا بیری لە گۆڕینی رێگا کردووەتەوە کە کەس هەر نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی 'بیر'یش بدات.

**بەڵام دەی باشە، ئەم بیرە بۆ دەبێ تاوان بێ؟... کەسێک بەزەیی بە خەڵکی تردا بێتەوە و بیەوێ ژیانیان بگۆڕێ، بۆ دەبێ ون بێ؟ دیسان توونی حەمامەکە دێتەوە بەرچاوم و سەرەداوی بیرەکانم لێ دەپسێنێ. هەموو شتێ، بگرە هاتنی فڕۆکەکە و ئەفسەرە خۆشپۆشەکەیش تەواوکەری بەسەرهاتەکەن، جگە لەم توونە نەبێ. بەڵام راوەستن! شتێکی تریش ماوە. باوکم لەدووای مردنی دایکم دەڕوا و ون دەبێ. ئەها!... ئەمەیش دەبێ زیاتر بیری لێبکەمەوە. باشە بۆ باوکم رێک لەدووای مردنی دایکم بەتووش توونی حەمامەکە و ئەو جێژوانەوە دەبێ وا باسی دەکەن؟ ئەویش لەماوەیەکی یەکجاری کورتی دووای مەرگی دایکم؟ ئەمە ئیتر بوختانێکی گەورەیە. خولە و هەموو ئەوانی تر وا باوەڕیان بەم چیرۆکەیە، خائینترین کەسەکانی ئەم جیهانەن. باشە چۆن پیاوێک دەچێتە جێژوانی ژنێک کاتێک تازە ژنەکەی خۆی مردووە و منداڵێکی ساویلکەیشی لێ بەجێماوە؟ لێرەدا بیری بیرە فەلسەفییە نەخوێندەوارییەکانی باوەگەورە و ژماردنی مێرووولە و چۆلەکەکان دەکەومەوە. باوەگەورە بۆ دوورکردنەوەی ئەم بیرە ئەهریمەنیانەیەیە خووی داوەتە ژماردن. لە پەنجەرەکەی خۆمەوە سەیری خانووکەی دەکەم. ژوورەوە نووتەکە. باوەگەورە خەوتووە. هەست دەکەم کاتێک**

ئەو دەخەوێ، هەموو چیرۆکەکە دەخەوێ. مێشکی من لەمە زیاتر بڕ ناکا. گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە و لەناو تاریکاییدا، لەهەوڵی دۆزینەوەی خەو، تا درەنگان دادەنیشم.

فاتێ بۆخۆی نان بە دەمی کچەکەیەوە دەکا. زۆربەی کات، کاتێ پیاوەکان لەماڵەوە نین لە تەنیشتی دا دادەنیشێ و کەوچک کەوچک خواردنی پێدەدا. گوڵی گەر بووکەکەی لە باوەشدا نەبێ، نان ناخوا، تێرنابێ. ئەو و بووکەکەی هەمیشە لە کاتێکدا دایکی نەرم نەرم فرمێسک بە چاوەکانیدا دێنەخوار، نان دەخۆن. فاتێ قەت لە دەروونەوە لەسەر کچەکەی دۆعا و نزا لە کەس ناکا. ئەو پێی وایە رۆژێک لە رۆژان وەک چۆن خودا هەمووان دەبەخشێ، هەر بەو شێوەیەیش مرۆڤەکان یەکتر دەبەخشن و سەبارەت بە یەکتر دەبن بە خاوەن نیگایەکی تر. ئەو ئەمە دەداتە دەست زەمەن و کات. لەم حەوەشەیەدا سەردەمانێک دێت هەم کارمەندی خۆشگوزەران و هەم مەنێ بوغزن و خولە و... گوڵێ دەبەخشن و هەم گوڵێ لێوبەبزە ئەوانیش. لای ئەو رزگاریی راستەقینە ئەمەیە،... شۆردنەوەی هەموو رۆح و دەروون لە پیسایی و لە رق و لە بوختانەکان. سەردەمانێک دێ وەک چۆن ئەو میهرەبانانە لە کاوە شێلم دەڕوانێ، ئەوانی دیکەیش بە هەمان شێوە لە گوڵێ. لەپاش نانخواردن،

هەڵدەستێ دەستێک بە ژوورەکەدا دێنێ. گسکێکی لێدەدا و بە دەسماڵێک تۆز لەسەر شمەکەکان کە یەکجار کەمن دەسڕێ. هەفتەی جارێکیش تەشتێکی زل لە گەڵ پووتێک ئاوی گەرم دێنێ و هەر لێرە کچەکەی دەشوا. گوڵێ بە پێچەوانەی زریکە ترسناکەکانی، کچێکی خۆبەدەستەوەدەرە. هیچ لاسارییەک لە خۆی نیشان نادا، نە لە کاتی خواردندا و نە لە کاتی شۆردنی دا. بگرە زۆر ئارامیشە. فاتێ لەمێژە بەو ئاکامە گەیشتووە گەر لەم ژووره کەسێکی لەگەڵ بژی، ئەوا قەت کچەکەی نازریکێنێ. چەند جارێک ویستی ئەمە لەگەڵ خولە و بگرە باوەگەورەیش باس بکا، بەڵام هەموو جارێ قرەقوپی لێکرد. ئەگەرچی بەپێچەوانەی خولە، لەباوەگەورەی رادەبینی شتێکی بۆ بکا، بەڵام لەدەروونەوە دەنگێکی نادیار پێی دەگوت وا باشترە باسی نەکا. کاتێک پیاوەکان لەماڵەوە نەبوون، لەساتەوەختی زریکەکاندا دەچووە لای گوڵێ و ئارامی دەکردەوە. گوڵێ هەر کە گوێی لەدەنگی هەنگاوەکانی دەبوو، دەستبەجێ ئارام دەبووەوە. بگرە جاربەجاریش کاتێک بەتەواوی لەوە دڵنیا دەبوو مەنێ و هیچ پیاوێک لەماڵەوە نین (ئەوەیکە باوەگەورەیش چووبووە دەرەوە) دەستی کچەکەی دەگرت و دەیبردە ماڵەوە. ئەو رۆژانە خۆشترین رۆژەکانی تەمەن و ژیان بوون.

ئەوەیکە لە چوار منداڵ هەر ئەمەی بۆمابووەوە و ئەمەیش ئاوای لێدەرچووبوو، وەک تاقیکارییەکی خودا لەسەر تاقەت و هێزی بڕوا و ئیمانی خۆی لێکی دەدایەوە. شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوت کە بەڕاستی هەمیشە خراپە بەسەر چاکەدا دێت (هەرچەند ئەمەی کەمێک لەخۆڕازیانە دهاتە بەرچاو)، بەڵام وەها بوو. ئاخر گوڵێ بەو تەمەنە کەم و سیما مەعسوومەی چ گوناحێکی کردبوو، ئاخر بۆ خۆی وەک ژنێکی بێدەنگ و بێ ڕەنگ کە قەت خراپەی کەسی نەگوتبوو و بگرە لە دەروونەوە قەت بە خراپە لەسەر کەسیش بیری نەکردبووەوە، بۆ دەبێ وەهایان بەسەربێ. بەڵام نا، ڕاوەستە! فاتێ بیرێک وەک بروسکە ئاسمانی مێشکی ڕووناک دەکاتەوە "ڕەنگە تاوانەکە ڕێک لێرەدابێ!" خاوێن ژیانکردن، تاوانە. ئەوانی تر وەک تاوان سەیری دەکەن و بۆیە بە هەموو شێوازێک هەوڵیانە لێتدەن. لێیشت دەدەن. زۆر خراپ. خراپترین لێدانێک کە دەست دەکەوێ و خودا خوڵقاندوویەتی. بە مەعسومی سەیری کچەکەی دەکاتەوە. بڕیارێکی سەیر لە مێشکی دا دەگەڕێ. لەمەبەدووا دەبێ جۆرێکی تر بێ. جۆرێک وەک مەنێ، یان لانیکەم گەر وەک ئەویشی پێ ناکرێ، وەک جارانی خۆی نەبێ. فاتێ رادەبێتە سەر پێ. هەست دەکا کتوپڕ دونیا لەبەر چاوەکانیدا یەکجار

گۆڕاوە. رەنگ و بۆن و تامەکان شێوازێکی تریان گرتەخۆ. دەیهێنێتە بەرچاوی خۆی کە داخۆ دەبێ چۆن بێ. پێش لەهەر شتێک دەبێ جوابی نەگبەتی و زمان درێژییەکانی مەنێ بداتەوە. دەبێ کە خولە وەک هەمیشە بەقسەی ئەوانەی دەوروبەری کرد و هیچ کردە و هەڵوێستێکی سەربەخۆ و جیای لەخۆی پیشان نەدا، بێتە جواب و بەگژیا بچێتەوە. وەک چۆن مەنێ تان و تەشەر بە کچەکەیدا دەکێشێ و هەر رۆژەی بە شێوازێک سووکی دەکا، ئەمیش دەبێ کاوە شێلم بەدەردێک ببات نەبێتەوە. ئیتر چیتر وەک جاران نەماوە. کاوەی ترن! چۆن خۆی هەموو رۆژێ بادەدا و بە فیزەوە لە کار و لە قوتابخانە دێتەوە، وەک بڵێی هیچ رووی نەدابێ و هیچ کارەساتێکی نەخوڵقاندبێ. مەنێ چاوەکانی دەگەشێنەوە. بیردەکاتەوە رەنگە بتوانێ بەم شێوەیە گوڵێی کچی بگێڕێتەوە بۆ ناو ژیان و لەم نەهامەتییە چاوەڕواننەکراوە رزگاری بکا. پێکەنینێک لە ژێرزەمینییەکدا جەستەی رادەتەکێنێ. گوڵێ لێوبەبزە سەربەرزدەکاتەوە و لە دایکی دەڕوانێ. بزەیەکی خوار لێوەکانی دەگەزێ. فاتێ داماو بەپەلە سفرە بچوکەکە کۆدەکاتەوە و لە ژێرزەمینییەکە دەڕواتە دەرەوە. دەرەوە ئەگەرچی پاییزە و هەوا کەمێک سارد، بەڵام جەستەی ئەو گەرمی گەرمە.

خولە بۆ دەبێ ئەم چیرۆکەی سازکردبێ؟ من هێشتا لەمە تێناگەم. مەبەستم چیرۆکی توونەکەیە. ئەو کە براگەورەیە جاری وایە هەستدەکەم ئاگای لە هەندێ شتە کە ئێمە، براکانی تر، ئاگامان لێی نیە. کە باوکم ونبوو بەپێچەوانەی من کە هێشتا لە مەلۆتکەدابووم، ئەو مێرمنداڵێکی تەواو هەڵکشاو بوو. لە سنووری لاویەتیدا. بێگومان ئاگای لە هەندێ کردار و قسەی باوکم بووە. هەرچەند گومانم لەوە هەیە بە گوێرەی پێویست سەرنجی دابێتێ. خولە لە سەروپێخانەکە جاروبار کاری کردووە و یارمەتی باوکمی داوە (وەک دەڵێن باوکم ناردوویەتی بۆ لای تەنەکەسازێ چونکە نەویستووە کەسب و کارەکەی وەک میرات بۆ هیچ منداڵێکی بمێنێتەوە)، بەسەر بانەکەوە ئاگای لە کۆتربازییەکانی بووە، و لە توونتن و پەڕە کێشانەکەی روانیووە. باشە خولەی برام بۆ پێمان ناڵێی باوکمان چی دەگوت و چۆن چۆنی دەدوا؟ دەزانم زۆربەی کاتی بێدەنگ بووە، بەڵام کاتێ زاری هەڵێناوە و دوواوە، باسی چی کردووە؟ هەڵبەت من ئەم پرسیارانە لای خۆم رادەگرم. دڵنیام نەک تەنیا وەڵامێک وەرناگرم، بەڵکو وەڵامەکانیشی بە گشتی سەرنج و بۆچوونەکانم لێ تێکدەداتەوە و دەیانکاتەوە بە خوری. بەڵام با، من دەبێ یەک پرسیاری ئاراستە بکەم. ئەویش بەزمی توونەکەیە. ئەمە

لانیکەم زۆر بە شوێن باوکمەوەیە. بۆیە شەوێک دەچمەماڵیان و دەپرسم. خولە سەرنجم دەدا. ئەوسا دەڵێ "هێشتا تۆ منداڵی، بۆنی شیر لە دەمت دێ. کە گەورەتر بووی رەنگە بۆت باسکەم!" من کە چاوەڕوانی وەها وەڵامێکم نەدەکرد، گوتم "کاکە! من گەرچی لە ئێوە بەتەمەن بچوکترم، بەڵام ئیتر پیاوێکم." خولە دەڵێ "گەورەیی بە تەمەن نیە، بە ئەقڵە." من کە رقم لەم قسە کۆنەیەیە، ئەو قسەیەی کە بێ ئەقڵەکان بە ئاقڵەکانی دەفرۆشن، دەڵێم "تۆ پێت وایە لە توونەکەدا چی روویدا،... ها، چی روویدا؟... بۆ باوکم بەو بەیانییە زووە روویکردە ئەوێ و ئیتر لەوەبەدووا بۆ هەمیشە ونبوو؟" بەڵام خولە دۆڵمە لەوە زیرەکترە بێتە جواب. ئیستا دەزانم. خولە لاسایی باوەگەورە دەکاتەوە. پێی وایە کە پیاو شتی راگرت و دەمی قورس بوو، ئەوا کەسایەتی بەرزدەبێتەوە. بەڵام خولە دەبێ بزانێ کە پێش لەهەر شتێ، پیاو دەبێ بەڕاستی شتێکی پێبێ بۆ راگرتن، ئەوکات هەوڵی نەدرکاندنی بدات. بەو ئاکامە دەگەم باوەگەورە وەک خولە، یاخود خولە وەک باوەگەورە، فریان بەسەر چیرۆکی باوکمەوە نیە. ئەویش بەزمی توونەکەی سازکردووە بۆ ئەوەی نیشانی بدا کە کوڕی ئەو باوکەیە و بە خەمی بەسەرهاتەکەیەوە بووە. قسەی قۆڕ! ئەم خەڵکە تا

کەی تێناگا کە نەفسی باوک و کوڕیەتی نابێتە مایە بۆ شتی لەم بابەتە. لەو رۆژەوە گەورەیی باوەگەورە لەبەرچاوەکانمدا رووخا، هەرچەند ئەو کاتی خۆی لانیکەم 'مینی چیرۆکێکی' لەسەر باوکم بۆ گێڕابوومەوە.

بۆ ئەوەی مێشکم کەمێک بحەسێتەوە، دەمانچەکڕینەکەی کارمەندی خۆشگوزەران دەکەمە سەرمەشق و دەچم تفەنگێکی بادی دەکڕم و دەست دەکەم بە چۆلەکە، ریشۆڵە و کۆترکوشتن. نا،... ببورن! بە حورمەتی باوکم خۆم لەقەرەی کۆتر نادەم، تەنانەت لە جۆری دەشتەکییەکەیشی. تەنیا چۆلەکە و ریشۆڵە. پێم وابێ هەبوونی تفەنگ تایبەتمەندیی هەموو پیاوێکی نەتەوەییە. کە سنوور هات ئیتر چەکیش بۆخۆی دێت. تفەنگ شتێکی ترە. کە بەدەستییەوە دەگرم، خۆم بە کەسێکی تر دەبینم. کەسێکی پڕ لە متمانەبەخۆبوون، کەسێک بەو چاوانەوە کە عەودالی هەرچی گیانلەبەرە و، سەرئەنجام کەسێک کە لە هەموو جوڵەیەکدا نیشانەیەک بۆ پێکان دەبینێ. پێم وایە گەر باوکم تفەنگی هەبوایە، ئەو بەڵایەی بەسەردا نەدەهات و بۆ هەمیشە ون نەدەبوو. پیاوی سیاسی لەم حەوشە و لەم شارەی ئێمە ئەوەندە تەنیایە کە جگە لە تفەنگ هیچ شتێکی تر بۆ هاوڕێیەتی شک نابات. جا لەهەر جۆرە سیاسییەکی بێت،

**فەرق ناکا. ئەو توونە گەر راست بێت، تفەنگێکی دەویست. بەهەرحاڵ. بۆ ئەوەی باوەگەورەیش زۆر هەست بە بێتاقەتی نەکا، پێی دەڵێم تورەکەیەک بەدەستەوە بگرێ و بە شوێنمدا جەستەی بێ گیانی چۆلەکە و ریشۆڵەکان کۆبکاتەوە. تەنانەت پێیشی دەڵێم وەک جاران دەتوانێ بیانژمێرێ، ئەگەرچی ئەمجارە بە بێ گیانی. بەخۆشییەوە ئەویش بەقسەم دەکا و شوێنم دەکەوێ. خۆشحاڵم. لەم چەند هەفتەی دووایی‌دا هەستم دەکرد باوەگەورە وەک جاران نەماوە و، نە بەسەرهاتی کوڕەکەی و لە زریکەکانی گوڵێ و نەسەردانی مەلاکەی گەڕەکیش یارمەتی پڕکردنەوەی کاتەکانی نادەن. باوەگەورە تورەکەکە بە پشتێنە قەدیمییەکەیەوە گرێدەدا و وەک من خۆی حەشاردەدا و کە چۆلەکەیەکیش بەردەبێتەوە، بەسەرسامی دەبینم وەک گەنجێک بەهەڵەدوان دەچێ بۆ ئەوەی زوو ملی هەڵکێشێ و بیخاتە تورەکەکەی بەر پشتێنەکەیەوە. بەخۆشییەوە هەمیشەیش لەبیریدایە چەند چۆلەکە و ریشۆڵەی پێن. کە دەپرسم، دەستبەجێ و بەبێ دوودڵی دەڵێ نۆ، یاخود دەڵێ سیانزە. بەڵام راوەستن! ماوەیەکە سەرنجم داوە ژمارەکانی هەمیشە تاقن. ئەمە گومانم لادروست دەکا. رۆژێ پێی دەڵێم "باوەگەورە! بۆچی ژمارەی چۆلەکەکانی ناو تورەکەکە هەمیشە تاقن؟"**

**ـ "کوڕم! چونکە هەر کاتێک ئەپرسی، ئەوان تاقن!"**

**ـ "هەموو جارێک؟"**

**ـ "هەموو جارێک!"**

**کەواتە من بەختم بە ژمارەی تاقە. تەح،... سەیرە! ئەگەرچی ژمارەی تاق ئاماژەیە بە تەنیایی، ئەوەیکە یەک دانە هەمیشە بەتەنیا دەکەوێتەوە، بەڵام هاوکات هەستێکی خۆشیشم لادروست دەکا. منیش تاقم! رێک وەک باوکم. کە ئەوەندە تاق بوو بۆیە هەم لە مێژووی ئەم شارەدا تاقە و هەم بەسەرهاتەکەیشی تاقانە بوو. بگرە رووداوێکی وەک شۆڕشی ساڵی پەنجاو حەوتیش ونی نەکرد، نەک ونی نەکرد بەڵکو بەرجەستەتری کرد. بۆیە دەڵێم:**

**ـ "باوەگەورە! گەر جووتیش بوون تۆ هەر بە تاق بیانژمێرە!"**

**باوەگەورە بە سەرسوڕمانەوە سەیرم دەکا و، دەڵێ:**

**ـ "دڵنیابە هەمیشە تاق ئەبێ. نەک لەبەر ئەوەی تۆ حەزئەکەی، نا، لەبەر ئەوەی چارەنووسەکە وەهایە!"**

**کەواتە باوەگەورە باوەڕیشی بە چارەنووسە. دیارە هەموو موسوڵمانان وەهان. خودا لای ئەوان رێچکەی هەموو شتێکی لەسەرەتاوە دیاری کردووە. ئەوەیکە ئەقڵیشی داوە بە مرۆڤ بۆ ئەوەی رێگای خۆی**

**ببینێتەوە، گۆڕانێک لەم حەقیقەتەدا دروست ناکا. بەهەر لایەکدا بڕۆی، خودای موسوڵمانان لەوە پێش ئاگاداریەتی و دیاریکردووە. ڕەنگە لەبەر ئەمە بێت باوەگەورە توانی ونبوونی کوڕەکەی تەحەمول بکا و لەمە زیاتر ئەو هەموو ساڵەیش بژی. ڕۆژێک لە بۆسەی کوشتنی چۆلەکەکاندا بە تفەنگە بادییەکەمەوە، لە کاتێکدا سیرەم لە گوێسەبانەکەی ئەوبەر گرتووە، بە بێ ئەوەی سەیری باوەگەورە بکەم، لێی دەپرسم:**

**- "ڕاستی دەزانی چەندەت تەمەنە؟"**

**لەو کاتەوە پێکەوە چۆلەکە دەکوژین، وەها نێوانمان خۆش بووە چیتر ناوی ناهێنم.**

**- "تەمەنم؟ لەو کاتەوەی فامم کردووەتەوە هەشتا زستانم ژماردووە."**

**- "کەی فامت کردەوە؟"**

**- "نازانم، کەس تا ئەو کاتە پێی نەوتوم تەمەنم چەنە."**

**- "ڕەنگە لە دەورووبەری دە ساڵی دا."**

**- "پێم وابێ!"**

**چۆلەکەیەک لە قەراخ بانەکە سەرەتاتکێیەتی. جولەجوڵی زۆرە. حەجمینی نیە. بەڵام گرینگ نیە، هەر کەمێکی تر بێتە پێش، تەواوە.**

- "بۆ بە زستان دەیانژمێری؟"

- "قەڵەمی پیاوی نەخەوێندەوار، چلورەیە!"

هەست دەکەم باوەگەورە پێم رادەبوێرێ. درێژە بە قسەکانی دەدا.

- "چارەنووس بوو. وەک چۆن لە جستانیشا ئەو رۆشت."

پەنجەم لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکە رادەکێشم. چۆلەکەکە سوک سوک دەکەوێتە خوارەوە. باوەگەورە وەک منداڵێکی رۆح سوک بەهەڵەداوان دەچێ بۆی. بیردەکەمەوە "رەنگە چارەنووسی ئەویش هەر لە زستاندا بێت." ئەوەیکە کەی چارەنووس سیرەیش لەو بگرێ.

گوڵێ، تاقە دانیشتووی ئەم حەوشەیەیە حەزی بە تفەنگەکەی منە. لەو رۆژەوە دەستم کردووە بە کوشتنی چۆلەکە، وەک جاران ناقیژێنێ. دێتە بەر پەنجەرە بچوکەکەی و لەکاتێکدا تەنیا تەویڵ و چاوانی دیارن، دەڕوانێ و پێدەکەنێ. منیش بە باوەگەورە دەڵێم لەدووای کوشتنی هەر چۆلەکە و ریشۆڵەیەک، جەستەی بێگیانیان بەرزبکاتەوە و لەدوورەوە پیشانی گوڵێ لێوبەخەندەی بدات. ئەویش وادەکات. گوڵی ئەوەندەی تر پێدەکەنێت. زۆرم بیرلەوە کردووەتەوە بۆچی. بەو ئاکامە گەیشتم کە گوڵێ رقی لە هەموو بوونەوەرە خێراکانە. ئەو حەزدەکا هەموو شتێ

ئارام و بەکاوەخۆ بێت، ڕێک وەک ژێرزەمینییەکە. ئێستا دەزانم من خەریکم بە تفەنگەکەمەوە دونیا وەک ژێرزەمینییەکەی گوڵێ لێدەکەم.

مەلای گەڕەک ماوەیەک بوو زیاتر لە جاران سەردانی باوەگەورەی دەکرد. ئەو کە پیاوێکی ریشنی دەم و چاو نوورانی بوو، پێش ئەوەی لە پلیکانەکان بچێتە سەرەوە، رادەوەستا و سەیرێکی ژێرزەمینییەکەی دەکرد. ژنانی حەوشە مەلایان زۆر خۆشدەویست، خولە، کە لە ترسا رێزی دەگرت و هاوکاتیش بەخیلی پیادەهاتەوە (چونکە پێی وابوو هەموو مەلاکان بەپێچەوانەی کەسی وەک خۆی بەدڵنیاییەوە جێگایان بەهەشتە)، نە خۆشی دەویست و نە رقی لێی بوو. کاوە شێلم نازانم، بەڵام باوکی واتە کارمەندی خۆشگوزەران رقی لێی بوو (بە شاراوەیی). مەلا بۆ منیش تەنیا بابەتێکی بیرلێکردنەوە بوو و بەس. کارمەندی خۆشگوزەران پێی وابوو مەلا موفتەخۆرن. دیارە هاوکات دەیگوت: "خواهەڵناگرێ تەنیا ئەوان نین موفتەخۆرن، بەڵام کەس بەقەد ئەوان بە ویژدانی ئاسوودەوە موفتەخۆر نیە!" هەرچەند منیش پێم وایە هەموو پیاوە مەعنەوییەکان موفتەخۆرن. جا لەهەر نەوعێکی. باوەگەورە بێگومان لای ئەو زۆر شتی ژیانی خۆی باسدەکرد. منیش وەک خولە بەخیلیم بە مەلادا دەهاتەوە، هەڵبەت بەس لەبەر ئەوەی رازداری

**باوەگەورە بوو. بەڵام بۆچی لەم دوواییانەدا مەلا ئەوەندە سەردانی ماڵی ئێمەی دەکرد؟ ڕۆژێ لە عەینی راوە ئاساییەکانی رۆژانەماندا بووین کە لە مەسەلەکە گەیشتم. باوەگەورە زۆر پیر ببوو. کاتێ بەمەم زانی کە دادەنەوی بۆ ئەوەی جەستەی بێگیانی چۆلەکەکان هەڵبگرێتەوە. پشتی کوورتر بوو لەوەی پێشتر هەبوو. ئارەقێکی شەرم ناوچاوان و ناوپشتمی دەستبەجێ تەڕکرد. دەنگم هەڵبڕی و وتم کە لەمەبەدووا کۆتایی بە راودێنین. وتم پشوویەکمان پێویستە، ئەوەیکە لێگەڕێین با ئەو بەستەزمانانە زاوزێ بکەن و یەکجار بۆ هەمیشە ئاسەواریان لە سەر رووی زەوی و لە حەوشەکەماندا نەسڕینەوە. باوەگەورە زۆر سادە و بە بێ ئەوەی روویەکی ناخۆش نیشان بدات، قبوڵی کرد. توورەکەکەی دانا، گوتی "هەفدە!"، ئەوسا یەکەوراست بەرەو ماڵەوە بوویەوە. کە بە پلیکانەکاندا سەرکەوت، کووڕیی پشتی ئەوەندەی تر هەڵکشا. مەلا، باوەگەورەی بۆ مردن ئامادە دەکرد. بێگومان قورئانی بۆ دەخوێند و بە گێڕانەوەی حەدیسەکان باسی گەورەیی خودا و عەزەمەتی بەهەشت و هەموو ئەو پیاوچاکانەی دەکرد لەوێ لەو دونیای تردا بە نهێنی دەژیان. ئەویکە جەستە و دونیا تەنیا عەزابە و ژیانی راستەقینە لەوێیە. دڵنیام کە مەلا (چونکە خاوەن**

**روخسارێکی نوورانی بوو)، باسی ئەوەی کردووە کە باوەگەورە دەتوانێ سەرلەنوێ کوڕەکەی ببینێتەوە و یەکجار بۆ هەمیشە دەردی غوربەت بسڕێتەوە. من کە بیر لەم بەشەی ئاخری قسەکانی مەلا دەکەمەوە، هەستی بەخیلی دامدەگرێ. مەیلی دیداری باوکم، تەواو باڵی بەسەردا کێشابووم. بۆیە رۆژێک بۆ یەکەم جار رووودەکەمە مزگەوت و لە مەلا دەپرسم "داخۆ دەکرێ مرۆڤ بەشێوەی کاتی بمرێ و سەر لە نوێ بۆ سەر زەوی بگەڕێتەوە؟" حەزم دەکرد بگەرێمەوە چونکە دەمویست کاتێک بەسەرهاتەکەم لە دەمی باوکمەوە بیست، بێمەوە سەر زەوی بۆ خەڵکی ئەم حەوشە و ئەم شارە باسی بکەم و ئەوسا دیسان بمرمەوە. هەروەها ئەو ئیزنەم بە خۆمدا ئەم پرسیارە بکەم، چونکە لە شوێنێک خوێندبوومەوە کە زۆربەی پیاوانی نەتەوەیی، لە بنەڕەتدا ئەهلی دین و ئایینن و بۆیە گەر پرسیاری وایش بە مێشکیاندا بێت و لای مەلای گەڕەکیش باسی بکەن، عەیب نیە. مەلا، ورد لێم راما و، گوتی:**

**- "مەخلوقێکی وەک ئینسان دەتوانێ مەرگی خۆی گارانتی بکا (ئەگەرچی ئەوەیش گۆناحە)، بەڵام ژیانی نا."**

**ئیستا دەزانم کە مەرگ هەمیشە لەوێ لەم دەورووبەرە لە شوێنێکدا هەیە و هەر کاتێک ویستت دەتوانی سەردانی بکەی، یان سەردانت بکا،**

بەڵام ژیان وەها نیە. ژیان لەم دەورووبەرەدا نیە، بەڵکو رێک لەناو خۆتدایە و ئەوە ئەوە هەر کات ویستی دەتوانێ سەردانت بکا. تۆ بێ ژیان، یان ژیان بێ تۆ بێ مانایە، بەڵام مەرگ بە بێ تۆیش خاوەن مانایە. دڵم هێندە تەنگ دەبێ کە لە ژوورەکەی خۆم نیوەشەوێک دادەنیشم و بۆ هەموو ئەو چۆلەکە و ریشۆڵانە دەگریم وا لەگەڵ باوەگەورە کوشتمانن و گۆشتەکانیانمان خوارد. ئەو باڵندانەی من توانیم مەرگیان گارانتی بکەم، بەڵام ژیانیان نا.

فاتێ داماو گەرچی بڕیاری دا خۆی بگۆڕێ، بەڵام هەرچی کرد بۆی نەکرا،... زەحمەت بوو. تەنیا ئەوەندەی تیا گۆڕا کە ئیستاکە بەپێچەوانەی جاران کە بەری بوو لەهەرچەشنە رق و تووڕەییەک، بەڕاستی لەخۆی تووڕە بوو. لەخۆی تووڕە بوو و لەخۆیشی تووڕە دەبوو! گەر جاران خۆی خۆی نەدەبینی، هەنووکە خۆبێزارییەک رووی تێکردبوو کە هەموو ژیانی وەک توورەکە دۆیەکی رژاو لە مانا بەتاڵ بەتاڵ کردبووەوە. فاتێ لەوەی هەبوو هەستی بەداماویی زیاتر دەکرد. ئەو هیوایەی ئەو رۆژە تیای گەڕابوو بۆ ئەوەی بتوانێ کچەکەی لەو دۆخە نەجات بدا، وەک بڵقی سەر ئاو تەقییەوە. هەستی کرد تازە لە دووای ساڵانی ساڵ تەمەن، زەحمەتە بتوانێ خۆی بە بارێکی تردا

بگۆڕێ. بۆ وێنە چەند جارێ هەوڵیدا بە گژ قسەکانی مەنێ بوغزندا بچێتەوە، بەڵام جگە لە جەستەیەکی وەستاو، دوو لێوی دووراو و بێدەنگی، بە هیچ شوێنێکی تر نەدەگەیشت. یان هەوڵیدا کاتێ کاوە شێلم لە کار دەگەڕایەوە و سڵاوی دەکرد، خۆی نەک تەنیا لە وەڵامدانەوەی سڵاوەکانی گێڵ بکا، بەڵکو یەک دوو تەشەریشی بەلاکەلەکەدا بدات، بەڵام وەک هەمیشە جوابی سڵاوەکەی دەدایەوە و بگرە بەساقە و بەقوربانیشی دەبوو. فاتێ لە خەڵوەتی خۆیدا چەند جارێک بۆ داماویی خۆی گریا. ریسی رزگارکردنی کچەکەی لێ ببووەوە بە خوری. جاری وابوو هەموو ئەمانەی بۆ گێلی و بێ عوورزەیی پیاوەکەی دەگێڕایەوە. ئەوە چ پیاوێکە نەیتوانی لە کاتی دەستدرێژی کردنی خەڵکی بۆ سەر کچەکە تاقانەکەی، بەرگری لێبکا و شارێ بخاتە سەر پشتی ئاگر! بەڵام فاتێ دەستبەجێ دەهاتەوە بیری کە ئەوە خەڵکی نەبوون دەستدرێژیان کردە سەر کچەکەی، بەڵکو ئامۆزاکەی خۆی بوو، ئەو کوڕەی کە پێکەوە سەردەمی منداڵییان بەخێر و خۆشی بردبووەسەر. بیری ئەوەیکە دوو کەسی ئاوا کە لە راستیدا وەک خوشک و برایان لێهاتبوو و کەچی دەستیان دابووە وەها گوناحێک، مێشکی تێکدەدا. گەر بیزانیایە کار دەگەیشتە ئێرە، بێگومان لەمێژبوو باری دەکرد و لەم

حەوشە و گەڕەک و بگرە شارە بۆ هەمیشە دەڕۆیشت. ئەوەندە دووردەکەوتەوە کە هیچ ئاشنا و ئیبنی بەشەرێک نەزانێ لە کوێن. داماوانە لە کچە زەلیلەکەی رادەما و لەبەرخۆیەوە و لە کاتێکدا نەرم نەرم فرمێسکی دەڕشت، داوای لێبوردنی لێدەکرد کە نەیدەتوانی لەم دۆخە نالەبارە کە بە ناڕەوا بە سەریدا سەپابوو، رزگاری بکا. ئەوەیکە لە گوناحێکی دوو کەسی دا تەنیا یەک کەس بە تاوانبار دەرچووبوو و، ئەوی تر بە بێ ئەوەی مێشێکیشی میوان بێ، دەرباز ببوو و وەک هەمیشە دەهات و دەچوو، بیری دەخستەوە کە هەندێ کەس بۆ هەمیشە دەبێ باری گرانی زوڵم لەسەر شانیان هەڵبگرن، هەرچەند بە ناڕەوایی. فاتێ دەیزانی کە ئەوان ئەو بەشە لە خەڵکی بوون کە ئەم ئەرکەیان بەرکەوتبوو. مەلای گەڕەکیش باسی ئەوەی دەکرد کە دەبێ هەمیشە بە بەشی خوا شوکوربین. لێرەدا بوو فاتێ دڵی لەرزی. هەستی بە گوناح کرد. دەستی خۆی شێتانە گەست و بڕیاری دا چیتر ناشوکور نەبێت و ژیان وەک ئەوەی هەیە قبوڵی بکات. بۆیە دووانیوەڕۆیەک فرمێسکەکانی لە خەڵوەتی خۆیا سڕییەوە و چووە بەر شێری ئاوەکە و دەستنوێژێکی دوورودرێژی گرت و ئەو ئێوارەیە چەندین و چەندین نوێژی ئیزافی خوێند. من لەم کاتەدا کە لەگەڵ باوەگەورە خەریکی کوشتنی

**چۆلەکەکان بووم، فاتیَ داماوم لە پشت پەنجەرەکەیانەوە بینی. دەستەکانیم دیت کە وەک سیڕەگرتنەکانی من بۆ ماوەیەکی چاک بە حەواوە مانەوە و شتێکیان لەو ئاسمانە کردبووە نیشانە. ئەو ئاسمانەی تا چاو هەتەری دەکرد، هەر بۆشایی بوو و بۆشایی.**

**ماوەیەکە خەون دەبینم. من کە فێرە خەوبینین نیم، ماوەیەکە خەوەکان بەرم نادەن. خەون دەبینم باوکم چەکێکی لەشاندایە و بە شاخانەوەیە. ئەو نە ونبووە و نەمردووە. من نازانم داخۆ بۆخۆی چووە بۆ ئەو شاخە، یان بردوویانە، بەڵام هەر ئەوەندە دەزانم لەوێیە. نازانم لە فڕۆکەکەوە بەریان داوەتەوە، یان نا، لە توونی حەمامەکەوە راستەوخۆ خۆی گەیاندووەتە ئەویَ. نیگاکانی مڕومۆچن، بۆیە دیسان نازانم ئەم ژیانە تازەی خۆی داخۆ پێخۆشە یان نا. لەوە دەچیَ لەویَ ئەرکێکی بە سەر شانەوەیە کە لەراستیدا هی ئەو نیە و بەڵام بەسەریدا سەپاوە. ئەویش وەفادارانە هەڵگریەتی. تەنیا ئەوەندە کە وەک هەمیشە کەم پێدەکەنیَ و کەم دەدویَ. باوکم وەک جاران بۆنی سەروپیَ و کۆترەکان دەدا. لای ئەو هەتا ئەرک قورستر بێت، وشەکانیش کەمتر خۆبەدەستەوە دەدەن. لە خەوەکەمدا سەیری تفەنگەکەی دەکەم. هەوڵدەدەم لەگەڵ ئەوەی خۆم هەڵیسەنگێنم. دەمەویَ بزانم ئەویش**

**تفەنگی بادی هەیە یان تفەنگی راستەکی. بەڵام وێنەکە خۆی بەدەستەوە نادات. دەمەوێ بزانم داخۆ ئەویش خەریکی کوشتنی چۆلەکە و ریشۆڵەیە یان نا. لە خەوەکەمدا تەنیا روخساری باوکمە زۆر روون و ئاشکرایە. بگرە لێرەوار و کێوەکانیش دەکاڵێنەوە. هەموو شتێک باوکم. وەک بڵێی باوکم رەنگە لەوێیش نەمێنێ و رۆژێک لە رۆژان بڕوات و بەجێی بێڵێ. لە خەوەکەمدا لێی دەپرسم داخۆ ئەویش وەک من خەریکی چۆلەکە و ریشۆڵە کوشتنە و باوەگەورەیەکیش لەگەڵی خەریکی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانە، یان بە شتی ترەوە سەرقاڵە. باوکم وەڵامی نیە. ئەو لەوێیش هەر خەریکی جگەرەکێشانە. لە کاتێکدا هەڵتروشکاوە و لوولەی چەکەکەی بە سینگەوەیە، یەک لە دووای یەک بەیەکتر دایاندەگیرسێنێ. بیردەکەمەوە ئەوە چ شاخێکە ئەو هەموو جگەرەیەی تیادەست دەکەوێ،... ئەوە چ هەوایەکە ئەو هەموو دووکەڵە دەتوانێ لەخۆیدا رابگرێ. ئەوسا دەزانم کە ئەوێ کوێستانی سەر سنوورە و تووتن و تووتنچی زۆرن. لەبیرمە جارێکیان بەرێکەوت چاوم بە گەڵا تووتنە هەڵواسراوەکانی بەر هەتاو کەوتبوو. چ دیمەنێکی نایاب و جوان. حەتمەن باوکم بە شەویش لەوێ لەناو ئەو گەڵایانەدا دەنوێ. دەپرسم باوکە تەنیای یان کەست لەگەڵە؟ دیسان وەڵامم ناداتەوە. لای**

باوکم گرینگ تەنیایی و هەبوونی هاوڕێ نیە. لای ئەو گرینگ ئەوەیە کە خۆی بێت و تەواو. ئەوەیکە ئەرکێکی هەیە و دەبێ هەڵیگرێ. کتوپڕ بیری پرسیارە وەڵامنەدراوەکانی هەمیشەییم دەکەومەوە. هەلەکە دەقۆزمەوە و دەڵێم باوکە راستی دەزانی لە دووای تۆ باسی تونی حەمامەکە و ژووانی ژنێک دەکەن، هەروەها باسی فڕۆکەیەک و ئەفسەرێکی خۆشپۆش؟ دیسان وەڵام نیە. بەرەبەرە خەریکە رقم هەڵدەستێ. ئەم گرێ کوێرە تەنیا بەو دەکرێتەوە. دەڵێم نازانم ئاگات لێیە یان نا، گوڵێیان بەدبەخت کرد، هەستدەکەم کارەساتی ژیانی ئەو لە هی تۆ دەکات. بەو جیاوازییەوە ئەو ماوەو رۆژ تا ئێوارە دەزریکێنێ، کەچی تۆ نە خۆت مایت و نە زریکەیەکیشت لێ بەجێما. هەست دەکەم گەر تۆ ئیستا بۆ من بدوێی و باسی خۆتم بۆ بکەی، رەنگە بتوانرێ عیلاجێکیش بۆ گوڵێ لێوبەبزەیش پەیدابکرێ. باوکم لێرەدا گرژتر دەبێ. دەڵێم ببورە مەبەستم ئەوە نیە چیرۆکی ژیانتان وەک یەکە، نا، بە پێچەوانەوە، مەبەستم ئەوەیە کارەسات حەوشەکەی ئێمە بەرنادا. هەر ئەوەندە. کەواتە گەر ئەوەی تۆ بتوانین بکەینەوە، خۆبەخۆ ئەوی دووهەمیش دەکرێتەوە. بەڵام ئەم قسانەم هیچ یارمەتییەک نادەن. باوکم هەڵدەستێ و دەچێ لە پشت ریزە

گەڵاتووتنێک خۆی دەشارێتەوە. وادیارە چیرۆکی گوڵێ نەک تەنیا نایبزوێنێ، بەڵکو تووڕەیشی دەکا. دان بە هەڵەی خۆمدا دەنێم و درێژە بە قسەکانم دەدەم. دەڵێم ببورە ویستم سۆزت بدوێنم بۆ ئەوەی بدوێی. با بگەڕێمەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکانی خۆم. باشە ئەگەر چیرۆکی توونەکە راست نیە لەسەر چی تۆیان سوار تەیارەکە کرد؟ مەگەر چیت کردبوو؟ تازە ئەسڵەن تۆ سواری فڕۆکە بوویت یان نا؟ من دەزانم ئەوە قسەی قۆڕە کە چووبوویتە ژووانی ژنێک، بەڵام دەبێ شتێکی ترت کردبێ کە سواری فڕۆکەکەیان کردی. نەکا ئەوەی دەڵێن ئەو رۆژە سواریان کرد تەنیا رواڵەتی لەتۆ دەچوو؟ باوکە گیان تکایە جوابم بدەوە! ئێمە، واتە من پێویستم بەو وەڵامەیە. شتێک بەردەوام لە حەوشەکەی ئێمە و لە مێژووی ئێمە کەمە. ئێمە ئازاری پێوە دەچێژین. باشتر بڵێم مەبەستم خۆمە. ئەم کەمایەسییە بووەتە هۆی ئەوەی خولە دۆڵمە ئەوەندەی تر گێژ بێت، کارمەندی خۆشگوزەران رۆژ تا ئێوارێ خۆی هەڵکێشێ، باوەگەورە بە تاقمەکانی بێ بەزەییانە بەهەموو شتێک پێبکەنێ و منیش،... منیش ببمە نەتەوەیی. پێت وایە زۆرمان پێخۆشە وامان بەسەر بێت؟... ها؟ وەزعەکە ئەوەندە خراپە، بگرە ساڵی پەنجاو حەوتیش دۆخەکەی لێنەگۆڕین. نە ژیان و چارەنووسی گوڵێ گۆڕا، نە

هی فاتێ داماو، نە هی مەنێ بوغزن و نە کاوە شێلمیش. تەنیا لەبەر ئەوەی ئێمە نازانین تۆ چیت بەسەرهات. زۆر سادە! گەر وەڵامی شتە سادەکانمان پێ نەبێت، مێژوویش ناگۆردرێت. گەر وەڵامێکت ئیستاکە بۆ من پێبێ، هەموو شتێک چارەسەر دەبێ،... هەموو شتێک. بێدەنگ دەبم. تاکەی نازانم. رەنگە چرکەیەک و رەنگە بەقەدەر ساڵانی ساڵ. دیسان وەڵام نیە. لەپشت گەڵا تووتنەکانەوە دەنگی پرخەی خەوێکی قووڵ دێت. بۆنی تووتنی تەڕ و نیوەوشک، تووتنی تەڕ و زەرد دەوریان تەنیوم. چەندە رقم لە باوکم دەبێتەوە. شتی وام لە ژیانمدا نەبینیوە،... مرۆڤی ئەوەندە بێ خەیاڵ سەبارەت بە کەس و کاری،... سەبارەت بە گەڕەک و شار و وڵاتی. ئەوەندە کەلە رەق! بەڵام رەنگە هەموو ئەوانەی بە شوێن شتە گەورەکاندا رۆیشتن هەروابن، بێخەیاڵ و بێ منەت سەبارەت بە کەس و کاریان و بەوانەی نزیکترین کەسی خۆیانن. ئەو مرۆڤە گەورانەی کە دڵنیان لەوەی هەتا دوورتر بکەونەوە، خۆشەویست تر دەبن، بۆیە هەتا دێن دوورتر دەکەونەوە! ئەو کەسانەی کە بەشێک لە رەمزی گەورەییان هەر لەم گوێنەدان و بێ خەیاڵییانە بە شتە هەرە وردەکانی دەوروبەری خۆیان. ئێمەیش چەندە گەمژەین کە ئەوەندە بە ئاسانی هەموو شتێکمان بە کەسێکەوە

دەبەستینەوە. چەندە گەمژەین کە بەردەوام یارمەتیان دەدەین. دەی باشە با ون بێ و بڕوات،... مەگەر لەم دونیایەدا بنیادەم کەمە؟ مەگەر هەر ئێمە بووین باوکمان لێ ونبوو؟ مەگەر هەر باوک کەمە؟ مەگەر هەر باوەگەورە بوو کوڕی لێ سەندرا؟ رقم لە کەم ورەیی خۆم و خۆمان دەبێتەوە. ئیستا دەزانم کە هەر گوناحی باوکیشم بووە وا بیرە نەتەوەییەکم نەیتوانی هیچ بۆ دۆخی من و بۆ دۆخی حەوشەکە بکا. ئەگینا مانای هەیە ئایدیایەکی ئەوەندە گەورە، ئەوەندە بێ مانا و پڕو پووچی لێدەربچێ!

کەخەبەرم دەبێتەوە، نیوەشەوێکی پاییزێکی درەنگ وەختە. ژوورەکەم بۆنە تووتنی گرتووە و تۆزێکی زەرد هەموو ناو ژوورەکەی داپۆشیوە. هەڵم و هەناسەی دەمم ئارامییان دەشوێنێ و بەرەو دەوروبەری خۆیان پاڵیان پێوەدەنێ و پرش و بڵاویان دەکاتەوە، بەڵام چەندە ئازان لە گەڕانەوە و لە داگیرکردنەوەی ئەو شوێنەی وا ساتێک لەوە پیش پێیان چۆڵکرابوو. سەر وەردەگێڕم. تاقمەکانی باوەگەورە خۆیان بە شووشەی پەنجەرەکەمەوە نووساندووە و شێتانە پێدەکەنن. سپیاییە پڕجووڵەکانی ناو بەستێنێکی تاریک.

ڕۆژێک بڕیاردەدەم بەقسەی گوڵێ لێوبەبزە بکەم و بچمە لای مام وسوو. ماڵەکەی لەگەڕەکێکی قەراخ شارە لە تەنیشت قامیشەڵانی چەمێکی هەژاری جۆگەلەئاسا بە کاتی هاویندا. مام وسوو لەمێژە حەمامچی نەماوە. لە کاتێکدا بە دەستە چرچەڵەکەی دەمنەکە بۆ لێوە شەقارشەقارەکانی دەبا، بە چاوە کەم بیناییەکانی لێم ورد دەبێتەوە و بە نوزە دەڵێ "پشت لە پەنجەرەکە دامەنیشە، ناتبینم." لە کاتێکدا جێدەگۆڕم بەدەنگی بەرز دەڵێم باوکمت لەبیر ماوە، ئەو ساڵەی وا بەو بەیانییە زووە خۆی کرد بە توونی حەمامەکەدا. دەڵێ کوڕی کێی. دەڵێم کوڕی مەحەی مام روستەم، ئەوەی بە مەحە سەروپێ بەناوبانگ بوو! کە ئەم ناوانەم بە دەمدا دێ، تازەبەتازە بیرم دەکەوێتەوە کە باوکم ناوی چی بووە و باوەگەورەیشم ناوی چی. ناوەکان لەبەر چاومدا سەیر دەنوێنن. نە ناوی باوکم لەگەڵ بەسەرهاتی دهاتەوە و نە ئەو پیاوەی ئیستا بە تاقم دەژیا دیسان لەگەڵ ناوەکەی. ڕۆستەم!... مەحە سەروپێ! بەڵام نا، هەست دەکەم ئەمە کاریگەریی خوێندنی قوتابخانەیە. ئەو قوتابخانەیەی فێری نەدەکردم لەگەڵ وشە و ناوەکانی خۆمان ئارام بم و رابێم. ئەو قوتابخانەیەی تەنیا بە ناوەکانی تر رایاندەهێنام. لێرەدا بوو زانیم لانیکەم بیری نەتەوەیی

بەکەڵکم دێ. بۆیە دەستبەجێ چاویلکەکەیم لەچاوکرد و سەرلەنوێ بە ناوەکاندا چوومەوە. ئەمجارە چەند خۆش دەهاتنە گوێم! مام وسوو کەمێک بیری کردەوە و لەودیو دووکەڵی دەمنە رەشەکەیەوە گوتی مەحەی مام رۆستەم،... مەحەی سەروپێ،... ئەها ئیستا دێتەوە یادم! یادی بەخێر! سەروپێم لاخواردبوو، بەخوا پیاوێکی بێدەنگ بوو، راستی باوەگەورەت ماوە؟ زۆر زۆر سەلامی بگەیەنە! من کە بێ ئۆقرە بووم، گوتم سوپاس،... زۆر سوپاس! بەڵام ئەو رۆژەت لەبیرماوە،... ساڵانی ساڵی لەوە پێش دەڵێم. بەیانییەکی زستان بوو. بەفر لەسەر عەرز بوو. هەینی بوو. سارد بوو. دونیا هێشتا تاریک بوو. مام وسوو گوتی:

- "ئەو توونە نەگبەتە شوێنی خۆحەشاردانی زۆرکەس بوو،... نەک تەنیا بە هۆی تاریکبوونەکەی، بەڵکوو بەو هۆیە دیوارەکانی بەهوی دووکەڵەوە رەش رەش هەڵگەڕابوون و جگەلەمە کەلێن و قوژبنی هەبوو،... ئا کەلێن و قوژبن. خۆ من زۆر جار بەمەم ئەزانی،... زۆر جار هەستم پێکردبوون، بەڵام قەت لێم نەئەپرسین. ئەچووم ئاورەکەم ئەکردەوە و ئاوەکەم بۆ مەخلوقی خوا گەرم ئەکرد و ئەهاتمە دەرەوە،... هەڵبەت خواهەڵناگرێ ئەوانیش کاریان بەسەرمەوە نەبوو، نە دزی، نە حیزی و نە پیاوخاسی،... ئای یادی بەخێر!"

هەناسەی سواردەبوو و ماندوو هەڵدەگەڕا. دیسان گوتی:

ـ "باوکیشت هەر لەوێ لەو حەمامە حەمامی ئەکرد، هەمیشە شتێکی زیاییشی دائەنا،... ئاگام لێبوو لەو ئاخرانەیش لای ئەیا و لە کۆڵانەی حەمامەکەوە ئەڕۆیشت،... سڵاوی لێ ئەکردم، مەرحەبایی یەکترمان ئەکرد،... هە هە هە، پێم وابێ هەر ئەو دووانە بووین ئەو زەمانانە بەیانیان زوو دەرئەپەڕین،... هە هە هە،... "

بەرەبەرە خەریک بوو بێتاقەت دەبووم. مام وسوو بەتەواوی چووبووەوە رابردوو و، زەمانی قەدیم لەگەڵ خۆی بردبووی. بۆنی قامیشەڵانی رزیوی قەراخ چەمێکی درۆزن ژوورەکەی تەنیبوو.

ـ "راستی پێم بڵێ توونەکە ماوە؟... ها، ماوە؟ من کە دەمێکەیە نەمتوانیوە بچم،... هەتیوەکانم لەم حەمامە تازەی تەنیشتماڵەکەم ئەمشۆن،... نە توونی هەیە و نە تەڕەماش! ئەگەر باوکیشت خەبەرتان لێی زانی پێی بڵێ سەروپێیەکمان بۆ بێنێ،... ئەوەنندەمان ئەکەوێ،... بەیادی ساڵان،... هەی تڕحێو ساڵان،... هە هە هە،... هە هە هە،... ".

کە هاتمە دەر مام وسوو بە نوزەنوز هەر پێدەکەنی. رقم لە گەمژەیی خۆم دەبووەوە. هەستم دەکرد مام وسوو ئەوەندە بە تاریکایی توونەکە

**خووی گرتبوو کە جووڵەی هیچ رووناکاییەک سەرنجی رانەدەکێشا. ئەو تەنیا بۆ ئاور دەچووە ناویەوە و تەواو. خۆی لە هەموو جووڵەکانی تر گێل کردبوو، چ جووڵەی خێوەکان و چ جووڵەی نێربازەکان و چ جووڵەی مەحەی سەروپێ کە کەس نازانێ بەو بەیانییە زووە بۆ خۆی بەوێدا کردبوو. بەلام نا، چیرۆکی توونەکە راست نەبوو. دڵنیام راست نەبوو. ئەی باشە باوکمیان بۆ سواری فڕۆکەکە کردبوو،... بۆ؟**

**ماوەیەکە خەیاڵاتم دەچێتە سەر سنوور. حەوشەکەی ئێمە و گەڕەک و ئەم شارە کە لە ناوچەیەکی سەر سنور دەژین، رێک دە کیلومتر لەولاترەوە جیهانەکەی دادەخرێ و ئیتر ناگاتە هیچ شوێنێکی تری ئەم دونیایە. من جاری وایە کاتێک چوومەتە ناو سروشت ولەسەر شاخەکان راوەستاوم، سەیری ئەو دیوم کردووە و بیرم لە کێو و پانتایی و دەشتاییەکانی ئەوێ کردووەتەوە. ئەوێی کە زۆر لەلای ئێمە دەچێ و کەچی هەمیشە وەک رازێک دەنوێنێ. ئەوێیەک کە هەمیشە لە بەرگی تەم و مژ پیچراوەو نایەوێ خۆی بەدەستەوە بدات. من تا چاو هەتەری کردووە لەو باڵندانەم رووانیوە کە بەرەو ئەوێ دەفڕین. باڵندە سپی و رەشەکانی ناو گەمەی تیشک و بەرزاییەکان. من کە دێمە ئێرە، چیرۆکی باوکمم وەک ئەم دیمەنانە دێتەبەرچاو: هەموو شتێ ئەگەرچی هەتا**

دوورەدەستەکان دەبینرێ، بەڵام هاوکات غەرقی ناو تەم و مژ. تەنیا خۆت روونی، ئەویش نەک بە دیتن، بەڵکو بە بیرکردنەوە و بەهەستکردن بە خۆت. خەیال، تەنیا خۆت روون دەبینێ. منی روون لەناو بێکەران تەم و مژدا. بیردەکەمەوە گەر موناتی حەوشەکەی ئێمە بێنە ئێرە، چییان لێدێت. جگە لە باوەگەورە، ئەویش سەردەمانی کۆن، بڕواناکەم کەسیان قاچیان خستبێتە ئەم بەرزاییانە. نە ژن، نە پیاو و نە منداڵ. دڵنیام هەر کەسێک لە ژیانیدا بۆ جارێکیش بێت دەبێ بە تەنیایی لەم شوێنانەدا بمێنێتەوە. دەنگ و بێدەنگیی سروشت لەناو تەنیایی خۆتدا. لەبەر با و لەژێر هەتاودا. تەنیاییەک کە لە بێکەراندا دەتوێتەوە و تۆ دەبی بە ئەو و ئەویش بە تۆ. دونیا لەیەک کاتدا هەم تۆ و هەم خۆی. لێرەدا هەموو خەم و هەموو قەرەباڵغییەکانی دەروون بزردەبن و تەنیا خۆت دەمێنیتەوە،... بەتاڵ لە 'بوون'. شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ باوکیشم رۆژێک لە رۆژەکانی ژیانی لێرە لەسەر ئەم بەرزاییە بووە و لێرەوە لەو دوورانەی رووانیوە و هەر لە چەشنی ئەم خەیاڵانەی من لەگەڵ خۆی بردوونی. مرۆڤی بێدەنگ، مرۆڤی پڕخەیاڵە. رەنگە ئەو فڕۆکەیەیش لەگەڵ خۆی بردی هەر بەسەر ئێرەدا فڕیبێ. کێ چووزانێ. خەڵکی خۆ ئەم شتانەیان لە بیر نامێنێ. ئەوان

هەر ئەوەندەیان گوت "ئەوەندە بەرزبووەوەو ئەوەندە دوور کەوتەوە تا بوو بە خاڵێک!" ئەوان سەرقاڵی گەورەیی و بچوکی بوون. کەم کەس بیر لە ڕێگاکان دەکاتەوە. ئەم خەڵکە بگرە هەر لە بنەڕەتدا رقیان لە ڕێگاکانە. ئەوان هەمیشە حەز دەکەن لەم شارە بژین و هەر لێرەیش بمرن. چەندە خەمگینیشە مردن هەر لەو شوێنەی لێی لەدایک بوویتە. چاوخشاندن لە کاتی پیری و سەرەمەرگدا بەسەر هەمان ئەو شتانەدا کە بە لاویەتی و بە منداڵی بینیوتن، بەڵام هەر لەو کاتەدا مردن لە شوێنی تریش دەبێ چەندە خەمگین بێت لەکاتێکدا ئارەزووی بینینەوەی شوێنەکانی ڕۆژانی زوودەکەی. هەڵبەت من پێم وایە مەرگی یەکەم خۆشترە. ئەم مەرگە لەگەڵ بیرەکەی منیش واتە نەتەوەیی بوونەکەم دێتەوە. پیاوی نەتەوەیی ئەگەرچی شوێنی لەدایکبوونی بەدەست خۆی نیە، بەڵام هەمیشە خۆی شوێنی مەرگی خۆی هەڵدەبژێرێ. ڕێک وەک هەڵۆ کە کاتی مەرگی، خۆی دەگەیەنێتە ئەو بەرزاییانە،... ڕێک ناوەڕاستی ئاسمان. خۆشحاڵم باوکم سەرەڕای ئەوەی چیرۆکەکەیم لێ ونە بەڵام هەر لێرە مردووە. هەست دەکەم بە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم دەست و هێزێکی نهێنی منی بە شوێن ئەودا راکێشاوە. باوکم لەراستیدا لە مندا درێژەی هەیە، بەڵام گەر من نەتوانم چیرۆکی ژیانی

بخوێنمەوە، چۆن دەتوانم میراتگری بم؟ لێرەدا پێکەنینم بە ئەقڵی باوەگەورە دێت کە هەمیشە دەڵێ تەنیا 'شت' بە میرات بەجێ دەمێنێ. ئەوەیکە گوایا هەرچی شتی ترە ئێمە لەگەڵ خۆمان دەیبەین و تەواو. ئەو چەند بێڕەحمە! لەخۆوە نیە ئەوەندە پێدەکەنێ،... بە وەخت و ناوەخت. پیاوێک کە قەت شوێنی چارەنووسی کوڕەکەی نەکەوت و بێ خەم لەم شارە لێی دانیشت و تەنیا و تەنیا چاوەڕوان مایەوە. پیاوێکی بێ غیرەت و ترسنۆک. ئیستا دەزانم سەرچاوەی هیشتنەوەی بنەماڵە لە دەوری یەکتر تەنیا غیرەت و ئازایەتییە و بەس. ئەم بنەماڵەیە لەو حەوشەدا مایەوە چونکە شوێنی تریان نەبوو، بەو باوەگەورەیەوە کە تەنیا بە جەستە لەوێ بوو و بەس. لەبیرمە جاروبار لەم حەوشەیە باسی سنور و ئەودیویان کردبوو. بۆ وێنە خولە دۆڵمە دەیگوت "بەرێکەوت رەنگە رێگای هەر کەسێک رۆژێک لە رۆژان بکەوێتە ئەوێ،... ئیتر وایە!". کارمەندی خۆشگوزەران لەسەردەمی پەنجاوحەوت کتوپڕ سنور و ئەودیوی کەوتە سەر زار و بە وەخت و ناوەخت هەر لەخۆوە باسی دەکرد. لای ئەو ئێمە بەو سنورەوە خاوەن مانا بووین. بەڵام لەهەمان کاتدا پێی وابوو نابێ هەوڵبدەین شتێ بەجوانی بناسین و بە هەنگاوەکانیشمان بیبڕین و ئاودیوی کەوین. لای

ئەو ئەمە دەبووە هۆی ونبوونی خۆمان و سەرگەردانیمان. دەیگوت "لێیگەڕێن با لەوێ بێت وەک هەمیشە، نەناسراو و دوور... دێو و درنجەکان لەوێن!" من پێم وایە لە هەموو قسە و سەرنجەکانی کارمەندی خۆشگوزەران تەنیا ئەم بەشەی پیشانی دەدا کە خاوەنی کتێبخانەیە لە ماڵەوە! نازانم چۆن چۆنی ئاوای بۆ دەهات! پێم وابێ لە راستیدا هۆکارەکەی نەک کتێبخانەکەی، بەڵکو جۆرێک لە ترس بوو کە فێری دەکرد لە خەڵوەتی خۆیدا جار و بار بە قووڵی بیری لێبکاتەوە. بۆ ژنەکانیش، ئەو دیو، زیاتر باسی قاچاخ بەتایبەت قاچاخی رۆن بوو. ئەویش بەهۆی ئەو دراوسێیەمانەوە بوو کە کاتی خۆی لە حەوشەکەیاندا لە مەنجەڵی گەورە گەورەدا رۆنیان دەکوڵاندن و دەگوترا دەیاننارد بۆ ئەو دیوی سنور. جاری وابوو یەک دوو رۆژێ دەنگی پەڕەمێز گەڕەکی بەرنەدەدا. ئەو رۆژانە تەنیا رۆژانێ بوون دەنگی زریکەکانی گوڵەلێوبەبزە ئەو تیژاییەیان نەدەما و گوێ کەمێک دەحەسانەوە. بۆ کاوە شێلمیش، سنور بریتی بوو لەو پیاوە دێهاتییانەی بە جامانە و پوزڵاخەوە زستانان لەدەوری داشقەکەی کۆدەبوونەوە و بە لەزەوە هەڵمی شێلمی گەرم لەگەڵ هەڵمی دەمیان تێکەڵ دەبوو. زۆر جار کەبەرەخوار دەمبەوە و روو لە ماڵەوە

دەکەمەوە، بە دەم ڕێگاوە هەست دەکەم لەو دیو سنوور جووتێ چاویش لەگەڵ هەموو شتە نهێنی و پڕ تەم و مژاوییەکانی تر لێم دەڕوانن. وەک بڵێی لەوێیش کەسێکی وەک منی لێیە کە بە هەمان خولیا و شێوازی ژیانەوە دەژی. کێ چووزانێ!

ڕۆژێ دیسان بە هەڵکەوت کاتێ بە شەقامدا تێدەپەڕم، پیاوێکی یەکجار پیری گۆچان بەدەست دەبینم لە بەردەم سەکۆی چاخانەیەک هەڵتروشکاوە و لە کاتێکدا بۆ بینینی هاوڕێکەی تەنیشتی بە تووندی چاوەکانی کۆدەکاتەوە و ورد ورد لێی دەڕوانێ، باسی فڕۆکەیەک دەکا. هەنگاوەکانم سست دەکەمەوە و لە تەنیشتیاندا رادەوەستم. پیرەمێردەکە باسی ئەو ساڵە دەکا. باسی ئەو فڕۆکەیەی باوکمی برد. ئارام لێیان نزیک دەکەومەوە و دەچمە ناو قسەوباسەکەیانەوە. دەپرسم دەکرێ داخۆ بە وردی بۆ منیشی باسکەن. ئەوەی من دەستم کەوت ئەمە بوو کە تەیارەیەکی زلی ئاسنین بوو، ترەترِی گوێی کەڕدەکرد، حەشر و حەلەلایەک بوو نەبێتەوە، لە پێشەوەی ریزی پیاو ماقوڵەکان کەسێکی جل و بەرگ عەجەمی بە دەستەگوڵێک بە دەستیەوە، گەرم بوو، تەپ و تۆز، پیاوێکی تورە و ناوچاو گرژ دابەزی، ماشینێک لەگەڵ خۆی هەڵیگرت و ڕۆیشت، لەوسەرەوە جگە لە چەند مەئمورێ و ماشینێکی تر

**کە بە چەند چەکدارێ بە شوێنیانەوە دەبێ، پیاوێکی تریش بە دەستی کەلەپچەکراوەوە لە گەڵیان، ئەو پیاوەی قژ و ریشێکی زۆری هەیە و کە بەرەو تەیارەکە دەڕوا دەبینن کەمێک دەشەلێ. دەشەلێ!؟ خۆم دەهاومە قسەکانییەوە و دەڵێم هی کورتیی قاچەکانی بوو یان بریندار بوو؟ پیاوە پیرەکە دیسان چاوەکانی کۆدەکاتەوە و ماوەیەکی چاک رادەمێنێ، ئەوسا دەڵێ کە پێی وایە هی کورتیی قاچەکانی بووە. چونکە شەلینەکەی زۆر بوو.**

**کە دەڕۆمەوە بۆ ماڵ، بۆ ئەوەی باوەگەورە بهێنمە قسە، دیسان تفەنگی بادییەکە هەڵدەگرمەوە و دەچمەوە بۆ راوە چۆلەکە، وەک هەمیشە ئەویش بە توورەکەیەک بە بەر پشتێنەکەیەوە لەگەڵمە. لە دووای پێنجەمین راو لە کاتێکدا سیرەم لە شەشەمی گرتووە لێی دەپرسم کە بۆ نەمزانیبوو باوکم شەل بووە. باوەگەورە بە سەرسوڕمانەوە سەیرم دەکا و دەڵێ "شەل!". ئەم چۆلەکەیەیش دەکوژین. پێی دەڵێم بۆ ئەمڕۆ ئیتر بەسە! باوەگەورە ئەویش دەهێنێتەوە و دەیخاتە ناو توورەکەکەیەوە و دەڵێ حەوت دادنەن! من ناباوەڕانە سەیری دەکەم. دەچمە سەر توورەکەکە و ئەمجارە بۆ خۆم دەیانژمێرم. باوەگەورە راست دەکا،... حەوتن!**

ماوەیەکە مەنێ بوغزن چیتر تاقەتی ئەم زیقە زیقەی نەماوە. کاتێ گوڵێ دەقیژێنێ، ئەویش بە دەنگی بەرز دەستدەکا بە جوێندان. ئەوەی دەیڵێ نایڵێتەوە! فاتێ کاتێ گوێی لێیە بە ئارامی شانی دەنێ بە قەراخ پەنجەرەکەوە و فرمێسکەکان وەک هەمیشە دیمەنەکەی بەردەمی لێڵ و لەرزۆک دەکەن. لە لای، ئەم رۆژانە دونیا زۆر گۆڕاوە. ئەوەندە گۆڕاوە کە هیچ هیوایەک لەدڵیدا نەماوە. بگرە بە سەرەتاتکێیش. ئەگەر جاران پێی وابوو رەنگە رۆژێک کتوپڕ هەموو شتێک، جا بە هەر هۆیەکەوە بێت، سەرەوقون بێتەوە و ئەم رۆژە ناخۆشانە بڕۆن و گوڵی دیسان ببێتەوە بە هەمان گوڵێی سالانی ساڵ لەوە پێش، هەنووکە هەم دونیای دەرەوە و هەم ناوەوەی خۆی پێی دەڵێ ئیتر هەموو شتێ گوزەرا. هەڵس و کەوتی پڕ لە سووکایەتیی مەنێ یش ئەوەندەی تر دۆخەکەی لێ خراپتر کردووە. لای، ژیان لەم حەوشەیە چی بە بەرەوە نەماوە. رۆژێک روودەکاتە خولە و پێی دەڵێ کە پێی سەیرە بۆ هەتا ئیستا بیری لەمە نەکردووەتەوە لەم حەوشەیە بڕۆن، دەڵێ دەبا هەر لە یەکەم رۆژەکانی دووای کارەساتەکەوە رۆیشتبان، بگوێزنەوە، هەڵبەت نەک بۆ گەڕەکی تر، بەڵکو بۆ شاران، باسی مەنێی بۆ دەکا. ئەمانە دەڵێ و لە دەروونەوە دڵی دەلەرزێ. جیهان لەبەر چاوەکانیدا وەک

**ئەشکەوتێکی تاریکی لێدێ. جێهێشتنی شوێنێک کە تازە هەم تۆ بووی بە بەشێک لێی و هەم ئەو بەشێک لە تۆ، زیاتر لە کارەسات دەکا تا شتی تر. لەچاو ئەم هەستە هەموو ماناکانی تر لەبەرچاویا وەها بچووک دەبنەوە کە حەزدەکا وەک کچەکەی بزریکێنێ. خولە سەری دادەخا و بە جوانی گوێ دەگرێ. بێ ئەوەی شتێ بڵێ، رادەبێ و دەچێتە حەوشە. رێک بەرەو ژووری کچەکەی. وەک بڵێی لە دووای ساڵانی ساڵ تازە کەشفی کردبێتەوە. دەچێ لەبەر پەنجەرەکە رادەوەستێ و لێی رادەمێنێ. گوڵێ بە بووکەکەیەوە سەرقاڵە. کاتێک هەست بە سێبەرێ دەکا، سەری بەرزدەکاتەوە و رێک لە چاوە خەمگینەکانی باوکی دەڕوانێ. بزەیەک دەیگرێ. خولە بە هەڵتروشکانەوە سەری بە شووشەکە دەنێ و بزەیەکی خوار سیمای دەکێشێ. بیردەکاتەوە باشە ئەم توفڵە مەعسوومە بۆ کوێ ببا،... روو لە کوێ بکا،... لە کوێ بەم زریکە سامناکەوە دەتوانێ بحەسێتەوە و خەڵکی تەحەممولی بکەن و رێزی بگرن؟... دەی ئەگەر هاتوو خۆی شتێکی لێهات کێ سەرپەرشتیان دەکا؟... ئەی دووکانەکەی؟... دەیان و دەیان پرسیاری تر. لە دەروونەوە تف دەنێرێ بۆ هەموو ئەو مەلا و شێخ و کەسانەی کچەکەی بردە لایان و نەیانتوانی رۆحە خەبیسە پیسە دانیشتووەکەی ناو**

پەیکەری ناسکی کچەکەی دەربێنن کە لەجیاتی رۆحە ناسک و جوانەکەی جاران ئازای ئەندامی داگیرکردبوو. باشە تا کەی دەبێ ئەم کۆڵە بکێشم؟... ئەم زریکەیە و ئەم خەمە تا کەی؟ کە رۆژێکیش بەرێکەوت یەکێک لە دراوسێکانی وتی بیبە سەر دکتۆر، وەها ترسێک بە دڵیدا گەڕا نەبێتەوە. ئاخر چۆن دەکرا کچێکی وەها بێنێتە کۆڵان و رێک لەبەر چاوی ئەم و ئەودا بیگێڕێ. لە پشت شووشەکەوە سەیری دەر و دیواری ژوورەکەی کرد. هەموو شتێ وەک جاران. ئەوەندەی نەبێ زەمەن سپیایی دیوارەکانی بەرە بەرە لەگەڵ خۆی بردبوو. ئێرە، بەو دەرگا و پەنجەرە بچووکەوە و بەو دیوارانەوە کە تا نیوە لە عەرزدا نوقم بوون باشترین شوێن بوو بۆ ژیانی گوڵێ. لە کاتی زریکە سامناکەکاندا، فاتێ دەستبەجێ ئەگەر دەرگا و پەنجەرەکە کراوە بوونایە، بەپەلە دەچوو و دایدەخستن و ئیتر ژیان کەمێک کپ تر دەبوو. بەڵام لە شاران چی بکردایە؟... تۆ بڵێی ژێرزەمینێکی لەم چەشنە لەوێش دەستکەوێ؟ بڵێی گەڕەکێکی وەها دەست بکەوتایە؟ خولە کە گەڕایەوە ژوورەوە، لە ژنەکەی ڕووانییەوە. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا دەستی خستە سەر شانەکانی و لە ئامێزی گرت. فاتێ داماو، داماوانە ئەوەندەی تر هەتا قووڵاییەکانی خۆی گریا. بەلام هاوکات چەندە هەستیشی بە ئاسوودەیی

دەکرد. باوەشی خولە ئەگەرچی بۆنی ئارەق و تەنەکە و سێبەری ناو دووکانەکەی دەدا، بەڵام چەندە پەنا بوو! خولە گوتی:

- "لێم راوەستە بۆخۆم چاری دەکەم،... ئیتر وایە!"

لەناو ژوورەکەمدا دێم و دەچم و دیسان بیر دەکەمەوە. باوکم گەر وێنەکانی بەسەر دەستی خەڵکەوە بووبن و ئەو وێنەیەیش لە بیناکە هێنرابێتە دەر، کەواتە بێگومان باوکم کەسێکی تر بووە. لە جنس و رەگەز و قورێکی تر سازکراوە. سەیرە! مرۆڤ بتوانێ بە بارێکی تردا بکەوێ بێ ئەوەی کەس و کارەکەی بزانن چۆن. بێگومان ئەو رۆژانەی باوکم لەدایک بووە و قەدی کێشاوەو گەورە بووە، باوەگەورە ئەوی وەک هەموو خەڵکی تری ئەم شارە و ئەم گەردوونە هاتۆتە بەرچاو. مرۆڤێک کە بەڵێن بوو ئاسایی بژی و ئاسایی بمرێ. بەڵام لەبەرچاوەکانیدا بە بێ ئەوەی بزانێ چۆن، کەسێکی تر لەدایک ببوو، کەسێک بە چارەنووسێکی ترەوە. جاری وایە هەست دەکەم باوەگەورە رقی لە ئێمە، لە کوڕەزاکانیەتی، چونکە هیچمان نەچووینەوە سەر کوڕەکەی. بیری ئەوەی باوەگەورە حەزدەکا ئێمەیش رۆژێک لە رۆژەکانی ژیان بۆ هەمیشە ون بین و ئەم حەوش و گەڕەک و شارە جێ بێڵین، جاری وایە دوچاری سەرسوڕمانم دەکا. ئاخر چۆن شتی وادەبێ؟

مەگەر یەکێک لە بناخە گرینگەکانی ژیان، پێکەوە بوون نیە هەتا دووا هەناسەکان؟... نا، راوەستن! ئەم بناخەیە لە کوێوە هاتووە؟ بۆ دەبێ وابێ؟ کتوپڕ بەسەر لایەنێکی گرینگی تری ژیاندا دەکەوم. رۆیشتن و دوورکەوتنەوە بە جەستە لە هەموو ئەو شتانەی کە عادەتمان پێگرتووە و دامەزراندنی دۆخێکی نوێ. بگرە بە مردنیشەوە. ئەوەی وا بە دیوێکی ترماندا دەخا و لەناکاو هەموو وێنەکە دەخا بە سەر دیمەنێکی تردا. رادەچەنم. بڵێی هەموو مەبەستی ژیانیش ئەمە نەبێ؟ عادەت و راپسکان لە عادەت؟ ئیستا لە گێژیی خۆم دەگەم! هەر ئەم رووداوە ورد و رۆژانەی ناو حەوشەکە ئاماژەن بەم یاسا نەگۆڕەی ژیان. بۆ وێنە چیرۆکی گوڵێ لێوبەبزە، یان کێشکەکانی کارمەندی خۆشگوزەران. ئەوسا بیری ساڵی ٥٧ دەکەومەوە. رووداوێک یەکجار گەورەتر لە حەوشە و گەڕەک و شارەکەی ئێمە. عادەت و راپسکان لە عادەت. ژیان لە بنەڕەتدا ئەمەیە. بیری بەنەتەوەیی بوونەکەی خۆم دەکەومەوە. پڕ بە ژوورەکە دەنەڕێنم و چەند چەپڵەی توند دەتەقێنم. ئیستا دەزانم تاقمەکانی باوەگەورە بۆ هەمیشە ئامادەی وەدەرکەوتن و پێکەنینن، هەنووکە دەزانم بۆ ئەو تاقمانە سەر بە هەموو شوێنێکدا دەکەن و بە هەموو رووداوەکانی ژیان پێدەکەنن. ئەو تاقمانەی کە باوەگەورە

بۆخۆیشی هیچ چەشنە کۆنترۆڵێکی نیە بەسەریاندا، ئەو تاقمانەی ڕەنگە لەو کاتەدا باوەگەورە لە تەنیایی ژوورەکەی خۆیدا خەمینە و دەگریێ، لە دەمە پیر و لێوە چرچەکانی دەترازێن و بەویش شێتانە پێدەکەنن. ئەوەی کە ژیان سەرتاسەر سیناریۆیەکە پڕ لە گاڵتەجاڕی. "ئێمە پێکەوەین بۆ ئەوەی لێک بترازین، لێک دەترازێین بۆ ئەوەی دیسان یەک بگرینەوە." تۆ بڵێی جارێکی تر باوکم لەم حەوشەیەدا ببینمەوە؟ دەکرێ بەشی دووهەمی ئەو گوتەیە بێتە دی؟ بەڵام مەرگ لەوە بێڕەحمترە مرۆڤ دەتوانێ تەسەوری بکا. هەندێ ترازان هەن کە دەبێ بۆ هەمیشە قبوڵیان بکەین. ئیستا دەزانم نەک تەنیا بیرەوەرییەکانی ئێمە، بەڵکو ئەو وێنەیەی باوکیشم کە لە ساڵی ٥٧ بەدەست خەڵکییەوە بوو، هەوڵێکن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو جۆرە لێک ترازانانە. ئێمە چ لە خەڵوەتی خۆماندا و چ لە سەر شەقام، بە شوێن دۆزینەوەی پێکەوەبوونەکانی جارانین. مرۆڤ تا مۆخی ئێسقانی رقی لە ونبوونەکان و لە لێکترازانەکانە. ئیستا دەزانم بۆچی سەرەڕای قیژەی ناخ هەژێنەر و ناخۆشی گوڵێ، موناتی ئەم حەوشەیە دەست لە گوڵێ بەرنادەن، ئیستا دەزانم کە کارەساتی نامووسی ئاسانترە لە دەست لێکبەردان. ژیان بریتییە لەهەموو ئەو شتانەی کە هەنووکە

هەمانە و بەس. کە لەدەستیشمان دان ئەوا بیرەوەرییەکان وەها ژیان داگیردەکەن کە جاری وایە وەک هەرەس بەسەرماندا دێن و ئیتر هەموو شتێک دەبێ بەو هەرەسە. ئیستا دەزانم بەنەتەوەیی بوونەکەی منیش تەنیا هەولێکە بۆ هێشتنەوەی ئەو بیرەوەریانە و ئیتر هیچ. من بە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم دەمەوێ هەم جارانی گوڵێ و هەم جارانی باوکم بگێڕمەوە بۆ ئیستا. لەخۆوە نیە خەڵکی پێیان وایە لە نێوان بەنەتەوەیی بوونەکەی من و زریکەکەی گوڵێ لێوبەبزە پەیوەندێک هەیە سەرەڕای ئەوەی ئەو رۆژە، هەینی، نیوسەعاتیان نێوان بوو،... سەرەڕای ئەوەی ساڵانی ساڵ بوو لە ونبوونەکەی باوکم تێدەپەڕی.

خولە ماوەیەکە لەچاو جاران زۆرتر دەچێتە مزگەوت. لەپای مینبەر دادەنیشێ و هەتا دووا وتەکانی مەلا گوێی لێدەگرێ. پاشان بەکاوەخۆ هەڵدەستێ، پێڵاوەکانی لەپێدەکا، تەسبێحە درێژەکەی دیسان بەدەستەوە دەگرێتەوە و دەکەوێتەوە ناو دونیای خەیاڵاتی. وتەکانی مەلا چەند ئارامی دەکەنەوە. چ پەیوەندێک لەنێوان ئەو روخسارە و ئەبەدییەت دا شک دەبا. لە دڵەوە خۆزگە بە مامۆستا دەخوازێ و بەخیلی بە ئارامش و بە ئیرادە و بە باوەڕی دەبا. ئیستا دەزانێ چەندە لەهەڵەدا بووە کە تەواوی تەمەنی لەو دووکانەدا بردووەتەسەر،...

**ئیستا دەزانێ کە ژیان تەنیا پارەپەیداکردن و شاردنەوەی لە تەنەکە پووتێکدا نیە،... ئیستا دەزانێ گەر هەر لەسەرەتاوە کەمێک دۆعای بەخێری بۆ رۆحی باوکی بکردایە و ئەوەندە زوو فەرامۆشی نەکردبا، رەنگە ژیانی بە بارێکی تردا دەکەوت و منداڵێکی چڵمنی وەک کاوە شێلم هەموو ژیانی بە کردەوەیەکی بێ ئەقڵانە و گەوجانە نەدەکردە کارەسات. هەست دەکا هەمووی ئەمانە بۆ کەمتەرخەمییەکانی بە تایبەت لە ئاست باوکی دا دەگەڕێتەوە. بەڵام ئاخر خۆ تاوانیشی نەبوو، ئەمە چ باوکێکە کە ئاوەها بەسەر منداڵیدا بێنێ؟ ئەمە چ باوکێکە تەنیا بە شوێن ئارەزووی خۆی بکەوێ؟ بەڵام ئیستاکە خولە دۆڵمە پەشیمانە. بیردەکاتەوە پیاو نابێ سەرەڕای هەموو شتێ، پشت لە باوکی خۆی بکا، رقی لێهەڵبگرێ و بەم شێوەیە فەرامۆشی بکا. رۆحی باوکی لە شێوازی تۆڵە گەڕابووەوەو رێک بە گوڵێوە نیشتبوو کە لاوازترین کەسی ناو بنەماڵە بوو. هەمیشە وابووە، تۆڵە لەکەسی لاواز دەکرێتەوە، واتە کەسی لاواز لە بەشی لاوازی دەکاتەوە. بەم بیرانەوە سەری دێشێ. لە دووکانیش بەپێچەوانەی جاران کە بە ئیشتیا تەنەکەکانی دەکوتا و دەیبڕێن و ئەم دیواودیوی دەکردن، ئیستاکە دەستی جاری وایە بە چەکوچەکەوە دەمێنێتەوە و نیگای لەسەر**

تەنەکەکەی بەردەمی چەق دەبەستێ. هەموو شتێ لەبەرچاوەکانیدا زۆر خاو بوونەتەوە. ژیان خێرایی جارانی نەماوە. بگرە زۆر جار ئاگای لە سڵاوی خەڵکی ڕێبواریش نیە. لەسەر وەختی خۆی وەعدەکانی جێبەجێ ناکا و خەڵکی لێی عاجز دەبن. خولە پاڵدەداتەوە و چاوەکانی دەقونجێنێ و خەیاڵات دەیباتەوە. بەڵام نا، سەرەڕایی هەموو شتێک دەبێ کارەکەی ڕاپەڕێنێ. ئیتر بەسە! چەرخی ژیان چیتر ناتوانێ بەم چەشنە بگەڕێ. کە کۆن بوو دەبی بیگۆڕی. کە ژەنگی هەڵێنا دەبێ فڕێی دەی. خولە ئامادەی ئەم گۆڕینەیە. ئاوا بڕوات ژنەکەیشی لەدەست دەچێ. فاتێی داماو کە لە ژیانیدا هەمیشە دەستەمۆ بووە و قەت بە گژ هیچ شتێکدا نەچووەتەوە. کە بیر لە فاتێ دەکاتەوە، بزەیەکی تاڵ لێوەکانی دەگەزێ. ئەو ژنەی ئەگەرچی ئەم وەک بوونێکی ئاسایی لەناوماڵەکەی خۆیدا سەیری دەکرد، بەڵام ئیستاکە دەبینێ خاوەن چ مانایەکە. شتە ئاساییەکان هەمیشە مانا گەورەکانی ژیانن. بیردەکاتەوە گەر ئەقڵی ئیستای هەبوایە لانیکەم بە خاتری فاتێ یش بووایە هەر زوو لەو حەوشە نەگبەتە دەیگواستەوە و ژیانیان لە شوێنێکی تر دەستپێدەکردەوە. چەند ڕقی لە خۆیەتی کە قەت بەو شێوەیەی پێویستە فاتێی نەبینی،... قەت قەت. ئاخێک هەڵدەکێشێ.

ئیستایش دەبێ لەبەر فاتێ ئەمە بکا. نا، فاتێ نابێ بتوێتەوە. دەبێ بەر بەمە بگرێ، هەر چۆنێک بێت. فاتێ دەبێ بمێنێتەوە. چ تاوانێکی کردووە دەبێ ئەم هەموو خەم و خەفەت و ئەشکەنجەیە لە ژیانیدا تەحەمول بکا. مەگەر فاتێ چ تاوانێکی کردبوو. ئەوەتەی لەبیری دێ ئەو ژنێکی داماوی دڵ و دەروون پاک بووە. هەموو شتێکی لەپێناوی خەڵکی تردا بووە. خۆیەکی ون لەناو دەریای ئەوانی تردا. بێ بەزەییەکانی تر. ئەو ئەوانەی قەت نەیانویست فاتێ ببینن، بگرە بە خولێ خۆیشییەوە. بەڵام نا، خولە بیردەکاتەوە ئیستاکە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە فاتێ ببینرێ، فاتێ دەبێ بگەڕێتەوە ناوەند. دەبێ ببێ بەو هەتاوەی هەموو هەسارەکانی تر بەدەوری ئەودا بسوڕێنەوە. ئەو هەسارانەی هەر کامەی رێگای خۆیان گرت و بۆیە بەسەر تاریکستانیدا کەوتن. هەسارەکانی نوقم و ونبووی ناو رێگایەکی بێکۆتایی پڕ لە ئەستێرە مردووەکان،... گۆڕستانی ئەستێرەکان،... ئەو شوێنەی وا تەرمە ـ ئەستێرەکانیان تیا ناشتوون. ئەوەی یاسای خودا و سروشت بشکێنێ، وەهای بەسەردێ. وە شوکریش بۆ خودا کە هەمیشە سەبەبێک دروستدەکا بۆ ئەوەی هەموو شتەکان سەرلەنوێ بچنەوە سەر رێبازی راستەقینە و دروستی خۆیان. ئەو ئەم رستەیەی دووایی لە مامۆستا

بیستبوو. مامۆستا کاتێک لە خوتبەی ئەو ڕۆژەیدا گەیشتبووە ئەم ڕستەیە پەنجەی ئاماژەی بەرزکردبووەوەو چەند جار سوپاسی گەورەیی حەقتەعالای کردبوو. لەناو خەڵکەکەیش دا یەک دووانێک بگرە بە خولەوە گریابوون. خولە ئەو ڕۆژانەی داهاتووی دەهاتە بەرچاو کە فاتێ لە دووای ڕەنگە ماوەیەکی دووردوودرێژی خەفەت خواردن و گریان، سەرئەنجام وەک جاری جاران، وەک پێش کارەساتەکەی گوڵێ ی لێدەهاتەوە و ئیتر ئەم سەردەمە پڕ لە ڕەشی و نەهامەتییە بۆ هەمیشە کۆتایی پێدەهات. خولە دۆڵمە دڵنیا بوو کە وەهای لێدێت. ئاخر لای ئەو فاتێ هەمیشە خەمی زیندووەکانی زیاتر دەخوارد تا مردووەکان. زیندووەکان لای ژنەکەی هەمیشە لەپیشەوە بوون. فاتێ وەها درووست کرابوو کە هەمیشە بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە وا زیندووەکان دەمردن و بۆیە بەو پەڕی سۆز و خەم و خۆشەویستییەوە ڕووبەڕوویان دەبووەوە، بەڵام،... بەڵام مەگەر مەنێ بوغزن لەمە دەگەیشت! کە دەگاتە مەنێ، ئیستاکە هەست بە ڕقێکی سەیردەکا. مەنێ، ئەو بوونەوەرەی کە ڕێک بە پێچەوانەی فاتێ بوو. پڕ لە خۆی، ئەوەندە پڕ لەخۆی کە جاری وابوو خۆی لە خۆی سەرڕێژی دەکرد و ئیتر مرۆڤ نەیدەزانی لەگەڵ کێ دەدوێ و کێیە دەیبینێ و لەبەر چاوەکانیدا هەڵبەز

و دابەزیەتی. نەفرەت لە کارمەندی خۆشگوزەرانی برایشی کە بەو کتێبانەیەوە تەنیا کەرێک بوو و بەس! ئەدی تەنیا کەرێک بووا! خولە ئەم رستەیەی لەبەر خۆیەوە چەند جارێک دووپاتکردەوە و هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەو بەشەی بە کاوە گەیشتبوو تا ئەو بەڵایە بەسەر کچە بەستەزمانەکەیدا بێنێ لە مەنێ بوغزنی دایکییەوە پێی گەیشتبوو. ئاخ مەنێ! ئاخ کە لە پاش خۆیشت تەنیا رق و ناشیرینی جێ دێڵی!... ئاخ! ئەم بیر و ئەندێشانە ئەوەندەی تر خولێی هەڵدەخڕاند و لەسەر بڕیارە تازەکەی مکوڕی دەکرد. لەبەر خۆیەوە وتی سمێل کە هات دەبێ مقەستی بۆ هەڵگرێ. مقەستەکەیشی هەڵگرت. رۆژێک خۆی بە دووکانی سەعا کۆپەدا کرد کە خەریکی فرۆشتنی دەوادەرمانی قەدیمی بوو. سەعا کۆپە کە پیاوێکی لێوبەبزە و خۆش گفت بوو و بە هۆ  وبێ هۆ زۆر بە ئاسانی دەکەوتە پێکەنین، کاتێک دەرمانەکەی دایە، وتی "بەمەرجی ئەوەی چی مشک هەیە لە خانووەکەتاندا نەمێنێ،... ئەیچۆن بەمەرج،... هەتا خانوو کۆنتریش بێ، ئەم دەرمانە بڕشتی زیاترە، وەک بڵێی دەزانێ مشکی خانووی کۆن بێ حەیاترن!... هە هە هە...!"

من دیسان هەموو وێنەکان دەخەمەوە تەنیشت یەک. ئەمە دوواهەوڵمە. ئیتر لەم وەزعە ماندووم و هەستدەکەم لەمە زیاتر نایکێشم. هەر لە

بنەڕەتیشدا کەمێک لەبەرچاومدا نامەعقول دەنوێنێ کە کەسێک ئەوەندە بە شوێن دۆزینەوەی سەرەداوی رووداوێکەوە بێت کە خۆی لە خۆیدا هەر لەسەرەتاوە نامەعقول دەنوێنێ،... با بۆ کەسەکە زۆریش گرینگ بێت. باشە مەگەر ژیانی من چەندەیە کە ئەوەندە دەبێ بە یەک تاقە رووداوەوە سەرقاڵی کەم. مەگەر من بەڵێنە چەندە بژیم. سەیری دەورووبەری خۆم دەکەم. ژیان پڕە لە شتەکانی تر،هەر لە مرۆڤەکانەوە بگرە هەتا هەموو شمەکە بچوک و گەورەکانی تر. هەستدەکەم بۆ یەکەمجارە چاوەکانم بە دونیا هەڵدێنەوە. کتوپڕ سەرلەنوێ هەموو شتێ کەشف دەکەمەوە. ئەوانەی لەوێ بوون، دەگەڕێنەوە. دێنەوە ئەگەرچی هەمیشە لەوێ بوون! تیشک، رەنگ و شکڵەکان. دونیا هەناسەدەداتەوە. خوێن هەڵدێنێتەوە. هەناسەکەی، روخسارم دەگەشێنێتەوە، بەڵام،... نا،... راوەستە! دەبێ جارێکی تر هەموو شتێ بەسەربکەمەوە. بیر لە چیرۆکی توونی حەمامەکە دەکەمەوە، لە داستانی فڕۆکەکە و ئەفسەرە خۆشپۆشەکە، لە وێنەکەی باوکم بەسەر دەستەکانی ساڵی پەنجاوحەوتەوە، لە بیناکەی خەڵک سووتاندیان، لە مام وسوو و سەرئەنجام لە پیرەپیاوی بەردووکانەکە و چیرۆکی پیاوە شەلەکەی. ورد ورد بیریان لێدەکەمەوە. یەک یەک، دوو دوو، پێکەوە و

تێکڕا، جاری وایشە یەکیان لە گەڵ دانە دانەی ئەوانی تر دەخەمە پاڵ یەکتر. دیسان هەموو شتێ هەر لە جێگای خۆیدا دەمێنێتەوە. لەگەڵ یەک نایەنەوە. یانی هیچ شتێکی ئەوتۆ نیە ئەمانە پێکەوە بە جوانی گرێ بداتەوە. بۆ وێنە پێوەندی نێوان توونی حەمامەکە و وێنەی سەردەستانی ساڵی ٥٧، یان پەیوەندیی ناو بیناکە و ئەوەی پیاوە پیرەکە. جاری وایە هەستدەکەم گەمژەم. بۆچی ساڵانی ساڵە هەوڵمداوە ئەو وێنانە پێکەوە گرێبدەم کە لە ئەساسدا نەدەتوانرا پێکەوە گرێبدرێن؟ ئیستا دەزانم حەز و خەیاڵ چەندە دەتوانن مرۆڤ ئەوەندە ناواقعی بکەن و ئەوەندە لە خودی ژیانی راستەقینە دووری بخەنەوە کە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە دەبێ بەڕاستی سەری بە بەردا بدرێ. رقم لە باوکم و لە چیرۆکەکەی دەبێتەوە. لەباوکە خۆویستەکەم.

ئەو رۆژەی فاتێ داماو بەیانی زوو هەستا و لە پەنجەرەی ماڵەکەی خۆیانەوە سەیری ژوورەکەی گوڵێ داماوی کرد، من هێشتا لە خەوێکی قووڵدا بووم. فاتێ لە بێدەنگیی ژوورەکە سەری سووڕدەمێنێ، ئاخر گوڵێ هەمیشە زوو لەخەو هەڵدەستا و دەتوانرا هەست بە سێبەری جوڵەی جەستەی لەناو ژێرزەمینییەکەدا بکەی، ئەگەرچی کەمتر عادەتی هەبوو بەیانیان زوو بزریکێنێ. فاتێ وای لێکدایەوە کە بۆ یەکەم جارە

گوڵێ حەزی بە خەوی بەیانیانە و ئەمەی بە نیشانەیەکی باش لێکدایەوە. ئەوەیکە خەون و خەیاڵە ناخۆشەکان وازیان لێهێناوە و ئیستا بە ئارامی و بەو لێوانەوە بزەیەکی ون دەچڕن، سەری لەسەر سەرینەکەیەتی و خەون بە جیهانێکی ترەوە دەبینێ. گوڵێ بیری کردەوە دەی خوایەگیان،... دەی ئەمە سەرەتای رۆژێکی نوێ بێت،... سەرەتای ژیانێکی تر! ئەوەیکە ئەمشەو خولەیش چەند جارێک زیاتر لە جاران لەخەو هەستابوو و چووبوو بۆ ئاودەست، دیسان بە نیشانەیەکی تری لێک دایەوە. فاتێ لە خۆشیانا تاقەت ناگرێ و دێتە خوارەوە. بەئەسپایی بەرەو ئەوبەری حەوشەکە دەڕوا. پێ بەو تۆخڵە گوڵەبەڕۆژانەدا دەنێ وا کاوە شێلم بە ئیحتیمالی زۆر شەو درەنگان لەبەردەم دەرگاکەدا بەدەم جگەرەکێشانەوەترووکاندبوونی. ئەو تۆخڵانەی فاتێ هەموو رۆژێ گسکیان دەدا. کە دەگات، تەوێڵی بە شووشەکەوە دەنێ ولە دیمەنی ژوورەوە ورد دەبێتەوە. تا چاو عادەت دەگرێ، پێی دەچێ. ئەوسا بە سەرسوڕمانەوە دەبینێ گوڵێ دەمەونخون لەناو جێگاکەیدا کەوتووە بە بێ ئەوەی پەتووەکەی پێوەبێ. بە پەلە و بە دڵەڕاوکێ دەچێ درگاکە دەکاتەوە. دەچێتە ژوورەوە.

کاتێ دەنگی زریکەی فاتێ داماو حەوشەکەی تەنییەوە، من خەوم بەوەوە دەبینی کە رەنگە باوکم، مەحەی مام رۆستەم، ناسراو بە مەحە سەروپێ، لە راستیدا ئەو بەیانییە زووەی وا بزر بوو خەریکی بڵاوکردنەوەی ئیعلامیە و راگەیاندن و شتی لەم بابەتە بووبێ. ئەوسا پێیان زانیوە و هەڵاتووە و خۆی کردووە بە توونەکەدا، بەو هیوایەی چەکدارەکان نەوێرن بچنە ناویەوە و بیگرن، بەڵام تفەنگ لەوە زاڵمترە. هێناویانەتەوە دەرەوە و بردوویانە بۆ بیناکە، لەوێ وێنەیان گرتووە و پاشان لە سەربازخانەکە دایانناوە هەتا ئەفسەرە خۆشپۆشەکە بە فڕۆکەکە ئەو رۆژە گەرمەی هاوین هاتووە بە شوێنیدا. ئەوەیکە مام وسوو ئەو بەیانییە نەیبینیوە و ئەوەیکە پیاوەپیرەکەیش بە چیرۆکەکەی خۆی دانی بەمەدا نەنا، مانای ئەوە نیە ئەمە راست نیە. زۆر سادە، مام وسوو لەو کاتەدا لەوێ نەبووە (یان لەوێ بووە و خۆی لێ گێڵ کردووە) و، پیاوەپیرەکەیش بەجوانی رووداوەکەی ئەو رۆژەی لەبیرنەماوە (رەنگە هەر ئەو ساڵانەیش چاوەکانی زۆر کز بووبن). بۆیە کاتێک دەنگی زریکەکە هات، پێم وابوو کەسێک بە ئەنقەست لەخەو دامدەچڵەکێنێ کە ئەمە لەبیرنەبەمەوە و بۆ هەمیشە لە خاترمدا بمێنێتەوە و ئیتر وەک هەموو ئەوانەی لەم حەوشە و گەڕەک و شارەدا

دەژین، منیش دەستبکەمەوە بە ژیانی ئاسایی خۆم. کە خەبەرم بووەوە دەستبەجێ زانیم ئەو دەنگە دەنگی گوڵێ لێوبەبزە نیە و لە چەشنێکی دیکەیە. زریکەکە بەتەمەنتر دەهاتە گوێم. وەک هەموو ئەوانەی لەم حەوشەیەدا دەژیان، منیش بە پەلە و بە هەڵەداوان هەڵاتمە دەرەوە. فاتێ داماو بە دەنگی نووساوەوە کە دەڵێی لەو قووڵ قووڵاییانەوە لە ناو بیرێکەوە دەهاتە دەر، کە ئەو سەری دەگەیشتە ئەو شوێنەی رۆحی ئەو چۆلەکە پاسارییانەی تیابوو وا من و باوەگەورە کوشتبوومانن، شیعری بەسەر تەرمی کچەکەیدا دەخوێندەوە کە رەق رەق راکشابوو.

رۆژەکانی دوواتر کاتێک من و باوەگەورە دەستمان کردەوە بە چۆلەکە کوشتن، بۆ یەکەم جار لە بۆسەیەکی گۆشەیەکی حەوشەکەدا کە بە تەلیسە گڵ دروستمان کردبوو، باوەگەورە کە بۆنی شاتەڕەی دەدا، باسی کوڕەکەی، واتە مەحە سەروپێ، ی بۆ کردم، ئەوەیکە لەدووای مردنی ژنەکەی، واتە دایکی من، زۆر حەزی بە گۆرانی گوڵنیشانی خالقی بووە و بە تایبەت هەمیشە ئەو دێڕەی لەبەر خۆیەوە دووپاتکردووەتەوە، سەرەڕای دەنگی ناخۆشی، کە "هەرچەند کەوتمە غەریبی، نایشکێنم عەهد و پەیمان".

من بە گۆشەی چاو لە کاتێکدا سیرەم لە سەر گوێسبانە هەمیشەییەکە گرتبوو، ئەو گوێسبانەی شوێنی هەمیشەیی مردنی چۆلەکە پاسارییەکان بوو، لە باوە گەورەم روانی و ئەوسا بیرم لەوە کردەوە کە باوکم رێک لەدووای مەرگی دایکم ون بوو،... ئا،... رێک بەشوێن ئەودا. ئەوسا ئەودیوی کێو و دەشتاییەکانی ئەو دیوی سنوورم هاتنەوە بەرچاو.

دیسان گشتی چیرۆکەکە لە مێشکمدا کەوتەوە خولە خول. بۆ ئەوەی رووبکەمە باوەگەورە، گلێنەی چاوەکام زیاتر بچووک کردەوەو، پێی دەڵێم:

ـ "بەشکم ئەمجارەیان جووت بێ جووت!"